# گەشتێك ..

# بەنێو تەمەنی

# شەستساڵیمدا

ئەسعەد عەدۆ

٢٠١٦

## ناسنامەی کتێب

کتێب : گەشتێك بەنێو تەمەنی شەستساڵیمدا

بابەت : بیرەوەری

نووسینی : ئەسعەد عەدۆ

دیزاین : کۆمپیوتەری هیوا

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم/ هەولێر ٢٠١٦ .

چاپ : چاپخانەی رۆژهەڵات

مافی چاپکردنەوەی لەدەست نووسەرەکەیەتی

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (        )ی  ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

تەنیاو تەنیا  بەو کەسانە پێشکێشە :

## کە لە ژیاندا ڕاستگۆن ...!

ئەسعەد

له ڕوانگەی مێژووی زارەکی عەشیرەتی (بندیان) لەوەوە هاتوە.. گوایە باپیرە گەورەمان نێوی (یەڵدا) بوە، خەڵکی گوندی (هەرمۆتە) ی، نزیك (کۆیە) بوە، هێندێك دەڵێن : خەونی بینیوە! هێندێك دەڵێن : لە خزمانی تۆراوە بۆیە ڕووی لە میرایەتی (سۆران) کردوەو لەوێ بوەتە ئیسلام و نێونراوە (ئاودەل) لە ئیمانداری خۆیدا لە دواییدا بوەتە (شێخ ئاودەل)!

ئینجا ڕووی لە دەشتی هەولێر کردوەو لە قوشتەپە لای ئاغاکانی دزەیی گیرساوەتەوە، ئەوانیش چونکێ بوەتە ئیسلام ژنێکیان داوەتێ گوایە لەبەر هێندێ ئێمەیش بە ئاغاکانی (دزەیی) دەڵێین (خاڵ)! تەنیا بۆ پێکەنین.. کاتێ ئاغاکانی دزەیی لێمان زوویربن.. دەڵێن کارەکەرێکمان داوەتێ! ئەگەرنا گوایە قەیرە کچێکی خۆیان داوەتێ!!

کاتێ ئاغاکانی دزەیی بەرەو کەندێناوەو قەراج پەرتوبڵاو بوونە.. چوار منداڵەکانی ئاودەلیش دەگەڵ ئەوان پەرتەیان کردوە واتە (حەسەن — حەسەنی، ناصر- ناصری ، بەکر- سۆیی بەکری، محمد — فەقێ محەمەدی) واتە کۆی بندیان لەو چوار بەرەبابە پێکهاتوون.. لە (کوونە

فلووســـە، ئازیکەنـــد، خدرجـــە، دێمـــەکار، لاوەر، دیبەگـــە، قورشـــاغلو) دانیـــشتوون هـــەروەها چـــەند بنەماڵـــەی بنـــدیانان لـــە گونـــدەکانی دیکـــەی ناوچـــەکەیش وەك (عەوێنـــە، ســـێبیران، دۆلەبـــەکرە، ســـۆربەش، دووکەڵـــە، عالڵا) لە گەڵ عەشیرەتەکانی تر پێکەوە دەژین .

بە مەزندەی من کەمی بندیان لە رووی ژمارەوە بـۆ زەواجـی خۆبـەخۆ دەگەڕێتـەوە کـە زانـست ئێـستاکێ سـەلماندویەتی کـە ئـەمجۆرە زەواجـە لـە ڕووی تەندروســـتیەوە دروســـت نیـــە کـــە ززەن دەکـــەم بـــۆ دوو شـــت دەگەڕێتەوە:

١- بندیانـەکان خۆیـان حـەزیان نـەکردوە ژن بدەنـە خـەڵکی بێگانـە وەك نەریتی هێندێك خانەوادەی ناوەچەکە!

٢- لە هـەمان کاتـدا دوورنیـە خـەڵکیش لە ڕووی تازەبوونیـان بـە ئیـسلام زۆر بە پەسندیان نەزانیبێ کە ژنوژنخوازیان دەگەڵ بکەن !

هەروەکو دەگێڕنەوە باپیرەم (رەسول علی) پیـاوێکی لێهـاتووی زەمـەنی خـۆی بـوە (کـەواو سـەڵتەی دەبـەر بـوە) کـە گوایـە لیباسـی پیاومـاقولانی ئەوســـەردەم بـــوە، خێزانەکەیـــشی لـــە ڕێکوپێکیـــدا هـــەروەها لـــە ڕووی خانەوادەیشیدا (ئەسـتیلە) خوشـکی (حـاجی زێنـدین) بـوە، کـە لـە دواییـدا بـاوکم خوشـکێکم بـە نێـوی دایکـی دەکاتـەوە، تـا ئێـستایش لـە ڕێگـەی (زووری) کـە لـە گـەرەکی بنـدیانان بـۆی دەچـێ (کەنـدی رەسـول عـەلی) دەکەوێتە سـەر ئـەو ڕێگایـە.. بـەڵام بەداخـەوە ئـەو جوامێرە کە لە کاتی خۆیـدا جووتێـك هەسـپ و چاڵە گـەنم و ژنێکـی خـاتوون و چـوار منـداڵی وورد (عەبـدوللا، تـاهیر، خـدر، یاسـین) لـە پـاش جێمـاوە چـونکە بـە

کارەساتێکی نەخوازراو بە دەستی خزمان لەنێوچوەوە! هەر لەساڵی گرانیدا ١٩١٧ (تاهیرو خدر) لەنێو دەچن! ئەستیلە خاتوونیش لە خەموخەفەتی توانەوەی ماڵومنداڵ.. فەوت دەکا! تەنیا (عەبدوڵلا - عەدۆ) ی، تازەپێگەیشتوو (یاسینۆکەی) بەرخەوان.. لێرەو لەوێ بە هەزار ناری عەلی و دەردەسەری زێدە دژوار سمێڵان ڕەش دەکات و بە گەچفرۆشی تفەنگێکی ئینگلیزی دەکڕێ و تۆڵەی باوکی خۆی لە خزمان دەکاتەوە ئینجا بەرەو کۆشك و حەساری (خدری ئەحمەد پاشا) دەڕوات.. بۆ ماوەیەك دەبێتە (خزمەتکار!) تاکو بتوانێ لە دەستی (علی قامچی ڕەش [1]) دەربازی بێت، لە یەکەم تۆماردا لە (١٩٣٤) خۆی بە (عەدۆ)ناونووس دەکات! زۆرجار بۆ پێکەنین دەگێڕنەوە گوایە کاتێ قامچی ڕەش هاتۆتە ماڵی باوکم.. بە شێوەزمانی خۆی گوتوویەتی : ژنێ گۆج! کەرێ شەل! دەبێ ئەو پیاوە چ پیاوێك بێت؟! بەم بۆنەیەوە دایکم (زەرێخ – زلێخا) یەکەم ژنی باوکمە و خزمیشی بوە کە بە داخەوە منداڵی نەبوە بەلام ئێمەی هەموومان (گوستان، ستیلە، حسن، عثمان، عومەر، بەندەی بەخێوکردوە بە واتایەکی دیکە دایکی خۆمان (مامز) کە ئامۆزای باوکمە تەنیا نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی هەڵیگرتووین ئیدی باوەشی گەرموو نەرمی زەرێخی خۆشەویست خۆت بگرە وا هاتین! باوەڕ ناکەم لە دونیادا ئافرەتێك هەبووبێت زڕدایك – باوەژن - بێت، هێندە منداڵی هەوێی خۆی خۆشویستبێت و منداڵەکانیش هێندە هۆگری زڕدایکیا بووبن.. ئەوە

---

[1] - باوکی میلازم تایەر علی والیی یە .

ئێمەین!!

باوکم لە ژیانیدا (٣) ژنی هێناوە ١- زەرێخ رەحمان سولتان لە دایکەوە خزمبوون ٢- ئەسمەر لاوە علی ئامۆزای خۆی بوە ماوەیەکی کەم لای ماوەتەوە.. ئەوانە هەردووکیان منداڵیان نەبوە ٣- مامز مەلهەم علی ئەویش ئامۆزایەتی، سەرەتا لە گوندی شۆربەشی خدر کوڕێکیان دەبێت نێوی دەنێن (صابر) بەلام زوو دەمرێ.. ئینجا گوستان و ستیلەی خوشکم و جوانەمەرگی برام حسن عەدۆ، ئینجا عوسمانی برام (پەلەستوور) لەدوای ئەویش عومەی برام (عومەر عەدۆ) لە گوندی (قورشاغلو) دێنە دونیا.. دوا خاپەرۆکیش خۆمم! کاتێ دایکم بە من ئاوس بوە.. سپێدە زوو کاتێ دایکم زەرێخ مشکی [1]لەسەر گوفەك فرێدەدات پلکە هەیبەت خێزانی مام خورشید کە ماڵیان بەرامبەرمان بوە، دەپرسێ : ئەرێ زەرێخ، مامزی هەوێت دەرباز نەبوە؟ ئەویش دەڵێ : سوپاس بۆ خودا بەم بەرەبەیانیە خوا کوڕێکی پێداین، باشە هەیبەت ئەو پرسیارەت خێر بوو؟ ئەویش دەڵێ : ئەوشۆ خەونم بینی کە دوو پیاوی جلك سپی و درێژ هاتنە بەردەرگاو گوتیان : هەیبەت بە خارە عەدۆ بڵێ : کوڕەکەیان ناوبنێن (ئەسعەد) زەرێخی دایکم بە [2]هەلەداوان دەگەڕێتەوە ژووری و خەونەکە بۆ باوکم دەگێڕێتەوە.. باوکیشم دێتە لای پلکە هەیبەت تاکو خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە، هەر لەلای ئەوان باوکم بڕیار دەدات بەندە ناونرێ (ئەسعەد) .

---

[1] - پاشماوەی ئاگردان، خۆڵە مێش .
[2] - هاوتەمەن .

هـەموو جارێـك جوانەمـەرگی بـرام (حـسن عـەدۆ) بەپێكـەنین دەیگێڕایـەوەو دەیگـووت : كـاتێ تـۆ لـە دایـك بوویـت زسـتان بـوو، دووشەممەیش بوو، دونیا باراناوی بوو بەڵام نازانم كۆتایی ساڵی ١٩٥٤ بوو یان سەرەتای ١٩٥٥ هـەر زوو زوو گـوتم ئـەو سـەر گەورەیـەش لـە گۆشـتی مریشك بوو بە برابەش.. دەبێ باڵی بدرێتێ!! باشم وەبیرە كە میزم گیرا بەڵام نازانم چ ساڵێك بوو دایكم زەرێخ بە مژین بەردێكی بچووك لە زەكەرم دەردێنێ! خاڵم (نجم الدین مەولود شەكر) كە ماڵی لە (بەغدا) بوو بە شەمەندەفەر دەهات و لە وێستگەی (كەردز) دەهاتە خوارێ و حەسەنی برام بە وڵاخ دەیهێنایەوە قورشاغلو ئەمجارەیان (صباح) ی، كوڕی دەگەڵ خۆی هێنابوو كە ئاوقووفم ★ بوو.. بڕیاردرا لە كۆشی خاڵۆم سوونەت بكرێم! شەو لە گوند بوە دەنگە دەنگ و پیاوەكان بە چەكەوە كۆبونەوەو غربەغرب لە گەڕەكی بندیان تا دەهات بەرز دەبۆوە لە دواییدا بۆم ڕوونبووەوە كە ساڵی ١٩٥٩ ئەو هەرایە بۆ شەڕی برادۆستان — لۆلان بوو! بۆ بەیانی كەڵەبابی سەر بە پۆپیتەی سۆر بۆ ئاهەنگی سونەتی من سەر بڕا !

گوندەكەمان بەمشێوەیە دابەشكرا بوو لای ڕۆژهەڵات ئۆرمزیار بوون، ماڵی مەموند، بامەند، (گەراری — گەلاڵی — جاف) كە هاوپۆڵ و برادەری دێرینم سەعدی بابە خەلیفە لە وانن، هەروەها شوان، بەرەو باكوور بۆ نزیك گردی ئاغا ماڵی مامۆستا مەلا تاهیرو حاجی حەسەن سەرسۆر كە ڕەباتی بوون هەروەها ماڵی خارە ئەحمەدی.. بلباس بوون كە هاوپۆڵ و برادەرانی دێرینم كاك جمال مەولود و كەمالی خارە ئەحمەد و دكتۆر

پیرۆتی هاوبیرم لە وانن، هەروەها ماڵی حاجی مام علی و حەمەد مورادیش بڵباس بوون، دووکانی ناڵبەندی و تەنکەچی رەسولی حەمەد وەسمان و عوسمان سێویی پینەدۆز [1] دوو شوێنی دیاری گەڕەك بوون تا ئێستایشی دەگەڵدابێت ڕۆیشتنی خاڵ ڕەسول کە شەلایەتیەکەی زیاتر هەیبەتی بۆ دروست دەکرد لەبەرچاوانم وون نابێ.. جا چۆن باسی شەکرۆکە زەردە گەورەکەی دوکانی عوسمان سێوێ ژبیر بکەم کە چەند بەلەززەت بوو، گەنجانی گەڕەك لە تەنیشت دوکانەکەی شوێنی تایبەتیان بۆ (کەلایانێ) ئامادە کردبوو، ئۆرمزیارەکان دیوەخانەیەکی بەرچاویان هەبوو.. تەنیا لە دوورەوە بینیبوم.. حەمەدەمین سمایل و سوورەی برای دوو کەسی دیاربوون چونکە (پەستیان) هەبوو کە ڕۆژانە لە قورشاغلو بۆ دووگردکان، پڵینگە، ترپەسپیان، مێرخوزار بۆ جادەی قیر.. هەولێر، گەراجی جەلال خەلیل بەرامبەر یانەی فەرمانبەران خۆت بگرە هاتین! مستەوسەفی دکتۆرە کەرە (پزیشکیارێکی خەڵکی بەرتیلە بوو) هێمنی و مووکێشی خاڵ تایەری ئەحمەد داوود هەرچەندە خزمەتگوزار بوو بەڵام

---

[1] - عوسمان سێوێ بۆ پێکەنین بۆی دەگێڕاینەوە دەیگووت : خارە عەدۆ بە پیاوێکی تەبیعەت توونـد ناسرابوو! جارێکیان هاتە ئێرەو گەنجەکانیش (کەلاَیانێیان) دەکرد حەسەنی جوانەمەرگیش لە گەڵ گەنجەکان بە زەردەخەنەوە یاری دەکردو هەڵسوکەوتی زۆر هێمن بوو.. خارە عەدۆش جغارە لەسەر جغارەی دەکێشاو سەیری حەسەنی دەکردو سەری خۆی بادەداو لەپێش خۆی قسەی دەکرد! منیش بە پێکەنینەوە پێمگووت : ها.. خارە عەدۆ خێرە؟ ئەویش بە دەست بادان گووتی : عوسمان سێوێ هەر چەند سەر دێنم و دەبەم.. دەبی حسن لە من بێت؟! من سماق فرۆش ئەو کوڕەش ئەوەندە هێمن و لەسەرخۆ!

له غيابی دکتۆر خۆی هەموو شتێك بوو!، مەکتەب کە حسن سەرسۆرو عەزیزی مامۆستا خزمەتگوزاری بوون، بیری ئیرتیوازی که له ١٩٥٤ لێدراوه که عەدۆ قاوەچی شوفێرەکەی بوو، ئاش کە حەسەن سەرسۆر سەرپەرشتی دەکرد و وابزانم (جەوکەی مەلا شەل) بۆ ماوەیەك ئاشەوان بوو.. ئەو شتانه هێماکانی گوندە نازادەرەکەمان بوون و دڵنیام یادگاری تاڵوسوێری دەگەڵ هەر تاکێکی گوند هەیە.. هێمایەکی دیکەی ئەو گەڕەکە ماڵی وەستا علی صفار کە بە حەنەفی ناسرابوون خەڵکی دەوروبەری کرکوك بوون بە هیچ شێوەیەك لەبەرچاوانم ناسرێنەوە .

گردی ماڵی ئاغا که دیوەخانی سپی ڕوەو قیبلە بوو کەوتبوە باکووری گوند ، قەبرستانیش لە پشت گرد بوو بەلای باکوور، خوارووی گوند بریتی بوو له گەڕەکی (ئەوبەریان – لەك) که بە ماڵی مجید ئەوبەری، مام ڕەفیق، تۆفیقە شێت، مامۆستا ناصری ئاوڕەحمانی کە (عثمان) عوتەی تەهای مام ڕەفیقی هاوپۆل و برادەری دێرینم له وانە.. هەموو ڕۆژێك منو عوته هەر کەسە لە حەوشەی ماڵە خۆیان گۆرانی (مەیحانە مەیحانەی ناظم الغزالی)مان، دەچڕی! ماڵی ئێمە لە نێوان ماڵی مام ڕەفیق و خوومە[1]بوو.. ڕوەو باکوور بەرامبەر گردی ماڵی ئاغا کە کەندێك گوندەکەمانی دووکەرت کردبوو، گەڕەکی ڕۆژئاوا هەمووی بندیان بوون،

---

[1] - ئەگەر هەلە نەبم نێوی تەواوی مەولود ئاوڕەحمان بوو برا گەورەی مامۆستا ناصر بوو، باشم وەبیرە برایەکیان هەبوو بە نێوی (ڕۆستەم) بە نەخۆشی مرد، تازیەکەی لە دیوەخانی ئەوبەریان لە هزرمدا ناسرێتەوە، چونکە بۆ یەکەمجار بوو چێشتە غەریبانەم تێدا خواردوە .

بەڵام دیوەخانی بندیانان مەڵبەندێکی بزێو بوو بە تایبەت کاتێ حەرەس قەومی کەندێناوەی سووتاند خزمەکانمان لەسەرووی هەموویانەوە ماڵی مامۆستا مەلا ظاهر پەنایان بۆ قورشاغلو هێنا، ئەو ماڵانەی دەوروبەری دیوەخان بریتی بوون لە ماڵی مام وەیسەی باوکی مامۆستا شەوکەت، مام شێخ الله باوکی مامۆستا عمر دەشتەکی، کاکە ڕەزا، حاجی ڕەسول باوکی عەلۆی، شێمحەمەد سۆتە، حاجی صالح باوکی مامۆستا هادی، ئۆمەرە گەدە ، لە لای گردی ماڵی کەریمی تەبەق ڕەشی، عەدۆ قاوەچی، ڕەحمان بایز، لە کۆتایی گوند ماڵی مجید عەیشێ بوو.. بەلای ترەوە ماڵی حاجی حەمەد، حاجی شابان، مام عەزیز، ماڵی مەولود شێمحەمەدی، شێمحەمەد مازە باوکی هاوپۆڵم خدە، مام سولتان، ماڵی سەعۆ، حاجی تایەری حاجی زێندین، کەریمی حمە صالح باوکی هاوکارم (ئاسۆ کریم) ئەوانە شوانن، سەید مەولود باوکی سەید محمدی هاوپۆڵم، ماڵی سەدەی باوکی نورەی هاوپۆڵم، بەرامبەریان ماڵی مام خورشیدی ڕەزای باوکی هاوپۆڵ و برادەری دێرینم عومە کە دەکاتە کوڕی پلکە هەیبەت کە بە خەونی ئەو ناونراوم! هەروەها ماڵی مام سمایل نەخۆشی باوکی هاوپۆڵم مەغدید، صابر حاجی رەسول، ماڵی دایە شیرین دایکی حاجی محمدی حاجی ڕەسول (حەمە قەلۆ) کاتێ شێرۆی هاوپۆڵم پەنجەی وەبەر تراکتۆر کەوت هەر لەلای بووم بەسایەی ئەوە پلکە شیرین هێلکەوڕوون بارانی دەکردین وای چەند بەتامبوو! بە هیچ شێوەیەك ماڵی پلکە مۆتە لەبەرچاوانم وون نابێ چونکە هاوپۆڵم دکتۆر قاسم حاجی ئۆمەر لەوێ دەژیا.. ئەوەی شایانی باسە برادەری دێرینم کاك سعدی بابە خەلیفە ئاگاداری کردمەوە

کە ماڵی دەورێش عومری باوکی قاڵە بندیان نین بەڵکو جافن، هەردەم پلکە عەیشێی ئەحمەد داوود لەبەر دەرگا دادەنیشت لە چاوەڕوانی مامەی کوڕی کە لە دامەزراندنی کۆماری مەهابادەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتبوو سۆراغی نەبوو .

چۆن بتوانم ماڵی عەیشێی پلکە نێرگزو باوکی هیدایەت کە هاوپۆڵو برادەری دێرینمە لەیاد بکەم ئەوانە لە هۆزی لەکن، چونکە سێبەری دیواری عەیشێ نێرگزە هەردەم شوێنی کۆنفرانسی ژنانی گەڕەك بوە! هەر لەوێ ماڵی دکتۆرو مامان (خەجەکەلە)هەبوو کە دەگمەنن ئەو منداڵانە کە بە دەستی ئەو لە دایك نەبوبن یان ددانیان دەرنەهاتبێ! پلکە خەجەو حاجی حمدەمینی مێردی تەنیا دوو کچیان هەبوو حەنیف و مامز، بەندە وەك کوڕی ئەوان بووم لەلایەك بچوك بووم لەلایەك ئەوان کوڕیان نەبوو، سوپاس بۆ خودا مامزی ڕەحمەتی منداڵی زۆری لە خدری مام ڕەفیقی لەپاش جێماوە سڵاو لە گۆڕی هەموویان .

لەبەر ئەوەی حاکم رەحمانی کوڕی ئاغا کاتی خوێندنی هاتوە.. باوکی هەوڵیداوە لە ١٩٣٣ – ١٩٣٤ قوتابخانە لە قورشاغلو بکاتەوە، کاتێ ئەو تەواو بوە خەڵکەکە منداڵی خۆی نەناردۆتە مەکتەب بۆیە عەزیز ئاغا مەکتەبەکەی بردۆتە (عاڵلا) ئەوجارەیان لە ساڵی ١٩٥١ دووبارە تا ئێستا قوتابخانە لە گوندەکەمان کراوەتەوە.. کاتێ ئەم بیرەوەریەم دەنووسیەوە بەردەوام پەیوەندیم بە برادەرانی دێرینم کاك جمال مەولودو سەعدی بابە خلیفەوە دەکرد بۆ زانیاری وەرگرتن چونکە بە تەواوی لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٣ – ١٩٦٤ بەندە لە گەڵ کاك جمال مەولود، کەمالی خاڵ

احمد، سەعدی بابە خلیفە، شێرۆی حاجی محمد، نورەی سەدە، صابر حەمەد موڕادی، خدەی شێمحەمەد مازەی، ئەسعەدی سمایل موڕادی کێخوای عەلۆ، لە پۆلی سێی سەرەتایی پێکەوە بووین هێندێکیان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون، بەڵام لە هەمان ساڵدا باوکم بۆ خوێندن منی هێنایە هەولێر لە قوتابخانەی (ابن المستوفی) لای ماڵی خۆمان لە (تەیراوە) دەستم بەخوێندن کردەوە دوای چەند ڕۆژێك قوتابخانەکەمان گوازرایەوە بینایەی نوێ لای تانکی قائمقامیەت لە خۆشەویستی مامۆستا حامد حسن ئۆرمزیار کە لە (مەولەوی) بوو هاتمە ئەوێ.. واتە من لە ساڵی خوێندنی ١٩٦١ — ١٩٦٢ چوومەتە قوتابخانە .

ئەو شتانەی لە سەرەتای چوونە قوتابخانە کە لەیادم ماون ئەوەیە : هەموو بەیانیان پڕ بە قوڕگم شیعری (ئەی وەتەن، دایك، داری ئازادی) م، دەگوت و خەڵکی گوندیش بۆ گوێگرتن دەهاتنە لای قوتابخانە، ئەو پیاوە درێژو سەر بە فێسە لەیاد ناکەم کە شیرینقەی سیلی لە قوتابیان دەدا لە دواییدا زانیم نێوی (خدر وادی) باوکی ڕۆژنامەنووس (ریاض خضر وادی) بوو، دیدەنیم بۆ ئەو نەخشەیە کە لە سەری نووسرابوو (عیراق العجم، عیراق العرب) لەو ڕۆژە بەندە بە حەزرەتی دووبارە بوونەوەی ئەو نەخشەیەیە! مامۆستایەکانم ئەوەی لە یادم ماون (شمس الدین عمر برای میلازم فؤاد، شێخ جەواد ترپەسپیانی و مەلا حمدەمین کە هەردووکیان بە بڕیاری عبدالکریم قاسم لە مەلایەتی ببوونە مامۆستا.. حمیدە گچکەلە، حامد حسن ئۆرمزیار برای ئەحمەد ڕووسی .

کاتێ هاتمە هەولێر مامۆستا حامد ئۆرمزیار - علوم، مەڕبێن ، صلاح

سوار - حيساب، ئەسعەد مختار - وەرزش، بەشير بەڕێوەبەری مەولەوی بوو ، كمال - جوگرافيا، طارق سەيد حسن مێژوو، بطرس گۆرگيس وانەی ئينگليزی كە تا ئێستا مانگەكان بە ئينگليزی و بە پشتە دەست ئەزبەرمە هەروەها did – das بە مشك و پشيلەی دەيشوبهاند! هەروەها گۆرانی (وەن توو ثری فۆڕ فايف وانس ئايگووت ئەفيش ئەلايف)باسی ماسی تێدا بوو لە ياد ناكرێت! ساڵێكيان بە كەششافە چووينە شەقڵاوە – سەرمەيدان - جونديان.. شەوانە ئاهەنگيان بۆ دەگێڕاين منيش حەيران، شيعر، گۆرانی نازم غەزالی، خاڵە تايەرم دەگووت! برادەرێكی فەلە بە نێوی (نەزير) لە گەڵمان بوو گۆرانی (شەمسە زريقلا)ی، دەگووت! شايانی باسە كاكە نەزير خوشكێكی هەبوو بە نێوی (نەزيرە) لە سەرەتای حەفتاكان بە سستەری لە (كەربەلا)م، بينی بەڵام خۆيان خەڵكی عێنكاوە بوون.. ئێستايش خەڵكانێك هەن بە نێوی داری ئازادی بانگم دەكەن!

ڕەنگە لە نێوو وەسفی قورشاغلو زێدەڕۆييم كردبێت بەڵام بۆ هێندەم بوە كە خوێنەرم دێتە نێو گوند پێويستی بە پرسياركردن نەبێت.. ماڵ ماڵی گەڕەكەكان بناسێ! هەروەكو گوتم باوكم ماوەيەك بە خزمەتكاری خۆی لەلای خدری پاشا حەشاردابوو ئينجا هاتە لای ئاغەی قورشاغلو ماوەيەكيش بە خزمەتكاری لای ئەو مايەوە لە دواييدا بوو بە عەدۆ ڕەسوڵی كوتاڵفرۆش سەرەتا بە گوێدرێژ ئينجا بە كەرو عارەبانە لە دواييدا بەقاڵيشمان تێكەڵ كرد لەو گوندانە دەسوڕاينەوە : سۆربەشی خدر، دووكەڵە، هەرسێ قووڵتەپە، قازيخانە، باشتەپە، دووگردكان، ترپەسپيان، باقرت، منارە، سێبيران جار جاريش جديدەی لەكان، كرين و

فرۆشـتنمان بـە ئـالوگۆڕ بـوو.. فـڕووج، هێلکە، هـەنگوین، گەنموجۆ، علـی شـیش (هـای کووتـار، تەختـە خریلـە، صـابونی کـۆڕێ، برنجـی صـدری، شەکروچا، صابونی بۆنخۆش) بـەم زاراوانـە گونـدەکانمان واگادێنـاو بـۆ لای خۆمانمان ڕادەکێشا، ئەوە حالی خانەوادەی ئێمە بوە تا (حەمەی صابر) لـە ١٩٦٣ هات ماڵی سمکۆی مجید ئەوبەری سووتاندو خـەڵکانێکی دارکاری کـرد کە تەنیا تاوانیان ئـەوەبوو پارتی بـوون یـان دەیانکوردانـد ، یـان چێـشتیان بۆ میوانانی ئاهەنگی نەورۆز کردووە !.

ئـەو ڕووداوانـەی گونـد لـە هزرمـدا بـە زینـدوویی ماونەتـەوە.. کـاتێ جوانەمـەرگی بـرام (حـسن عـەدۆ) ئێوارەێکیـان بـە پەسـتی حمـەدەمین سمایلی هاتەوە یەك دانە فەخفووری بەدەستەوەبوو کە وێنـەی عبـدالکریم قاسمی لەسەر نەخشابوو، دراوسێکانمان بـە تایبـەتی (علی مـام ڕەفیـق) کـە بـرادەری بـوو لێـی کۆبوونـەوەو بـە سەرسـوڕمانەوە سـەیری وێنەکـەیان دەکـرد! هـەروەها ئـەو ڕۆژەی بـاوکم ڕادیـۆی بـە پـاتری گـەورە کـڕی و عوسمانی برام ئانتێنی بۆ لەسەربانداناو گوێمان لە حەیرانی سەعدی علی (ئازیکەنـدی بنـدیانان) ڕاگـرت بـە ڕاسـتی شـتێکی سـەیربوو لێـرەو لـەوێ خەڵك دەیانگوت بابە بۆ ناکڕن؟ خاڵ عەدۆ حـەوت کوورتـەکی دەبەردایـەو لەنێوان هەر کوورتەکەکی پـڕی پارەیـە! سلاو لـە گـۆڕت دایـە زەرێـخ مـاوە مـاوە دەیکوت عوتەکـە (عوسمـان) کـوڕم بـە سـەعدی علـی بڵـێ حـەیرانی ئازیکەندمان بـۆ بڵـێ! هـەروەها کوژرانی ئامۆزایـەکی مـاڵی حـاجی ڕەسـول لەسـەر جـووتی تراکتـۆر بـە گوللـە کوژرابـوو ئەگـەر هەلـە نـەبم ئـەوکات ئەنوەری حاجی ڕەسول تازە لە سەربازی تەواو ببوو.. دەبێ ١٩٦٢ بێت .

جـاران چـەند خانـەوادە لـەنێوان خۆیانـدا ڕێکدەکـەوتن بـۆ چـوونە (کۆڕێ – خۆشوشتن و جلشۆرین) لـە ژیانمـدا یـەکجار چووینە گۆمی ئاغا لـە ڕێگـای (بـاقرت) کـاتێ ئـاو گـەرم بـوو(زەرۆکـی عـەدۆ قاوەچـی)منـی دەشوشت لەوکاتەدا لچکی چارۆگەی بێ ئەوەی هەسـتی پـێ بکات کـەوتبوە نزیك ئاگرەگە! بەچاوچوقانێك چارۆگەی ئـاگری گـرت.. هـەر زوو دایکـم و ژنەکانی دیکە پڕیان دایە گوێی زەرۆك بە پەلە گوارەکانیـان لـە گوێـچکەی داپـچڕی و ئاگرەکـەیان کوژانـدەوە! لـە دواییـدا زانـیم ئەگـەر ئـاگر بگاتـە گوارەکان دەبێتە مایەی تەشویهکردنی دەموچاو .

سێ ڕووداو لە گەڕەکی ئەوبەریان : مردنی ڕۆستەمی مـام ئاوڕەحمـانی، کۆبونەوەی خەڵکی گوند لە گۆڕەپانی نزیك دیوەخانەکـەیان کـاتێ تەنکـەی (ڕۆنی نێرگز) دانراو لۆکسیان گرِدا ئەو دەوروبەرەی کـردە ڕۆژی ڕوونـاك.. سمکۆی مجید ئەوبەری و علی مام ڕەفیق سەرپەرشتی بابەتەکـەیان دەکـرد، ئینجا پیاوێك چوە سەر تەنکەکەو قسەی بـۆ خـەڵك دەکـرد.. دەیـانگووت : ئەوە مەلا مـاتۆڕەو عەللافـەو خـەڵکی دووکەڵەیـە! گـردبوونـەوەی گـەنجانی گوند لەسەر جۆخینیان بۆ ئاهەنگی نەورۆز.

کۆمەڵێك گـەنجی گونـد لـە هـەرای ئاغـان، مـاڵی ئاغایـان تـاڵان کردبـوو وادیارە عومەری برام لە گەلیان بوە، بۆ بەیانی وەك هـەموو جارێـك بـاوکم تا لە شـەڕانگیزی عومـەر دەربـازی بێـت دەینـاردە مـاڵی خـاڵم (صـدیق) لـە هەولێر.. کاتێ ڕەسوڵە قووت بە سواری ولاخ.. باوکی ئیسماعیل ڕەسـول کـە لـە قۆناغێـك پارێزگـاری هـەولێر بـوە منیـان لـە بـری عومـەری بـرام لـە دووکـانی ڕەسـوڵی حەمـەد وەسمانیـان دانـام، زۆریـش بـچوك بـووم بـەڵام

صالحی مام شێخ الله بە توونـدی سەرکۆنەی کـرد لـە کۆتاییـدا منـیش بـە گریان بەرەو ماڵ چوومەوە.. وەبیرم نایێ جگە لە عومەری بـرام یـەکێکمان لـە گونـد شـەڕێك، گێـچەلێك، دڕدۆندیـەکمان لـە گـەڵ خـەڵکی گونـد هـەبوبێت.. بـرادەرە زۆر نزیکـەکانی عومـەر بریتـی بـوون لـە شـێتەی مـام ڕەفیق و حەسۆی نێرگـزەو واحیـدی علـی یـاقووب کـە هەرسـێکیان مرۆڤـی بێوەی بوون، هێمن و لەسەرخۆ بوون وەك شەکر وابوون .

کاتێ حەسەنی برام قۆناغی سەرەتایی بـڕی وەك هاوتەمەنـەکانی هاتـە هەولێرو لە بەشە ناوەخۆیی نزیك مزگـەوتی (محمـود دێرەیـی – عـەللاف) لە گەڵ عمر شێخ الله، شـەوکەت وەیـسی، حـسن سـعیدە رەش، نـادری وەسـتا صـالح، حـسۆ مێرگەسـۆری و محمـد سـعید زینـۆیی.....)وەرگـیران، هەفتانـە باوکم سەردانی دەکرد.. دیاربوو بارودۆخەکەی بـەدڵ نـەبوە کـوڕە گـەورەی بوەو لە سێ ژنان یەکەم کوڕی بوە، هـەر لـە تـەیراوە خـانوی وەسـتا ڕەشـید نەدداف دەکرێ و دایکم زەرێخ دەکاتە بنەوانی.. بـۆ سـاڵی ئاینـدە عومـەری بـراشم بۆ خوێندن هاتە هەولێر بۆیە باوکم منـیشی هێنـاو دایکـم زەرێخـی بـردەوە گوند لەبری ئەو دایکم مامزی هێنایە هـەولێر واتـە بـووین بـە دوو مـاڵ.. بـاوکم، عوسمـانی بـرام و دایکـم زەرێـخ لـە قورشـاغلو منـو عومـەرو حەسـەنو دایکـم مـامز لـە تـەیراوە ئـەو بارودۆخـە هێنـدەی نـەبرد بـە یەکجاری بەرەو هەولێر ماڵئاوییمان لـە قورشـاغلو کـرد.. وەك ئـەو خەڵکـە (٦١) دۆنم زەوی کـشتوکاڵمان هـەبوو تـا هـاوینی سـاڵی ١٩٧٤ (مێرخاسـی موختاری ئۆرمزیاران (علی عمـر) لـە ئەسـتۆماندایە چونکە بـەدزی مـیری گەنمەکـەی بـۆ دوورینـەوەو فرۆشـتی و پارەکـەی لـە دەسـت دایکـم دانـابوو،

لەوکاتەی عەلۆی حاجی ڕەسول کە گەورەی گەڕەکی ئێمە بوو ئەوکارەی بۆمان نەکردبوو! چونکە حکومەت بۆ هەمووان بڕیاریدا زەویەکان لە ماڵە پێشمەرگان بستێنتەوە ! جگە لە خۆشەویستی و شانازیکردن بە قورشاغلو کە هەردەم خەڵکەکەی دەبنە هەوێنی نووسینەکانم لەوکاتەوە هیچ پەیوەندیمان پێوەی نەماوە، بەڵام هەرجارەی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیم دەگەڵ بکرێت کامیرا بەرەو کۆنە هەوار دەبەم کە ئێستا بوەتە هەوێزی کوڕی خدری مام ڕەفیق .

هەر لە ساڵی ١٩٦٣ بوو کە جوانەمەرگی برام بوو بە پێشمەرگەی شیوعیەکان و لە ناوچەی (سەنیەومرکێ) لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی وەك (ئەحمەد باشە – کە لێوی شەق بوو) لەو ناوچەیە بۆ تەئدیب کردنی ئاغاکان و پیاوخراپان دەسوڕانەوە! باشم وەبیرە شەوێکیان ویستبوی بێتەوە لای زرەێخی دایکم بەڵام جاشەکانی بندیانان (عەلۆی حاجی رسول) کە هی خدری پاشا [1]بوون تینیان بۆ هێنابوو بۆیە بە یەك شەو حەوت گوندیان پێکردبوو تا لە بەرەبەیاندا چوبوە گوندی (یەدیقزلەر) بۆ ماڵی مام یابە کە دەکاتە خاڵۆی هاوکارم (ئاسۆ کریم)، زۆری نەبرد گیروگرفت کەوتە نێوان شیوعیەکان و پێشمەرگان بۆیە حەسەنی برام و خەڵکانێکی دیکە بە هێمنی گەڕانەوە نێو شار .

هەرچەندە عوسمان و عومەری برام لە نێوان (١٩٦٤ – ١٩٦٥) سەرەتا لە

[1] - کاتێ دەیانگووت : مستەك گەنمو مستەك ماش، خدری پاشای بوەتە جاش! گوایە ئەویش وەڵامی داوەتەوەو گوتویەتی : نە لە برسانە نە لە ترسانە.. خدری پاشا بوەتە فرسانە .

لق ئینجا بەتالیۆنی (عەریف عوسمان) كە بارەگایان لە (پیرەر) بوو، سەر بە هێزی دەشتی هەولێر كە (فارس باوە) ئامر هێز بوو.. بوون بە پێشمەرگە كە هەردووكیان لە قۆناغی بەر لە ڕێككەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دەوری باشیان هەبوە بە تایبەتی عومەر لە لقی سەعدی گچكە، پەلی سەعید ئەسعەد گراوی بوەو زۆر شاناز بوو بە بەشداریكردنی لە شەڕە بەنێوبانگەكەی چیای كۆسرەت، كە لە دواییدا یەكەم منداڵی خۆی ناونا (كۆسرەت) كە بەداخەوە لە شەڕی داعش لە بەرەی (تەللوەرد) لە ٢٠١٥/٨/٢٠ شەهید بوو .

حەسەنی جوانەمەرگ هەر لەنێو شیوعیان مایەوە لە ئەیلولی ١٩٦٧ وەگەڵ قیادەی مەركەزی كەوت كە بە جەماعەتی (عزیز الحاج) ناسراون.. دوابەدوای خیانەتی و خۆبەدەستدانی لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو خەڵكە ڕەشبگیركران كە لە هەولێر حسن عەدۆ، لەتیف عەبباس خەیات، دكتۆر عیسی عەسسافی تێدا بوو تا لە شوباتی ١٩٧٠ بەرهەڵدران، هێندێكیش وەك هاوڕێ ئەحمەد مەحمود حەللاق شەهیدكران و هێندێكیان بە سكرتێری ابراهیم عەللاوی – ئەبو لیلی بارەگایان لە گوندی (دار السلام) نزیك (گەلاڵە) دانا كە بەندە لە هاوینی ١٩٧٤ سەردانی ئەو بارەگایەم كردن.. هێندێكیان وەك مصلح جەلالی و محمەدەمین پێنجوینی كە ماوەیەك بە نێوی (هاوڕێ جمال) بەرپرسی هەولێر بوو خۆیان ڕادەستی ڕژێمكرد! یەكەمیان بوو بە بەڕێوەبەری گشتی دار الثقافة والنشر الكردیة! دووەمیش بوو بە بەڕێوەبەری ناحیەی پێنجوین ئینجا بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی لەدواییدا ئەندامی ئەنجومەنی

نیــشتمانی عــیراق! ئێــستایش بــاوەڕپێکراوی نێــوان دەســەڵاتی باشــوورو یەکەکەیە!! .

لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تـا دەهـات بـارودۆخی ئێمـە بـەرەو خراپـی دەچوو.. من وەك مێرمنداڵێك لەسەرشـان کوتاڵفرۆشـیم دەکـرد دوو بـراش پێـشمەرگە ویـەکێکیش دەیـان رۆژ خـۆبزرکردن لەبەرچـاوان (مختفـی) تـا گرتنـی لـە (قـصر النهایـە) [1]! جـەلالیش بڕیارێکیـان دەرهێنـا هـەر ماڵێـك پێــشمەرگەی مــەلایی هــەبێ دەبــێ نەفــەرێك بداتــە جــەلالیان!! بۆیــە بەنـدەیش لـە تاقیکردنـەوەی پـۆلی دووی ناوەنـدی لـە ناوەنـدی (زازا) لـە لایەن بارەگای جەلالیەکان کـە مـەلا مـاتۆڕ، صمد نانـەوا، قـادر بەردەسـپی، یابە ئاشەوانی لێبوون (نزیـك پەیکـەری ئێـستای شـێخ محمـود) بەنـدکرام.. باوکیــشم بــە هــۆی ناســیاویمان دەگــەڵ صمد نانــەوا، قــادر بەردەســپی بــە کەفالەت بەرهەڵدرام (ئـەوەی شایانی باسـە هـەر لـەو دەوروبـەرە بـوو کـاك عەبدەللا رسول ناوێـك کـە ئێـستا دوکـانی کوتاڵفرۆشـی لـە بـازاڕی هـەولێر هەیە منـو غـازی کێخوا سـلیمانی گەزنـەی لـە ریزەکـانی یـەکێتی قوتابیـان

---

[1] - ئەوانـەی لـە مـاڵی ئێمـەو خزمـەکانمان خۆیـان شـاردۆتەوە جگـە لـەو یاریـدەرە پزیشکیە مەسیحیەکەی موصڵاوی کە نێوی لە یـادم نیـە.. ئـەو هاوڕێیـەی کـە بـە (مامۆسـتا نـایف تەلـەرخێمی) ناسـراوە!!!! هـەروەها (محمـد سـعید مخمـوری) کـە خاڵێکی رەشی لەسەر سمێڵی هەبوو، زۆربەی شـیوعیە هەولێریـەکان لـە سـەرووی هـەموویان کـاك طارق سـعید مـلا خورشـید و محسن رحمة الله رەزا (رەیس) دوا کەسیان کە ماڵی خۆی و ئێمەو ئـەو خەڵکەی وێـران کـرد (ابـو ئـازاد – مەدحـەت فەیلی – سعید) گەلێ نێوی دیکەیش! لەبـەر زێـدە ئـازارو ئەشـکەنجەی نێـو قـصر النهایـە کـاتێ حەسـەنی بـرام بەرهەڵـدرا راسـتە ڕێ نـەبوو تـا لـە ١٩٧٢/٤/١٣ بـەم ئازارەوە کۆچی دوایی کرد .

وەرگــرتین.. هێنــدەی نــەبرد ئــەو بــرادەر خــۆی و ناوەکــانی ڕادەســتی جەلالیەکان کرد!) .

باوکیـشم لـە ترسـان منـی نـاردە مـاڵی خـاڵۆم لـە (بەغـدا) لەوکاتـەدا (صلاح) کوڕی خـاڵم نجـم الـدین بـۆ تەبابـەی عەسـکەری تەتـەوعی کـرد، لەبـەر ئـەوەی تـەنیا مـن بـۆ بـاوکم و هـەردوو دایکـم مـابووم نەیانویـست بگەڕێمەوە هەولێر بۆیە منیش لە ئـەیلولی سـاڵی ١٩٦٩ بـۆ صـنفی کیمیـاوی لە سوپا تەتەوعم کردو ماوەیەك لـە قوتابخانـە صـنف کیمیـاوی لـە ئـۆردی الرشید خوێنـدم لـە دوای ڕێککـەوتنی ئـاداری ١٩٧٠ بـۆ لیـوای یـەك فیرقـەی یـەك کـە بارەگـای لـە (مفـرق) لـە (ئـوردن) بـوو گواسـترامەوە مـاوەی (١٠ مـانگ) لـەوێ بـووم لـە دوای ئـەیلول الاسـود هـەموو سـوپای عیراقیـان لـە ئەردەن دەرکرد.. بـۆ مـاوەی (٨ مـانگ) هاتینـە (سیبەو سیحان) لـە نزیـك (فـاو) لـە (بـصرە)! لـە هـاوینی ١٩٧١ گواسـترابینەوە بـۆ شـاری (دیوانیـە)[1] تـا فێرارکـردنم لـە ١٩٧٣/١١/٢٣ ئینجا بوونم بـە پێـشمەرگە لـە ١٩٧٣/١١/٢٧ لـە بەتالیۆنی یەکی زۆزك لای نەقیب حسن بارزانی لە نزیك (گەلاڵە) .

کـاتێ لـە ئـەردەن بـووین برادەرێـك بـە نێـوی (مـەلا فـواد شـۆڕجەیی) ئەگــەر هەڵــە نــەبم لــە دوای ڕاپــەڕین بــوو بــە ســەرکردایەتی پــارتێکی

---

[1] - جارێکیـان بـۆ(تـدریب اجمـالی) چـووینە شـاری (حیلـە) گونـدی (جمجمـە) نزیـك شوێنەوارە بەنێوبانگەکانی ئەو شارە.. بە هەلزانی سەردانی خزمێکمـان بکـەم کـە دەمێك بوو مـاڵی لـەوێ بـوو ئـەویش کـاك (شعبان حمـد شـل) زاوای خـاڵ (صـابر مجید طبق رەش) بە راستی خێزانەکە خوشکە (حمدیە) وەك برایەك ڕێزی گرتم و بە سەردانەکەم زۆر دڵخۆش بوون .

تورکمانی بە نێوی فواد ئاڵتون دەناسرا، منی هێنایە ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان (هێلی عەسکەری) هەروەها لەکاتی خۆیدا ماوەیەکی کەمیش لە ریزی یەکێتی قوتابیان بووم.. لە نەورۆزی ١٩٧١ بەشداری ئاهەنگی لێژنەی ناوچەی بصرام کرد کە لەسەر قایەغ لە تەنوومە سازکرا، وابزانم دکتۆر کەمال خەیات بەرپرسی ناوچە بوو، کاتێ گوازراینەوە دیوانیە نایب زابت صدیق برای عریف علی ڕەقەم یەك بەرپرسی گوند بوو (بە هێلی عەسکەری وا دەگوترا) لەسەرەتای ١٩٧٣ بەندە بوو بە بەرپرسی ئەو (گوندە) واتە بەرپرسی پارتی لە هێلی عەسکەری لە دیوانیە، کاتێ عزیز و هاشم ئاکرەیی شۆڕشیان جێهێلاو بەرەو ڕژێم هاتن ڕۆژانە لە دوای دەوام دەبوایە بێمە بەغدا سەردانی لقی پێنج لە گۆڕەپانی (عنتر) بکەم، بە شەمەندەفەری کاتژمێری (٩) دەگەڕامەوەو لە سەعات (١) بەرەبەیانی دەگەیشتمەوە دیوانیە.. وادیاربوو گومان لەسەرم هەبوو بۆیە ئیستخباراتی فیرقە ئەو ڕۆژە بەدوامەوە بوە لەبەر هەندێ برادەری سەربازیم وەستا خلیل ئیسماعیل کە ئێستا لە هەولێرە ئاگاداری کردمەوە.. بێ سێودوو بۆ بەیانی گەیشتمەوە لقی پێنج بەڵام سەیدا صالح یوسفی ڕێگای نەدام فیرار بکەم چونکە حەزی دەکرد خەڵکی وەك ئێمەمانان لە نێو سوپا بمێنن، چوومەوە هەولێر بۆ ڕۆژی پاشتر دایکی نسکۆی خێزانم ناردە بەغداو سەردانی سەیدای کردو بە ناعیلاج نوسراوی بۆ مەکتەبی عەسکەری لە ناوپردان کردو بەمەیان لە پێشمەرگایەتی وەرگیرام .

هەستم دەکرد صینفەکەی من گرینگی تایبەتی خۆی دەبێت لەنێو

شۆڕشدا بۆیە نامەیەکم ئاراستەی کاك ئیدریس بارزانی کردو ئەو کتێب و مەحازەرانەم بۆیان نارد کە گرینگی خۆی هەیە، هێندەی نەبرد بە فەرمانی ئەو گواستڕامەوە (بەڕێوەبەرایەتی صنفی کیماوی کە کاك یاسین محمد کریم مێردی زەکیە اسماعیل حقی و برای حبیب محمد کریم بەرپرسی بوو بارەگای لە خانووی ژمارە (٣٧) ی، ئازادی نزیك حاجی ئۆمەران بوو کە حکومەت لە روانگەی رێککەوتنی ئادار بۆ شۆڕشی دروست کردبوو.. سەرەتا کاك یاسین، نقیب ئیسماعیل دەلۆ کە ئێستا لە هۆڵەندایە، ملازم جمال سلیمان کە لەسەر پشکی یەکێتی بەرپرسی ئیستخباراتی عیراق بوو لە دوای ٢٠٠٣، ئەسعەد قەرەداغی گۆرانی بێژ و برادەرێکی کرکوکی بە نێوی قاسم دەرچووی کیمیا بوو وەك قەرەداغی هەروەها بەندەیش کە دەرچوی کیمیاوی سەربازی بووم

دوا بەدوای بۆردومانکردنی قەڵادزێ و پەرتوبڵاوبونەوەی قوتابیەکان ئێمە دەورەیەکی کیمیاویمان لە زینوێی شێخ بۆ هەندێك قوتابی سازکردو لە دواییدا وەك مەفرەزە بەسەر هێزەکان دابەشکران ئینجا بەندە گواستڕامەوە یەکێتی کرێکارانی کوردستان لای جەبار حمدەمین و قادر بەننا وەك بەرپرسی ئیداری و دارایی تا نسکۆهێنانی شۆڕش بارەگامان لەو خانوە بوو کە مام جلال تێیدا بەزاوابوو لە تەنیشت خانوەکەی ابراهیم احمد لە ناوپردان، کە بەشێکی بۆ ئارشێف و کتێبخانەی برایم احمد تەرخان کرابوو، باشم وەبیرە مام صالحە ڕەش مالومەیی لە خزمەت مامۆستا دابوو .

لە هاتنمان بۆ هەولێر تا نسکۆی شۆڕش ژیانێکی ساکار وەك زۆرینەی

خەڵك ژیاوین، جگە لەوانەی باسمكردوون.. ئەو شتانەی  شوێن پەنجەیان لە ژیانمدا هەبووبێت بریتیە لە :

١- جوانەمەرگ بوونی حەسەن عەدۆی برام لە ١٣/نیسان/١٩٧٢ ، ئەوكات زلێخای كچی ١٩٧١/١٠/١٨ تەمەنی تەنیا (٦) مانگ بوو .

٢- مردنی باوكم لە مانگی كانوونی دووەمی ١٩٧٣ .

٣- مارەكردنەوەی فەوزییەی براژانم لە ڕوانگەی عەشایریەوە لە ١٩٧٣/٣/٢٨، سەرەڕای براژنیم كچە خاڵو هەروەها كچێكی تەمەن (٦) مانگی لەدوای جێمابوو كە بەنێوی زڕدایكم كرابۆوە و هەموو خانەوادەكە تا ئێستا پێی دەڵێن : دایە زلێخا .

٤- دامەزراندنی دایكی نسكۆ لە ١٩٧٣/١٠/١٧ وەك مامۆستا لە گوندی (گرێ قەصرۆكا) لە (دهۆك) گواستنەوەی ماڵمان بۆ ئەوێ، كە ئێستا ئەو گوندە كەوتۆتە ژێر ئاوی سەددەی گەلی دهۆك .

٥- بوونم بە پێشمەرگە لە ١٩٧٣/١١/٢٧، یەكەم شەوم لای برادەری خۆشەویستم (مهدی خۆشناو) بەسەربرد كە ئەوكات لە دەورەی كادیران دەیخوێند [1] .

[1] - بۆ مێژوو دەیگێڕمەوە : شەوی بەر لە ڕۆیشتنم بۆ پێشمەرگایەتی برای بەڕێزم كاك محمد محی الدین كە لە دواییدا بوو بە جێگری ئەمینداری ڕۆشنبیری ولاوان و عەلاوی ڕەحمەتی كە بە خزمایەتی دەگاتەوە بەندە كە تازە چوبوونەوە نێو ڕژێم داوایەكیان ئاراستە كردم كە لەوێ بە پێی ئیمكان لە هەموو ڕوویێكەوە ئاگام لە مام (ئەیوب شكاك) باوكی فەرید زامداری شاعیر بێت كە لە لای شۆڕش دەستبەسەر بوو.. زۆر جار لە ترسی بۆردومانی فڕۆكە پێكەوە لە ئەشكەوتێكی نزیك (گەلاڵە) خۆمان حەشار دەدا! بە مەزندەی خۆم لەمبارەیەوە درێغیم

٦- بردنی دایکی نسکۆ لە ١٩٧٤/٧/٧ بە پێ و بە سواری وڵاخ بۆ نێو شۆڕش لە ڕێگای (زرارەتی، زێڕاو، بجیل، دینارتە، چیای پێرس، بلێ، چیای پیران، مێرگەسۆر، هاودیان، بەرزێوە، چۆمان) .

٧- لە دوای بۆردومانی فرۆشگای چۆمان ماڵ گواستنەوەم بۆ زینوێ شێخی بۆ ماوەی (٧) مانگ ماڵم لەوێ بوو .

٨- بڵاوکردنەوەی نۆبەرە نووسینی ئەدەبیم لەژێر ناونیشانی (یادی ڕۆژانی ماکۆك) لە گۆڤاری (لاوان) کە شاخەوان نامیق بەرپرسی یەکێتی لاوانی کوردستان سەرنووسەری بوو .

٩- لە دایك بوونی دلگیری کچم لە ١٩٧٤/١٠/١٠ لە چۆمان لەژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێم

---

نەکرد، هەر لەدوای نسکۆهێنان مام ئەیوب گەڕایەوە هەولێر تا کۆچکردنی ئەو تەلاتوفەی منی لەبەرچاوان بوو، هەروەها لە خۆشەویستی جوانەمەرگی برام←
←بە بیانوی یەکترناسین دەگەڵ هاوڕیانی القیادە المرکزی و ابراهیم علاوی (ابو لیلی) سەردانی گوندی (دار السلام) مکرد، لە کاتی دوورخستنەوەم بۆ ناصریە بۆ هەمان مەبەست سەردانی (قلعە سکر) مکرد، کە زێدی باوکوباپیرانی (ابو لیلی) بوو، من گەلێ سەرسامتر بووم کاتێ گوتیان ئەو باڵاخانەی (بهو الناصریە) کە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو لە تەصمیمی ئەوە، گوایە خۆیشی دەرچووی نەوتە!
هەروەها خەڵکی ناصریەم خۆش دەویست بە تایبەتی قوتابیانی (دار المعلمین) لە ساڵانی شەستەکان.. گەلێجار بۆمیان دەگێڕایەوە کە مامۆستا (موسی خلیل) کە دەکاتە برای (جلیل خەیات) وەك شیوعیەك بۆ ئەوێ دوورخراوەتەوە لە دواییدا لە (ئەمن) گیراوەو لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە هاواری کردووەو گوتوویەتی : (حدید یلین موسی ما یلین!!!!) کڕنۆش بۆ ئەو قارەمان و خۆبەختکەرانە کە شوێن پەنجەیان لە مێژووی خەباتدا دیارە .

١٠- پەڕینــەوەی ماڵــەوەمان بــۆ دیــوی ئێــران و دانیــشتنیان لــە (خــانێ – پیرانشار) تا نسکۆهێنان، دایکی نـسکۆ وەك مامۆسـتا لـە قوتابخانەیـەکی سـەر بـە شـۆڕش دەوامـی دەکـرد، بەنـدەیش لـە یـەکێتی کرێکـارانی کوردستان لە ناوپردان .

١١- لـە دوای نـسکۆهێنان، سـەرەتا ناونووسـینم بـۆ پـارتیزانی.. ئـەنجام پەڕینـەوەی یـەکجاریم لـە کوردسـتان بـۆ دێـوی ئێـران لـە ناوەڕاسـتی ئاداری ١٩٧٥ .

١٢- دەرکردنمـان لـەنێو شـاری پیرانـشارو چـوونمان بـۆ ئۆردگـای (نـەلیوان) نزیـك (شـنۆ) ئینجا گواسـتنەوەمان بـۆ ئۆردوگـای (رەبـەت) لـە نزیـك (سەردەشت) ئینجا گەڕانـەوەی یـەکجاریم بـۆ عـیراق لـە ١٩٧٥/١٠/٢.. لـە رێگـای (المنذریـة – قـصر شـیرین) گەیـشتنمان بـۆ شـاری (ناصـریە – گرمــە بنــی سـعید) لــە ١٩٧٥/١٠/٥، ژیــان لــەژێر (ســریفە) خــانوێکی دروستکراو لە حەسیر!

بەرەبەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٧٦/١٠/٦ یەکەم رۆژی جەژن بـەڵام لـە یـادم نیـە جـەژنی قوربـان یـان رەمـەزان بـوو؟ پیـاو، منـداڵ، ژنـە کـوردی قوڕبەسـەر.. رەنـگ زەرد، لێوبـەبار، چـاو لێـل، ئـەژنۆ شـکاو لـە گۆڕەپانی قوتابخانەیەکی شاری (ناصریە) فڕێدراین!

دوابەدوای چەند سەعاتێك هەر ماڵێك و دووان بۆ شوێنە جیاجیاکانی ئـەو پارێزگایـە وەکـو (البطحاء، أور، هولنـدي، الفـضيلة، فهـود، گرمـە بنـی سـعید، الطـار، سـید دخیـل، الاصـلاح، الغـراف، الـشطرة، النـصر، الرفـاعي، قرةغول، قلعة سكر، الفجـر، الحّمـار، الكـاظم، الحـچام، البوهلالـە، ال جـویبر،

کرماشیە، المؤمنیین، العواد) و، چەندین جێگەو شوێنی دیکە کە لەیادم نەماون! (دوورنیە هێندێك خوێنەر گلەیی ئەوەمان لێبکەن و بڵێن : پێویست بەو هەموو نێوهێنانە ناکات، منیش هەرهێندە دەڵێم : رۆژێك دادێ فەرهەنگی نەتەوەی کورد سوودی لێوەردەگرێ) .

جوانترین تاریفکردن لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ ئێمەی دەربەدەرو لێقەوماو ئەوەبوو : (انتم سبایا الحسین) واتە ئێوە وەکو هەتیوە دەست بەسەرەکانی ئیمام حوسێن دێنەپێش چاوان .

ئێوارەی هەمان رۆژ نەشمیلانی قژ شانە نەکراوی کوردی مشەخت شانبەشانی برنۆ لە شانکراوەکان بە بەژن وباڵای زراویان بۆ دەرگا نزمەکەی (کۆلیت!) واتە سریفە دادەچەمانەوە.. ئەو کوردە چاو نەترسەی زەمانی زوو بە ئامر بەتالیۆن، سەرلق، سەرپەلەوە لەگەڵ ئەو کادیرو رۆشنبیرانەی نێو کۆڕی خەباتی پارتایەتی بەر لە هەموویانەوە بەندە! لە ترسان و لەبێ وورەییماندا فەراشی بۆرە پیاوی ئەو بیابانەمان لێببوە قائمقام و بە ئوستاد ئەبو فلانمان نێودەبرد!!

پیاو بۆ خوا بڵێ خەڵکی ئەو ناوچەیە گەلێك خزمەتگوزار بوون، زۆربەیان رێزیان دەگرتین چێشتە هەینیانەیان بۆ دەهێنایین.. زەکاتی ماسی (البونی و الگطان)یان، پێدەبەخشین کەچی بێ شەرمانە دژی (المصموطة)[1] رادەوەستاین ئێستایشی دەگەڵدابێت ئەو کوردە حەیاتە

---

[1]- لەدوای دەرهێنانی ناو زگی، ماسی لەبەر رۆژ وشك دەکرایەوە، ئینجا لە زستان سەرەتا دەیانخستە نێو ئاوی گەرم ئینجا بەوجۆرەی دەیانویست ئامادە دەکرا .

نەیخستە سەرزاری و تامی نەکرد!

گەلێجار ژنومنداڵی دەوروبەرمان بۆ تەماشاکردنمان دزەیان دەکردو بەسەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردین، کاتێ هەستیان بەوە دەکرد کە ئێمەیش وەکو ئەوان خاوەن بەژنوباڵا، چاووبرۆ، دەمولووتین بەڵکو لە زۆربەیان جوانترو پێش چاوترین (کەوی) دەبوون هێدی هێدی هاموشۆیان دەکردین گەلێجار چاوچاوانێمان دەگەڵ ڕەشتاڵەکانیان دەکرد تا پەنجە کوشین! خۆم ئاسایی دەگەیشتمە رادەی بەندبەندانێی شیعری میللی پڕ تامو بەلەزەتیش .

لە دوای یەك هەفتە لەم هەوارە نوێیەماندا نێوی خۆم، باوك و باپیرم لەنێو جەمعی خەڵکەکەدا بوو بە ئەبو زەلخا! هەرچەندە کچەکەم نێوی (زولێخا) بوو، کەچی لەو شوێنە بوو بە زەڵخا! هێشتا خۆرئاوا نەببوو.. کاتێ لە پشت کۆشك وباڵاخانە سریفیەکەم!! بە ئەبو زەلخا بانگکرام.. بەهەڵەداوان بۆی دەرچووم وادیاربوو پیاوە خاسە دوکاندارەکەی نێو بازاڕ بوو کە پێیان دەگووت : (ابو فاضل) نێویم جوان وەبیرە (جاسم الصیاد) .

- فەرموو ئەبو فاضل؟
- مەولانە ئەبو برایم دەفەرموێ بێتە دیوەخان..

ئەو ئەبو برایمە نێوی (مصطفی جمال الدین) بوو، لەوکاتەدا خاوەن بڕوانامەی ماستەری زمانی عەرەبی بوو، بۆ ئامادەکردنی ئوتروحەی دکتۆراکەی لەلای دایکی برایم مەنزڵی خۆشکردبوو، ژنە بچووکەکەی لەگەڵ خۆیدا لە (نجف) دەژیا چونکە مامۆستای (کلیە الفقە)بوو، هەروەها دەرسی لە زانکۆی بەغداش دەوتەوە، لە دوای (الجواهری) دووەم

سوارچاکیی شیعری (العمودی) بوو، یەکەم دیوانی خۆی بە ناوی (من اجل عیناك) پێشکێشکردم جگە لە خانوبەرەی ماڵومنداڵ دوو دیوەخانەی هەبوو یەکێکیان وەك ماڵەکەی خۆم سریفە بوو! بەڵام لەسەر سێزدە ئەستووند راوەستابوو ئەوەی دیکەی دیوەخانەیەکی مامناوەندی شارستانی.. کتێبخانەیەکی گەلێ بە نرخی تێدا هەبوو، لەسەر قاچی راستەوە بۆی چوومە ژوورەوە.. پیاو بۆ خوا بڵێ لەبەرم هەڵسایەوە بەڵام چ هەڵسانەوەیەك؟! ئەو حەشاماتە لێکرا لەسەر قاچ راوەستان بەڵام کەللە رەقیەکەی لەمەرخۆم رێگەی دەست ماچکردنی مەولانای نەدام ئەو کارەشم بوو بە هۆی سەرزەنیشت کردنم لەلایەن پیاو خاسەکەی برادەرم! لە دواییدا ژنەفتم کە مەولانا پێیگوتوە ئەوانە لە دەست ماچ نەکردنی ئێمەمانان گلیەیان لێناکرێ چونکە کوڕی ئەو (پڵینگەن) واتە رۆڵەی بارزانین .

گرینگترین نەریتی نەتەوەی عەرەب لە دابەشکردنی قاوەی هێلدار خۆی دەدۆزێتەوە، منی بەدبەخت لە ژیانمدا فرم لە فنجانی قاوە نەدابوو بۆیە هەر زوو سوپاسی قاوەچیەکەم کرد بەڵام ئەو قاوە نەخواردنەوەم کاری کردە سەر دانیشتوەکان بە گشتی و مەولانا بە تایبەت! هەرچەند شێرێك و رێویێکم بۆیان هێنایەوە، نەخێر! ناهەفیش نەبوون چونکە قاوە نەخواردنەوە لەو شوێنە پیرۆزەی عەرەب بە گران رادەوەستێ بۆیە مەولانا کەمە بوغزێکی لێمهەلگرت، لە دوای ماوەیەکی کوورت رووی لە بەندەی بێگانە کردو گوتی : لە (الجیب العمیل!) چ کارە بووی؟ بێ یەکودوو بە تووڕەیی گوتم : قوربان من هیچ پێشنیازێکم نەداوەتە

جەنابت تاكو باسی (الجیب العمیل) بكەین؟! چونكە ئێمەی كورد لەكاتی پێشنیاز نووسیندا نەبێ بە هیچ جۆرێك بەم موستەلەحە چەسپاوەی بەسەرماندا رازی نیین! زەردەخەنەیەكی هاتە سەرلێوان ئەمجارەیان زۆر بە هێمنیو لەسەرخۆ وتی : ئێمە لەسەر تووڕەبوونمان نەكردووە! هەر حەز دەكەم بزانم چ كارە بوویت؟ منیش لەو هێمنتر گوتم : نووسەری تایبەتی بارزانی بووم!!! (لە ژیانمدا لە یەكجار ئەویش بۆ ماوەی سێ دەقیقە چاوم بە سەرۆك نەكەوتبوو، ئێستەیش نازانم بۆ وامگوت؟!) خوا كاریان راست بێنێ لەو شەوەوە زۆریان خۆشویستم و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ كردم تا گەیشتە ئەو رادەیە مەولانا لەسەر من لە گەڵ سعدی عەییاش عریم پارێزگای ناصریە تووشی دەمەقاڵ بوو [1]، ئەو زاتەش لەو رۆژەی خومەینی هاتە سەر حوكم عێراقی جێهێشت [2] .

لە دوای مەزاتكردنی (بەتانیە، سەماوەر، سۆبە) ی، نیمچە ماڵەكەمو

---

[1] - جارێكیان عبدالحسین الرفیعی میوانی بوو (بالیۆزی عیراق لە بولغاریا) لە كاتی گفتوگۆكردندا مەولانا گووتی : ماڵەوەمان دەڵێن : كچەكەت زۆر جوانە بۆ نایدەیتە (حسنین) ی، كورم؟ منیش گوتم چی تێدایە بەڵام نەریتی ئێمە دەبێ لە شوێنی كچ.. ژنێك بێتە ماڵەوە! ئێمەیش لەبەر ئەوەی (سەید) ین، نابێ كچمان بدرێتە (عامە!) بەندەش بەلەخۆبایبون گووتم : مەولانا كچێكی ئێوە بووكمانە با ببێتە دوو!! بە پێكەنینەوە گووتی : نا نا شتی وا نەبوەو نابێت! كاتێ گووتم : كچی مەرزە عەبباسی ئامۆزات كە دەكاتە خوشكی دكتۆر (صباح) خێزانی دكتۆر (كمال خەیات) نیە؟ خوا شاهێدە ناولەپی خۆی بەهێز لە نێوچەوانی خۆیداو گووتی : (والله صحیح.. غلبتني) بەم وەڵامەم ئەو مەسەلەیەم بنبڕ كرد .

[2] _ بەرێزی لە سووریا نیشتەجێ بوو لە مانگی ١٩٩٤/١٢ لە دیمەشق سەردانیمكرد زۆری پێخۆش بوو لە ١٩٩٩ كۆچی دوایی كرد .

نــەبوونی ســەرمایەکی ســێ چــوار دینــاریش لــە باخــەڵی ساردوســڕمدا هەرچەندە رۆژانە میری (١٨٠) فلسی بۆ هەر یەك لە ئێمەمانان دیارکردبو بەڵام رەوشتی نامرۆڤانەی (مشاری مسیر جازع) بەڕێوەبەری ناحیە بەرەو لێــواری رووبــاری (ئەلگەرمــەی) کــشاندم، هۆبــەو هــەوارێکی کــاتیی بــە مەنقەڵەیەك و چەند کیلۆ خەلووزو چەندان شیشە گۆشت، جەرگ ودڵ دامەزرانـــد! هـــاودەنگ و هاوخەمـــەکانی دەردە کـــورد لـــە دەوروبـــەرم کۆبوونەوە (لە سەرووی هەموویانەوە واحیدی کوێخا عەزیزی گەرۆتەو علــی برنــۆ) رۆژانەیــەکی مەمرەومــەژی بــۆ منداڵــەکانم پەیــدا دەکــرد، لەوکاتــەی شــەوان دەگەڕامــەوە نێــو باڵاخانەکــەم لەبــەر ئــازاری (٣٧) برینــەکانی لــەپیی دەســتم کــە بــە هــۆی شیــشەگۆشت تووشــی ببــووم دەتلامــەوە.. خــوا دەســتوپلی تکەفرۆشــی نــەزان لــە نــووکی شیــشەگۆشت بپارێزێ ئێوەیش بڵێن : ئامین .

ئێوارەکیان جەنابی بەڕێوبەری ناحیە لە گەڵ دارودەستەکەی بەرەو هۆبەوهەوارەکـەم هـاتو بـە لالووتیـەوە بـانگی کـردم و گـوتی : وادیـارە ئـەمکارەت لـەپارە وەرگرتنـی مـیری پـێ باشـترە؟ دەسـت وپەنجـەی خـۆت بینیـوە؟ بەنـدەی زوبـان درێـژیش هاتـە وەڵام : ئوسـتاد گـەلێجار یادگـاری کۆنە سیاسیەکان لە دووی تۆی کتێبکدا دەخوێنمەوە تێیدا باسی خۆیان کردوە کە چۆن لەسەر شۆستەکان پێڵاوی خەڵکیان بۆیە کردوە یان مام هـەژار شـاعیری گـەلی کـورد لـە سـووریای عـەرەب بوەتـە گەرسـۆنی نێـو ئوتێلەکان! منیش لە ئێستەوە کەرەسەی نووسینەوەی یادگاریەکانی خۆم بۆ دوارۆژ ئامادە دەکەم، بڕوات بێ ئوستاد ئەگەر خەڵکی ئەم ناوچەیە

فێری پێڵاو لەپاکردن بوان جگە لە بۆیە کردن چکاری دیکەم نەدەکرد! چونکە لە عێراق، سووریا، ئێران، تورکیا لە سایەی دیموکراتی ئەم وڵاتانە کاری ئێمەی کورد تەنیا پێڵاو بۆیە کردنە!

سپێدەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٩٧٥/١٠/١٢ منو دایکی نسکۆی خێزانم لە گۆڕەپانی سەیارەکاندا راوەستابووین بۆ ئەوەی دایکم مامزو ستیلەی خوشکم بەرێ بکەینەوە چونکە دوو شەو بوو هاتبوونە سەرەدانیمان، لە گەرمەی مشووری سواربونو شوێن گرتن پیاوێکی پەنجا ساڵی بەوپەڕی تووڕیی و قینەوە لێی راخوڕیم و بەرەوپاش پاڵیدام خوایکرد پەراسووەکانم نەشکان!

- خاڵە بۆ وادەکەی؟
- بڕۆ.. بڕۆ
- ئەی لە کوێ دانیشین؟
- بڕۆ هەی...... بڕۆ لای بارزانی!

دەکێ دەستەکانت خۆشبێ دایکی نسکۆی قارەمان.. کوڕینە ئەو ئافرەتە نەبەزە وەك هەڵۆیەکی زامدار دەستی خستە عەگاڵی ئەو پیاوە کێندرت دێشێ؟ لێدە، لێدە!! لەوکاتەدا جوامێرێکی ئەو ناوچەیە (محمود البرغش) گەیشتە لامانو سەربردەکەی ژنەفت، ئای چ دکرێکی بەو پیاوەو خەڵکەکە کرد هەر مەپرسە، لە وێوە بەرەو لای بەڕێوەبەر ناحیە ئینجا لێپرسراوی حیزب (نصار السعدون) لە ئەنجامدا لەبەر ئەوە هەردووکیان سوننە مەزهەب بوون بە هەموو شێوەیەك پشتگیریان لە ئێمەی قوربەسەر کردو بە سەلامەتی گەڕاینەوە بنکەمان!

دوا بە دوای حەوت مانگێك لە ژیانی چەرمەسەریدا لەم ناوچەیە پێشنیارێکم خستە سەرمێزی پارێزگار سعدی عەیياش عريم بۆ ئەوەی رەزامەندی گواستنەوەی ماڵەکەم لەم شارۆچکەیە بۆ نێو شاری الناصریە پێ ببەخشێ! لە دوای چەند سەعاتێك چاوەڕوانی بەرەو میحرابی حەزرەتی پارێزگە خزیم :

- بۆ دەتەوێ بێیتە نێو شار؟
- لەبەر ئەوەی خێزانەکەم مامۆستایەو منداڵی بچوکمان هەیە.. نێوشار بۆ ئێمە باشترە .
- مامۆستا؟! ئێوە هەمووتان شوان وگاوانن، چیتان لەشار دەوێ؟
- بەڵێ قوربان، شوان وگاوانمان هەیە، جووتیاریش، مامۆستا، دکتۆر......
- ئەگەر ئەو قسانە دەزانن بۆ چوونە لای ئەو کلاش دەپێیە؟ (واتە بارزانی نەمر) .
- ئوستاد ئەی ئێوە ناچن بۆ لای سەرۆك احمد حسن البكرى باوك؟
- هەی...... چۆن باوك دێنیە رێز ئەو کلاش دەپێیە؟
- قوربان هەر کەسەو بۆ خۆی کاری خۆی دەزانێ!

لەوکاتە توونـدو تووڕییەی جەنابی پارێزگە.. دوو زاتی کورد لە ژوورەکە ئامادە بوون یەکەمیان وەزیری دەوڵەت مەلا عبدالله اسماعيل کە مقفەی لێوەنەهات و ئێستەیش! دووەمیان کاك قوباد تایەر صادق بریکاری پارێزگە هەرچەندە بە دەم هیچی نەگوت بەڵام بە چاو بە جولانەوە هەموو شتێکی گووت! لە دوواییدا بەوپەڕی رێزەوە پەیرەوی

دەگەڵمان دەكرد .

بە فەرمانی پارێزگا لە لایەن (شدود) یاوەری پارێزگا پەلبەستكرام بەرەو بەندیخانە هاژووشتمی لە پڕێكا جوامێرێكی سیماجوان و سەنگگران كەوتە پێش (شدود)و، قسەی دەگەڵ كرد.. لەوكاتەدا مەلا ماتۆڕو پارێزگا هاتنە دەرەوە، جوامێری عەرەب دەگەڵ پارێزگا كارەكەی منی پێكهێنا هەم رەزامەندی ماڵ گواستنەوەم هەم دەرباز بوونم لە بەندیخانە، بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە بە قورگ گیراوی بەرەولای ئەو جوامێرە عەرەبە خزیم گووتی : من محمد نصرالله الصالحیم هەر كارێكی دیكەتان هەبێ من لە خزمەت ئێوەی مەردم .

لە كۆتایی ساڵی ١٩٧٦ لە رێگەی كاك قوباد تایەر صادق بووم بە پشكێنەری مدیریە مصلحە نقل الركاب، رۆژێكیان پیاوێكی رێكوپێكی سەرسپی جانتا لە دەست لە ناصریەوە بەرەو سوق الشیوخ دەچووین لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو بە (كاكە) ئینجا بە عەرەبی چاكوخۆشی دەگەڵ كردم و گووتی :

- چەند رۆژە لەمكارەت دامەزراوی؟
- ئوستاد هێندەی نەماوە نۆبەرە مووچەم وەرگرم .
- پلەی خوێندنت چۆنە؟
- تەواوم نەكردوە!
- پرسیارێكت لێبكەم دەتوانی وەڵامم بدەیتەوە؟
- ئەگەر بیزانم، بۆ نا؟
- دڵنیام دەیزانیت!

- ئەگەر وایە بۆ پرسیارەکە دەکەیت؟
- بۆچوونی خۆم بەرامبەر بە رۆڵەی کورد تاقی دەکەمەوە!
- فەرموو..
- ئەوە کاغەز، ئەوەش قەڵەم.. نەخشەیەکی کوردستانم بۆ بکە! منیش بێ سێوودوو دەستم دایە قەڵەم لە زاخۆ تا حمرین لە شنگال تا پێنجوین بۆم نەخشکرد.. بەبێ شەرم بێ سلینەوە پێی گووتم : تۆ (جبان) ی، تۆ زۆڵە کوردی!!
- ئوستاد بۆ تۆ نەهاتوە ئەم قسانەت لەدەم بێتەدەر؟ تا ئێستە یەکتر ناناسین چۆن ئەو قسانە دەکەیت، ئەگەر لەو تەمەنە نەبوای لێم قەبوڵ نەدەکردی، نازانم تۆ چیت لە من دەوێ؟
- نەخشەی کوردستانی گەورەم لە تۆ دەوێ!

منیش بێ ترس لە (تۆرس) تا (جەسسان) لە (چیای کورد) تا (کارۆن) بەڵکو ووردتر نەخشەکەم بۆی کێشا..

- ئافەرین رۆڵە کوردی پاڵەوان!
- مامۆستا تۆ چ پەیوەندیت بە کوردو نەخشەی کوردستان هەیە؟
- من نێوم (احمد السواد)ە، پارێزەرم هەڤاڵی نۆ ساڵەی پارێزەری کوردپەروەر (محمد سعید کانی مارانیم) والسلام!

لە سەرەوەدا باسی ئەو حەوت مانگەی شارۆچکەی (گرمە بنی سعید) مان، کرد کە چۆن لە رێگەی ئەو جوامێرە عەرەبە رەزامەندی ماڵ گواستنەوەکەم بۆ نێو شاری الناصریە وەرگرت، پێنج مانگێکی دیکەم لەو نوێ هەوارە (نێو شاری ناصریە) بە کوڵەمەرگی بەسەربرد، جگە لە

یادگاری رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٧٦/٦/٧ رۆژی لە دایك بوونی (نسکۆ) ی، کورم هیچی دیکەم لە مێشك و دەروونـدا نەچەسپاوە یان شایەنی باسکردن بێت .

لەوکاتەی لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کۆماری الناصریە (دکتۆر سعد الدوسری) وەژوور کەوتم بۆ ئەوەی شناسنامەی نێوو رۆژی لە دایك بوونی نسکۆ مۆر بکەم [1].. کاتێ دکتۆر چاوی بە نێوی کورەکەم کەوت حەپەساو گوتی : بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش قەدەغەیە ناوی بێگانە لە منداڵتان بنێن! منیش لەسەرخۆ پێمگووت : بەڵێ قوربان ئەم بڕیارەم لە الوقائع العراقیە خوێندۆتەوە :

- ئەی چۆن رێگا بەخۆت دەدەی سەرکێشی لەو بڕیارە بکەی؟!
- جا قوربان من چۆن نێوی بێگانە لە منداڵێکی کوردی عێراقی دەنێم؟!
- ئەوە نیە ناوتناوە مسکۆ واتە مۆسکۆ!

هێندەی نەمابوو وەڵامی زەردەخەنەییم بدەمەوە کاتێ دکتۆر خورشید دزەیی وەژوور کەوت و بەشداری مشتومڕەکەی منو بەڕێوەبەری کردو گووتی : ئەوە مۆسکۆ! نیە بەڵکو نسکۆیە، ئەمجارەیان بە تووڕەییەوە گووتی : نسکۆ چیە؟ چ مانایەك نادا بیگۆڕە!!.. منیش کەمێك زۆرنا خۆم گف کردەوەو گوتم : چۆن مانای نیە؟ بەڵام جەنابت نایزانیت! وادیاربوو بە پەیڤی (نازانیت) زۆر تێکچوو لەبەر هێندێ

[1] - دوای ساڵێك لەو گیروگرفتەی نێوان بەندەو دکتۆر سعد بەداخەوە بەخۆی و ماڵومنداڵەوە لە نێوان ناصریە – سماوە بە کارەساتی ئۆتۆمبێل فەوتان .

شناسنامەکەی فرێدا!!

دکتۆر خورشید ئەمکارەی گەڵێك پێ ناخۆش بوو کەچی بەسەرخۆیدا نەهێناو منی هێور دەکردەوەو نیمچە گلەییەکی لە دکتۆر سعد کرد ئینجا دکتۆر سعد شناسنامەکەی لێموەرگرت و گووتی : (ما معنی نسکۆ؟) دکتۆر دزەیی هەر دەیویست شناسنامەکە مۆربکرێ بەڵام منی سەر بە گێچەڵ و کەللە ڕەق ئەو هەولانە بە فیڕۆ نادەم.. لەسەرخۆ روومکردە دکتۆر سعدو گووتم : پێنجی حوزەیران لە مێژووی نەتەوەی عەرەب بە چ جۆرێك نوسراوەتەوە؟

کاتێ ئەم پرسیارەم ئاراستەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کرد، حەپەسا! رەنگێکی هێناوبرد بە هەناسە تەنگی گووتی : (یوم مشئوم.. نکسە حزیران ١٩٦٧) بەڵام ئەو پرسیارەو ناوی کوڕی تۆ کوجا مەرحەبا؟! منیش بە گیانێکی تەزیوو قورگ گیراوی گووتم : دکتۆر هەموو نەتەوەیەك رۆژێکی رەش و بەدناوی لە مێژوودا نوسراوەتەوە، ئێمەیش میللەتی کوردی بەدبەخت ١٩٧٥/٣/٦ رۆژی نسکۆ هێنانمانەو لە مێژووی سیاسیماندا تۆمار کراوە ئەو تاکە کوڕەیشم بە یادی ئەو رۆژەوە نێوناوە .

هێندەی پێ نەچوو جارێکی دیکە کۆچ وکۆچبارم بەرەو شارۆچکەی (الغراف) بەڕێکرد لە گەڵ (٢٧) ماڵە کوردی دیکە لەوێ لەو ناوچەیە گیرسامەوە.. یادیان بەخێر بەراستی لەیەك رازی بووین و یەکترمان خۆشدەویست .

راستە لەم ناوچەیە تازە هەوار بووم بەڵام بە هۆی کارەکەم (پشکێنەری پاص)خوایکردبوو دەنگ و باسێکی فرە خاسم هەبوو هەروەها

لە گەڵ چەند برادەرێکی کوردی فەیلی ئەو ناوچەیە ئاشنابووم سەرەڕای چەند رۆشنبیری سەر بە حیزبی شیوعی بۆیە کەمە شارەزاییەکم لەسەر خەڵکی ئەو شارۆچکە هەبوو، رۆژێکیان منو دایکی نسکۆ بەرەو بازار دەچووین.. لەبەر دەرگایەك ئافرەتێکی دەست بەگۆچان تەمەن شەست ساڵی بە نێوی (ام دحام) هەر لە دوورەوە بانگی کردین (بێ بێ کوردەگەی شیمال، دەردەگەت وەگیانم) ئێمەیش بەسەرسوڕمانەوە بەرەولای ئەو ئافرەتە خشین پارچە مافورێکی بچووکی خستە ژێرمان و بانگی کچۆڵەیەکی کرد بۆ ئەوەی دوو فنجانە قاوەی هێڵدارمان دەرخوارد بدات ئێمەیش گەلێکی لێ مەمنوون بووین بە هێمنی پێمانگووت : قاوە ناخۆینەوە! دەستێکی لەسەر گۆمکی گۆچانەکە بوو، دەستەکەی دیکەی خستە سەرشانم گووتی :

**ما مات ما مات البطل برزان**

**فوگ أرضچ يكردستان**

**ميت ألف برزان**

لە گەڵ ئەم سێ دێرە شیعرەدا هێندەی نەما مێشکم شەق بەرێ! ئەی خودایە ئەوە چییە؟ بارزانی لە کوێ.. پیرەژنە عەرەب لە کوێ؟! کوڕم دەوێ ئەو مەعادەلەم بۆ لێکبداتەوە، کەی؟ ساڵی ١٩٧٩؟! .

دوا بەدوای شیعر خوێندنەوەکەی.. گۆچانەکەی بەرزو نەویکردو گووتی : ئەم گۆچانەم دەبینی؟ ئەوە سەرۆك بارزانی (ابو لقمان) بە دەستی خۆی پێشکێشی کردووم! منیش بە هێمنی پێمگووت : مەبەستت شێخ ئەحمەدی بارزانیە، کاتێ میری دەربەدەری شاری ناصریەی کردبوو؟

بەلەخۆبایبوونــەوە گــووتی : نــەخێر، ئــەو ســاڵە لــە حکــومڕانی (عــارف) هــەواڵی کووشــتنی (دحــام) ی، کــوڕم هــات، خــۆم پێــچایەوە بــەرەو (گەلاڵــە) ڕۆیشتم سەردانی خوارزاکەم (سعید مطر) کرد، لە ڕێگەی ئەوانــەوە چاوم بــە دیــدەنی ســەرۆك بــارزانی گەشــایەوە، ســەرۆك ویــستی پــارەوپوڵم بــداتێ کەچــی سوپاســیم کــردو ئــەو گۆچــانەی کــردە دیــاری و فەرمووشــی ئەگــەر ئــەمجارەیان ســەردانیت کــردین (بەڕنــەوێکت) خــەڵات دەکــەم هــەروەها سەرەخۆشــی کوشــتنی کوڕەکەیــشی لێکــردم منــیش گــووتم : ســەرۆك ئــەبو لقمــان بــڕوات هــەبێ هەرچــەندە لــە (دحــام)م، زیــاتر نــەبوو بــەڵام هێنــدە غــەمبارنیم چــونکە ئێمــەی عــەرەب تاوانبــارین هاتوینەتــە ســەر خــاکی کوردانو پێشێلی دەکەین! قورئــانی گــەورەیش ڕێگــەی ئــەو بەرگریکردنــەی بــەئێوە داوە.. لــە جیــاتی هــەموو ئــافرەتێکی عــەرەبی خــوارروو داوای لێبوردنت لێدەکەم چونکە کاتێ تەرمی منداڵــەکانیان بــۆ دێتــەوە لــە شــینو واوەیلادا لەسەر نەریتی خۆمان (هۆسەیەکمان)هەیــە ئافرەتــان دەیڵێنــەوە :

- ترگاعـە لفـت بـرزان بـيس باهـل العمـاره — ئەمەیــشیان هــەر لــەوە هــاتوە چونکە خەڵکێکی یەکجار زۆری شاری (العمارە) لە کوردستان کوژراوە!

بــەر لــەوەی (ام دحــام)جێهــێلین هەڵــسایەوە ســەرپێ و ڕووی لــە شــاری (کربلاء ) کردو گووتی : انتخی العباس ابو فاضل ليحرگ هـذا المجـرم صـدام مثل حرگه سلام عارف واتە پــەنا بــۆ ئیمــام عــەبباس دەبــەم ئــەو صدامە بسووتێنی هەروەکو عبدالسلام عارفی سووتاند .

مــن هــەر زوو لــە ناحیــەوە ســەردانی نــاو شــاری ناصــریەم کــردو لــە کتێبخانە گەورەکەی ناوەڕاستی بــازار نزیــك مزگــەوتی (معــروف ئاغــا) کــە

مزگەونی سونەکان بوو ئیشتراکاتم لە گەڵ هەندێك گۆڤار کرد لەسەرووی هەموویانەوە (افاق) کە (شفیق الکمالی) سەرنووسەرو (ناصیف عواد) خاوەنەکەی بوو.. ئێستایش نازانم ئەو چاوپێکەوتنەی بارزانی نەمر کە (محمد حسنین الهیکل) لە (تاران) دەگەڵی ساز کردبوو لە کام بڵاوکراوەم خوێندەوە (افاقی ئەیلول یان النهاری لبنانی یان الاهرامی مصری بوو) بەڵام دڵنیام کاتێ چاوپێکەوتنی (میشێل عفلق) م، لە (افاق) ی، ئەیلولی ١٩٧٥ خوێندەوە.. لە وەڵامێکدا دەڵێ : ئەگەر بێتو مەسەلەی کورد بەو شێوەیە چارەسەر نەکەین وەك بڵێی ئێمە لە زەمانی خولەفای راشدین ! تەمەڕوود دەگەڕێتەوە!! بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو قسەیەم لە گوێ دەزرینگایەوە.. ناخم دەیگووت : مەبەستی شەڕی (ڕەددەی) زەمانی ئەبوبەکرە.. ئەوەیش نەکرا، سوپاس بۆ خوا هەروەها دڵنیام شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە! .

لە زۆر شوێندا گوتوومە : قۆناغی زێڕینم بۆ خۆتەسقیف کردن ئەو چوار ساڵەی شاری ناصریەیە! بۆ چ کتێبخانەی گشتی یان (الحکیم) هەبوو لە شارو شارۆچکەکان وەك (مۆرانە) سەردانیم نەکردبێ ؟ بۆ کتێب هەیە لەسەر کورد لە کتێبخانەی گشتی ناصریە دووجارم نەخوێندبێتەوە؟ بەتایبەتی قەدەغەکراوەکان! چۆن؟

وەك میوانێکی هەمیشەیی ئەو کتێبخانەیە، تەلاتوفێك کەوتە نێوان بەندەو بەڕێوەبەرەکەی (فیصل السعدون) بۆیە رۆژێکیان دەستی گرتم و بەرەو (سرداب) بردمی کە چەندان گووشە کتێب لەوێ دانرابوو گووتی : کاکە هەر کوردێك سیاسی، ئەدیب، رۆشنبیر، کارمەند بۆ ئێرە

دوورخرابێتەوە لەکاتی گەڕانەوەی کتێبەکانی خۆی پێشکێش بە ئێمەی کردوە.. ئەمجۆرە کتێبانەش ناونووس ناکرێن بۆیە هەرجارەی لیستی قەدەغەکراو (ممنوعات) دێت، ئەوانە لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە بۆیە تا ئێستا ماون! چیم بینی خوایە.. لە ١٩٤٩وە، مامۆستا (جمیل رۆژبەیانی) کاتێ ئیمام و وتارخوێنی مزگەوتی معروف ئاغا بوە یان مامۆستا (فهمی جمعە جاف) یان....... هتد! یەکەم کتێب کوردستانی ئەمین زەکی کە نەخشەی کوردستانی گەورەی وەك پاشبەند تێدا بوو خوێندمەوە سەرەڕای کتێبەکانی دیکەی، کتێبەکانی مامۆستا سەجادی، کتێبێك بە ناونیشانی الکاکائی، هەروەها بە ناونیشانی (الشبك)، لەوێ ئەو دێرە شیعرەی (امیر الشعراء احمد شوق) م، خوێندەوە کە دەڵێ : <u>سمعت من ابی وهو قائل من كرّد أصلي جئت في العرب ناشئا</u> .

لە کتێبخانە گشتیەکانی (الحکیم) درێغیم لە خوێندنەوە نەکرد هەرچەندە کتێبەکان بۆ ئەوکاتی من زۆر وشك بوون بە تایبەتی (نهج البلاغە) کە پەییم پێ نەبرد! بەڵام کتێبێکی چیرۆکی پێغەمبەرانم خوێندەوە تێیدا نوسرابوو ئەو کەسەی فەرمانیداوە بە سووتاندنی حەزرەتی ئیبراهیم (هەینون) ناوێك کە کورد بوە ! لەلایەك خۆشحاڵ بووم کە کورد لەوکاتەوە هەبوون و فەرمانیان داوە، لە لایەکی دیکە نابوایە ناومان بەمجۆرە بکەوێتە نێو کتێبان! لە ناخمدا دەمگووت : بە خوا ناوەکەی هەلەیە بەڵکو (هەینی) ە!

هەروەها (أربعة قرون في تأريخ العراق الحديث لۆنگرێك ترجمەی جعفر الخیاط و تأریخ العراق المعاصري (سلیمان النوار) کە ئوستادی

زانکۆی - عـین شمـس - بـوو خوێنـدەوە) کـە بـاس لـە زەمـەنی وەهابیـەکان دەکــات و چــۆن (پــیر رجــب الزیبــاری العقــراوی) دەگــەڵ هێنــدێ لــە پسمامەکانی چوینەتە بانگوهاواریان! .

زۆر موتابەعەی نووسینەکانی (محسن جمـال الـدین) و (احمـد القیـسی) م، دەکرد کە لە (العراق) گۆشەیان هەبوو بە نێوی ( علمـاء الکـرد أبحـروا في علوم الآسلام).. هەر لەوێوە شتی بچووك بـچوکم بـە عـەرەبی دەنووسـی بـۆ رۆژنامەی (العراق) کە کاك (صالح حیـدری) سەرنووسـەری بـوو.. سـەرەڕای ئەوەیش لە یادی نەورۆزدا پۆستەری بـچوك بـە وێنـەی خۆمـەوە دروسـت دەکردو بە دیاری بۆ بەڕێزان (صالح حیـدری لـە بەغـدا، ممتـاز حیـدری لـە هەولێر، مامۆستا حمەی مەلا کریم لە مجمع علمـی کوردی، شاعیری دوورە وڵات هێمن موکریانی دەنارد هەروەها نامە گورینەوەم دەگـەڵ دەکـردن تـا ئەوکاتـەی بـەر لـە گەڕانـەوەی مامۆسـتا هـێمن بـۆ رۆژهـەڵات بـۆ دیـداری هاتمە بەغداو ژوانێکمان لە بارێك (تاج محل) لە (کەڕادە) لـە کۆتـایی سـاڵی ١٩٧٨ دیـاریکردو بـۆ چـەند سـەعاتێك یـەکترمان بـینی و وێنەیـەکمان بـۆ یادگـاری کێـشاو باسمـان لـەوەکرد ئەگـەر بتـوانم کۆنـە نووسـینەکانی لـە دووتـۆی کتێبێـك چـاپ بکەمـەوە، ئـەوەبوو بـە ئاگـاداری مامۆسـتا محمـدی مەلا کریمی مدرس بە تەنسیق دەگەڵ خوشکە (حلیمە حسین بـارزانی) کـە ئەویش ئەو بڕیارەی لە گەڵ مامۆستا دابـوو.. دوو نامیلکـەی (دڵـی شـاعیرو رێزی نان بگرن) م، چاپ کردەوە .

ئـەو سـەربردەیەی دەگێڕمـەوە زۆر سـەرنج ڕاکێـشە.. کـاتێ منـو (سـت فاطمـة) دەسـتە خوشـکی دایکـی نـسکۆ کـە خـەڵکی (الغـراف) بـوو دایکـی

نسكۆمان هێنایە نەخۆشخانەی ناصریە بۆ ئەوەی منداڵی ببێ.. منداڵەكە لەسەر دەستی دكتۆرە (ناهیدە سعید كریم [1]) كە ئەویش وەك ئێمە لە شۆڕش بوو زۆر بە ئازار لە دایك بوو، گووتی : سوپاس بۆ خوا دایكەكە دەرباز بوو بەڵام كچەكە لەبەر شەكرەی دایكی مرد! ستەرەكان لە ژوورێكی لاچەپیان دانابوو ئاگاداری منیان كردەوە بۆ شاردنەوەی! كاتێ هاتمە ژوورەكە بوتلێكی ئۆكسجین لەوێ دانرابوو.. منیش سۆندەكەیم گرتە دەست، قوفڵەكەیم كەمێك شلكردەوەو ئۆكسجینم لە دەموچاوە مۆرهەڵگەڕاوی (غەمگین) ی، كچم ڕشاند دوای چەند چركەیەك جوولا.... یەك بە دەنگی خۆم هاوارمكرد ما ماتت، ما ماتت.. بە غاردان بۆلایان چووم كاتێ هاتن بەرەو ژووری تایبەتیان برد.. سوپاس بۆ خوا ئێستا شووی كردوەو سێ منداڵی زێدە جوانی هەیە (سبحان الله) .

كاتێ نفووسی منداڵەكانم لە ناصریە دەرهێنا حاكمی ئەوكات (جمال شریف) بوو كە وەختانێك سەرۆكی ئەنجومەنی ئۆتۆنۆمی بوو لە دوای ١٩٩٥وە، لە هۆڵەندا لە شاری (ئینشخدێ) دۆزیمەوە، كاتێ رەگەزنامەی منداڵەكانم لە ناصریە دەرهێنا بەڕێوەبەرەكە خەڵكی سلێمانی بوو بە نێوی (نەوزاد) واتە سەردەمانێك بەڕێوەبەری زۆربەی دامودەزگاكانی ناصریە كوردی لێهاتوو بوون.. چونكە هەموویان لە كوردستان دوورخرابوونەوە .

ئێستایش لە ناوچەكە بوەتە مێژوو كە ئەو دەربەدەرانەی كورد لە

---

[1] - خوشكی نەزیرەخان یەكەم ژنی هونەرمەند شەماڵ صایب كە ئێستا لە هۆڵەندایە ئەگەر هەلە نەبم باوكیان لە رادیۆی بەغدا كاری كردوە .

(الغـراف) چـۆن توانیمـان پێکـەوە گـەورەترین ئاهـەنگی میللـی بـۆ جـەژنی نەورۆزی ١٩٧٨ بگێڕین ئـەو خەڵکـەی ناوچـەش بـە دۆڵمـە خـواردن و چای سەماوەرو جلوبەرگی رەنگاورەنگی کچۆڵانمان سەرمەست بکـەین.. بـە هـیچ شێوەیەك لە یادم ناچێ ئـافرەتێکی بەساڵاچـووی ماڵـە شـێخان کـە خـەڵکی ناوچـەی مەرگـەو پـشدەر بـوو کۆڵوانیـەکی نایـابی بەسـەر مـلان شـۆڕ کردبـوەوەو بوخـچەیەکی بـە کـۆڵ خـۆی دادابـوو بـۆ چـەند چـرکەیەك بـە ئەسـتغفروللا ئەسـتغفروللا سەرچـۆپی شـاییە رەشـبەڵەکەکەی گرتـو لەنێوماندا راوەستاو گووتی : ئەو کوردە هێشتا کـۆڵی دەسـەر پـشتانە، بۆیـە لە خودای گەورۆنە دواکارم بە یەکجاری بگەڕێینەوە هۆبەوهەواری خۆن .

جگە لەو یادگارانـەی ئـەو (٤٤) مانگـەی دەربـەدەریم لـە (ناصـریە) کـە لەسەرەوە باسـم کـردوون بـە ئەسـتەمی دەزانم ئـەو چـرکە بیرەوەریانـە بـە مێشکمدا دێن و دەچن گرینگیـان پـێ نـەدەم، ناسـیاویم دەگـەڵ خانـەوادەی ئەسعەد ئاغـای هـەرکی و منداڵـەکانی چونکە ئەوانـە شـوێن پەنجـەیان لـە خـەباتی کوردایەتیـدا هەیـە، هـەروەها چـەند دیـدارێك لـە گـەڵ مامۆسـتا (شێخ الله ابراهیم [1]) کـە هـەر زوو پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە کـردو لـە پـێش

[1] - تەنیا بۆ خۆشی دەبگێڕمـەوە.. عەسرانێك کە کوردەکان لـە چایخانە گەورەکـەی (الـشطرة) دادەنیـشتین، بـازاڕێکی ژنانـەی خـۆش (أم الروبـة) ئەوانـەی ماسـتیان دەفرۆشت یـان هـەر شـتێکی دیکە، منـو کـاك شـێخ الله بـۆ پرسـینی نرخـی جامـە ماسـتێك رووبـەرویان لەسـەر چنـچکان دانیـشتین کـاك شـێخ الله بـە عەرەبیـەکی خـراپ گـووتی (رۆبـە بـێش؟) ئافرەتەکـەیش شـارەزای کـاك شـێخ الله بـوو کـە مرۆڤێکی شەرمنە.. دەستی بۆ دەهێناو دەیگووت : (لا لا گول ویـە رۆبـە بـێش؟!) کـاك شـێخ الله ش لـە شـەرمان سـوور هەڵدەگـەڕا، ئیـدی ئـاوا بـە پێکـەنین چـەند

چاوان وون بوو، یان کاك (ئەحمەد فتح الله) ناوێك کە لە (دەشتیۆ) لە گەڵ کۆمەڵێك سەرکردەو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوو .

لە نێو حەشاماتی دەربەدەران لێرەو لەوێ مقۆمقۆ دەستی پێکرا کە بەڕێزان  علی عەسکەری کە بەڕێوەبەری البلدیاتی الرفاعی بوو، ملازم تایەر علی والی، علی هەژار هاتونەتە دیداری خەڵکانێك بۆ دروستکردنی بزووتنەوەیەك.. بەڵام ئێمە هیچمان نەبینی! هەروەها گیرانی هەندێك برادەاران لە (الشطرة) وەك کاك رسول محمودی هاوپۆڵم کە ئێستا لە (هۆڵەندایە) هەروەها کاك عبدالرحمن حاجی علی خەڵکی ناوچەی بنگرد بوون کە ئێستا لە (رانیە) دەژی، سەردانیمان لە گەڵ دایکی نسکۆی خێزانم بۆ لایان هەرچەندە ئەو دوو برادەر سەر بە رێکخستنی (کۆمەڵە) بوون بەڵام گرتنەکەیان زیاتر ئیداری بوو کە لە (ئاگرکوژانەوە دامەزرابوون) ، رۆژێکیان بەندەو کاك رسول محمود  بۆ کاروباری ئیداری

---

ساتێکمان ڕادەبوارد! هەر لە روانگەی ژنە ماستفرۆشەکان سەربردەیەکی خۆش هەیە کە بەندە لە دانیشتنە خۆشەکاندا بۆ پێکەنین دەیگێرمەوە : دەگێڕنەوە←
←ئەو ژنانە سێنی ماست لەسەر سەری خۆیان دادەنێن لە گەڕانەوەیاندا بە لێواری ئەو ڕووبارەی نێو (الشطرة) پیاوێك دەبینن گامێشێك بە دوای خۆی ڕادەکێشێ.. ژنەکەیش بە دەنگێکی بڵند دەڵێ :

- هۆ خویە، یەبو الثور..     هۆ براڵە.. خاوەنی گامێش
- ها خویة شمالچ؟!   ها خوشکۆڕێ چیتە؟!
- انا خایفە!          من دەترسم!
- بویە عەلێمەن خایفە؟!  خێرە لە چی دەترسی؟
- خایفە تربط ثورك.. أهناە گێش! دەترسم گامێشەکەت ببەستیەوەو ئیروکانە تەنکاییە بۆم ببەڕیەوە!!!

لـە بالاخانـەی پارێزگـا بـووین کـوردێکی مانـدو و زمانـنـەزان کەوتـە بەرچاومان ئێمەیش لە روانگەی (کوردایەتی) لێی نزیـك بووینـەوە بۆمـان روون بـوەوە کـە هاتۆتـە سـەردانی مالۆمنـدالی دەستبەسـەرکراوی پێشمەرگەی قارەمان (سلێمان بیرێژی).. بێ سێوودوو کارە ئیدارییـەکانمان بۆ مەیسەر کردو پێکەوە چووینە کۆنە قەسابخانەی شار کە ئـەوانیان تێدا حجـز کرابـوون بـە دیـداریان شـاد بـووین.. ئەگـەر هەلـە نـەبم ژنـە بـچووکەکەی بیرێـژی نێـوی (جمیلـە) بـوو، ئـەوانیش بـەم سـەردانە گەشانەوە.. لـە دوای ماوەیـەك ژنـەفتم کـە بـاوکی شـەهید سلێمان بیرێـژی لەنێو سجن کۆچی دوایی کردوە .

دوابەدوای ئەوە کە رژێم هەستی کرد ئێمـەمانان تێکـەڵبوونمان دەگـەڵ ناوچەکە ئەستەمە بۆیە بە دوو قۆناغ رێگای خۆشکرد بۆ گەڕانەوەمان :

١- لـە سـالی ١٩٧٧ هـەر کەسێك فەرمانبـەر یـان کرێکـاری فـەرمی نـەبێت دەتـوانێ لەسـەر ئـەرکی تایبـەتی خـۆی بگەڕێتـەوە کۆمـەڵگا زۆرەملێیەکان .
٢- لە سالی ١٩٧٩ هـەموو فەرمانبـەرێك یـان کرێکـاری فـەرمی بـۆی هەیـە شوێنێك لە دەزگایەك لە شاری خۆی بدۆزێتەوە (عـدم ممانعـه) ئینجا بە فەرمی خزمەتگوزاریەکەی بگوازێتەوە ئەوێ .

بەندە وەك (پشکێنەر) لە مصلحه نقـل الرکـاب، هـەروەها دایکـی نـسکۆ وەك (مامۆسـتای سـەرەتایی) بـە فـەرمی لـە ١٩٧٩/٥/٣١ بـە یـەکجاری گەڕاینەوە زێدی بابوباپیران، سـەرەڕای ئـەو دڵخۆشـیەمان بـە گەڕانـەوەمان بـۆ شـاری هـەولێر.. هێنـدەی نـەبرد (زەرێـخ) ی، زڕدایکمـان کـە هـەردەم

هەوێنی خۆشەویستی خانەوادەکەمان بوو بە داخەوە بە کوێری کۆچی دوایی کرد لە گۆڕستانی شێخ معروف نزیك گۆڕی حەسەنی جوانەمەرگ، عەدۆی باوکم، یاسینی مامم نێژرا (شایانی باسە زەرێخی دایکم لە دوای جوانەمەرگی برام چوەتە زیارەتی (نەبی یونس) لەوێ داوای کردوەو گوتوویەتی : یونس پێغەمبەر ئەو چاوەی تا دوێنێ حەسەنی نازداری پێ دەدیت.. یاخوا کەسی دیکە نەبینێ! هەروەکو دەگێڕنەوە لە گەڕانەوەیان لەسەر گەورە پردی (کەلەکی یاسین ئاغا) کوێر دەبێت – سبحان الله - .

هەروەکو گووتم : بەندە ماوەیەکی کوورت بە (جابی) ئینجا (پشکێنەر) دوایی (کاتب طابعة) لە دواییدا (معاون محاسب) تا ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام بووم ئینجا بە ڕێگای لێژنەی پزیشکی بە هاوکاری (ڕەمزیە سلێمان) خێزانی کاك ممتاز حیدری خۆم خانەنشین کرد چونکە کۆی خزمەتم لە گەڵ سەربازی گەیشتە (١٥) ساڵ بەمەیان توانیم واتە (اسباب صحی) لە جیش الشعبی و لە دواییدا بانگکردنەوەی سەربازی دەربازم بێت.

دایکی نسکۆش لە قوتابخانە (نێرگز) لە نزیك معمل النسیج دەستی بە دەوامکردن کردو لە ١٩٨١/٨/٢٤ خانوێکم لە خانوە نوێکانی مصلحه نقل الرکاب نزیك مزگەوتی عمر بن الخطاب لە گەڕەکی ڕاپەڕینی ئێستا کە جاران نێوی (٧ نیسان بوو) وەرمگرتبوو لە کاتی خانەنشینم توانیمان بگوازینەوە سەر ناوی (فوزیە صدیق) ی، خێزانم چونکە پەروەردەش سەر بە الادارە المحلیە بوو .

بەندەیش ڕۆژانە سەردانی کتێبخانەی (کاك ممتاز الحیدری) لای

باڵاخانەی پارێزگای کۆن لە دواییدا پشت سینماء صلاح الدین، یان بارەگای یەکێتی نووسەرانی هەولێر یان سەردانی گوندێك بۆ کۆکردنەوەی بابەتێکی فۆلکلۆری دەکرد.. کاتێ دکتۆر عبداللە ئاگرینش لە خوێندن تەواو بوو کاك حمدەمین شەمبی ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان منی بە پەیامنێری گۆڤاری (کاروان) قەبوڵ کردم کە تا هاتنی حکمت ئەتروشی کە پیاوێکی چاك نەبوو! بەنێوی نسکۆ راپۆرتە رۆشنبیری و هونەری هەولێرم بڵاودەکردەوە ، شایانی باشە ئەو جوامێرانە واتە محمدەمین شەمبی و کاك محمد محێدین هەرچەند سەر بە رژێم بوون بەڵام خزمەتێکی زۆری ئەدەب و رۆشنبیری و هونەری کوردیان کردوە هەر لەو ماوەیەدا بە هاوکاری ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان نامیلکەی (بەیتی ئایشە گوڵ) یان، بۆ چاپ کردم لە دواییدا (لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی کورد) هەر لەو ماوەیەدا رۆژنامەی (کاروانی وەرزش) چاوی هەڵێناو بەندە ماوەیەك (١٢) ژمارە وەك سەرپەرشتیاری چاپ و گۆشەنووسی (خۆزگە) کارمکرد .

لە زۆر رووەوە بۆ ئێمە ماوەیەکی دژوار بوو کە تێیدا دایکم (مامز مەلهەم) کۆچی دوایی کردو دایکی نسکۆ لەبەر نەخۆشی (شەکرە) کچێکی بە مردوویی لە دایك بوو ئینجا کوڕێکمان کە نێونرا (دژوار) لەبەر هەمان نەساغی بۆمان نەما! مامەم (یاسین)یش، کۆچی دوایی کرد.. بۆ خۆیشم لەوکاتەوە تا ئێستا (٤) نشتەرگەری گورچیلەم بۆ کراوە [1] .

---

[1] - هەروەکو لە سەرەتاوە نووسیومە کە دایکم زەرێخ بە منداڵی بە مژین بەردێکی لێم دەرهێناوە! بۆ جاری دووەم لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ لەسەردانێکمدا بۆ ماڵی

له هاوینی ١٩٨٥ برایان مامۆستا سعدون یونس و كاك زاهیر عبدالله له ماڵەوه سەردانیان كردم بۆ چاوپێكەوتنم له بەرنامەی گۆڤاری (هونەر) كه هەردووكیان له تەلەفزیۆنی (كركوك) ئامادەو پێشكێشیان دەكرد، له دواییدا لەسەر حەزی ئەوان گۆشەی (كتێبی فۆلكلۆری) م، له بەرنامەكەی

براكانم عومەرو عوسمان له ئۆردوگای (زێوه) ی، نزیك (ورمێ) بەردێكی ←گەورەم فڕێداو بۆ چارەسەركردن شۆڕش ناردمی بۆ نەخۆشخانەی (ڕەزاییە) ئەمجارەیان لەسەر دەستی دكتۆر عبدالرزاق دەباغ له ١٩٨١ یەكەم نشتەرگەری بەرد دەرهێنانم له نەخۆشخانەی كۆماری هەولێر ئەنجامدا، بۆ چارەسەركردنیش له ١٩٨٢/٦/٢٢ سەفەرێكی (٢٥) ڕۆژەم بۆ وڵاتی توركیاو بولغاریا كرد، كه لەوێ فارس باوه، حنا خەیات، حمه زیاد شەلم له (صۆفیا) بینی و حیوارێكی نەخوازراو له نێوان بەندەو كاك فارس دروست بوو بەڵام له دوای ڕاپەڕیندا لەیەك ئاشكرابووین و نزیكەی (١٣) چاوپێكەوتنم دەگەڵی ئەنجامدابوو.. دوادیدارمان بە ئامادەبونی خوشكه سعاد دایكی بڕیارو كاك عبدالخالقی خەزووری بۆ ئەوەی دوا دیداری دەگەڵ ساز بكەم تاكو مەسەلەی (نەمسا) م، بۆ باس بكات بە داخەوە كۆچی دوایی كرد كه له كاتی خۆیدا ئەو باسەم له كتێبەكەم (بیرەوەری تاڵوسوێری نامۆییم) كه له ساڵه ١٩٩٩ بڵاوبۆتەوه، دووەم نەشتەرگەریشم نەخۆشخانەی كۆماری هەولێر له ساڵی ١٩٨٤ لەسەر دەستی دكتۆر جەودەت دەباغ ئەنجامدا، له كتێبی (لیرەیەك له گەنجینەی نەتەوەی كورد) نووسراوه كه چەند بابەتی فۆلكلۆریم له نەخۆشەكان وەرگرتوه هەروەها كتێبەكه به گشتی له نەخۆشخانه پاكنووس كردوه بڕیار بوو كتێبەكه ناونێم : (سیدۆمۆناسی كوشنده) به نێوی ئەو میكرۆبەی له گورچیلەمدا هەبوو! بەڵام چاودێری ڕێگای ئەو ناوەی نەدا بۆیه بە نێوی سەرەوەم بڵاوكردەوه، له ساڵی ١٩٨٧ یش، له نەخۆشخانه (ابن البیطار) له بەغدا لەسەر گیرفانی خۆم بە لێزەر نشتەرگەریم كرد.. دوا نشتەرگەری بۆ فڕێدانی گورچیلەی چەپەم له ١٩٩٧/١/٢٧ له نەخۆشخانەی (هینگلۆ) له (هۆڵەندا) ئەنجامدراوه.. لەوكاتەوه تا ئێستا بە یەك گورچیله مەمرەومەژی ژیان بەسەردەبەم!!

ئەوان ئامادەو پێکێش دەکرد ئینجا لەسەر داوای بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کرکوك بەرنامەی (لە کەلەپوورەوە) لە ئامادەکردن و پێشکێشکردنی خۆم یەکەم ئەلقەی لە ١٣/ئایار/١٩٨٧ پەخشکرا تا ڕاوەستانی لە ١٩٩١/١/١٧ شەوی بۆردومانی ئەمریکی دوا ئەلقەم (٨٣) پەخش نەکرا .

نەك لەبەر ئەوەی بەرنامەکە تایبەتە بە من؟ نەخێر بەڵکو لە روانگەی زێدە گرینگی بەرنامەکە کە تا ئێستا بوەتە (سەرچاوە) کەمێك باسی ناوەرۆکەکانی دەکەم :

- لە تەمەنی خۆیدا (١٤٤٤٣) نامەی بۆ هاتوە! لەسەرەتاوە تا دوا ئەلقە مانگانە لە رووی نامە یەکەم بوە .
- تەمەنی (٣) ساڵ (٨) مانگ (٤)رۆژ بوە .
- (٨٣) ئەلقەی دەرەوەو ناوەوەی تۆمار کراوە و (٨٢) ئەلقەی پەخشکراوە .
- (٥٤) نووسەر، حەیرانبێژ، لاوکبێژ، زووڕنا ژەن، نای ژەن، وەستاسازی کارە مللیەکان بوونەتە میوانی بەرنامە .
- هیچ کاری میللی کوردەواری نیە بە فلیمی سینمایی (٣٥ ملم) تۆمار[1] نەکرابێت .

[1] - بەراستی خەڵکانێك لە روانگەی کوردایەتی ئامادەبوون خزمەتی بەردەوامی بەرنامەکە بکەن بۆ نموونە : جەنابی ئەنوەر بەگ بێتواتە دەورێکی یەکجار باشی هەبوو نەك تەنیا بۆ بەرنامەی من، بەڵکو بۆ تۆمارکردنی درامای کوردی، هەردەم دەرگای بۆ هونەرمەندان، رۆشنبیرانی کورد والآبوو یان یادکرنەوەی نەورۆزی کوردانە کە بەندە جارێکیان بە ئامادەبوونی (٥ – ٧) هەزار کەس لە (سەروچاوە) بەشداریم تێیدا کردوە .

- بوسلمان، مەسیحی، ئێزیدی [1]، کاکەیی بوونەتە میوان .
- باس لە هەموو کەلەپووری کورد کراوە نەك بە تەنیا ناوچەیەك لە شنگال تا خانەقی، لە دووزخورماتوو تا زاخۆ .
- جگە لە دەستخۆشی یارو نەیار هیچی ترم نەبیستوە .
- بەنێوبانگترین بەرنامەی میللی بوە لە باشووری کوردستان، خوارووی باکووری کوردستان ، رۆژئاوای رۆژهەڵاتی کوردستان .
- لە تەمەنی بەرنامەدا (١٠١٠) پارچە کەلەپووری کوردەواری لە بینەرانەوە بە دیاری بۆیان ناردین کە بەداخەوە لە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ بەندەیان ڕفاندو ماڵیش تالانکرا و ماڵومنداڵیش بۆ پیرمام شاروەدەرنران! کتێبخانە، ئارشێف، پارچە کەلەپووریەکان هەمووی لەلایەن کۆمەڵێك چەکداری یەکێتی بەتاڵان بردران.. شایانی باسە لە دواییدا ئاشکرا بوو کە ئەوانەی بەمکارە قێزەوەنە هەڵساون کوژران هێندێکیان تەرمیشیان دیار نیە! سبحان الله .

[1] - سەرەتا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن ئاگاداری کردمەوە کە دوورونزیك پەیوەندیم بە کەلەپووری ئێزدیەکان و کرکوك نەبێت.. بەڵام کاریگەری نامە زۆرەکانی بەرنامەو رەنگدانەوەی بەرنامە لەنێو خەڵکدا هۆیەکی سەرەکی بوو کە بەڕێوەبەر چاوپۆشی بکات، کاتێ (٣) جار هونەرمەندی ڕەسەنی ئێزدی (لەزگین سەیدۆ بابێ فیصل، خودێدە ئەلیاس بابێ ئازاد، خلف شنگالی) دوویان لە شنگال و یەکیان لە شێخان هێناومنە بەرنامە کە یەکێکیان عەگاڵ بەسەربوو! کاتێ ئیقناع بوو عەگاڵەی بێنتەخوارێ مایەوە بە جامانەی سوور کە ئەوکات جامانەی سوور قەدەغە کرابوو! یان هێنانی هونەرمەندانی کاکەیی و کرکوکی و مەسیحی .

- لە ساڵی ١٩٩٩ لە هۆڵەندا پووختەی نامەكانی بینەران و ناوەرۆكی بەرنامەكانم وەك كتێب بە نێوی (لەكەلەپوورەوە) چاپ كرد، لە ساڵی ٢٠١٥ ئەم كتێبەو ئەوانی تری فۆلكلۆریم (بەیتی ئایشە گوڵ، لیرەیەك لە گەنجینەی نەتەوەی كورد، ئەفسانەو گۆرانی كوردەواری، هۆنراوەو لاوك و حەیران، لەكەلەپوورەوە) لە كۆبەرهەمی فۆلكلۆریم بە (٦٥٦) لاپەڕەی گەورە بەچاپ گەیاندەوە .
- هەر لە روانگەی خزمەتكردنی كەلەپووری باوان ماوەی (٩) مانگ چەند ئاهەنگی فۆلكلۆری وەك بڵێی (ڤیستڤاڵی گۆرانی فۆلكلۆری و میللی) وەك ئاهەنگی یانەی مامۆستایان، ئاهەنگی شەقلاوە، ئاهەنگی دیانا و تۆمارگایەك بە نێوی (كوردەواری) لە دەلالخانەی (فەرهاد) لە هەولێر دامەزراند كە هەموو شتێكی كۆنم تێیدا كۆكردەوە كە بە داخەوە لە ڕەوكردنی ٣١/ئادار/١٩٩١ عەرەبەكانی (گوێڕ) هاتنە نێو هەولێر.. ماڵی خەڵك و ئەو بازاڕانەیان تاڵانكرد! كە تۆمارگەی كوردەواریش یەكێك بوو لەوانە!

# قۆناغی ڕاپەڕین
## ١١ ئادار/١٩٩١

چونكە ئەو بیرەوەریە بۆ مێژوو دەنووسرێتەوە بە پێویستی دەزانم ڕاستگۆیانەو واقیعانە تۆمار بكرێت لەهەمانكاتدا داواكارم لە هەر كەسێك كە نێوی لەم بیرەوەریەدا هاتوە مافی خۆیەتی رەخنە یان وەڵامدانەوەی خۆی هەبێت تاكو شتەكان وەك خۆی بێت .

بەندە لە دوای گەڕانەوەم لە ئێران لە ١٩٧٥/١٠/٥ تا ١٦/ئادار/١٩٩١ بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ حیزبێك بە پارتیەوە نەچوومەتە نێو ڕێكخستنیان!! بەڵام بۆ كوردینی بە هیچ شێوەیەك بە مەزندەی خۆم درێغیم نەكردوە، لە گەڵ بەرەبەیانی ١١/ئادار/١٩٩١ هەموو خەڵكی گەڕەكی (٧ نیسان) ئینجا (شەقامی شۆڕش، تەیراوە) تا بەردەرگای نەخۆشخانەی تەواری دەزانن كە بەندە بە خۆی وماڵومنداڵەوە دەگەڵ ئەو خەڵكە پەنگخواردەی هەولێر ڕژاینە سەر شەقام بە تایبەتی دایكی نسكۆ كە پەروەدەكارێكی نێوداری هەولێر بوو دەورێكی یەكجار باڵای هەبوو بۆ هاندانی گەنجان بۆ بەخشینی خوێن .

بۆ وەختی عەسر بەندە لە گەڵ كۆمەڵێك برادەران سەردانی بەرێزان كاك كۆسرەت رسول كرد كە لە باڵاخانەی ئەمینداریێتی رۆشنبیران و لاوان

بوو، بەرێزیشی زۆر بەرێزو حورمەتەوە پیشوازی کردم لە بەردەم ئەو خەڵکانە گووتی : هەر کەسێك (مەبەستی خەڵکی سەر بە رژێم بوو) لای کاك ئەسعەد عەدۆ خۆی ناونووس بکات پسولەی بۆ دەکرێت و کەس ناتوانێ دەستی بۆ درێژ بکات [١].

---

[1] - ئەو هەڵویستەی کاك کۆسرەت بەرامبەر بە من کە هەموویان دەیانزانی من نەك پارتیم بەڵکو مەلاییم جەنابی لای من بەقەدرتر کرد.. بۆیە تا ئێستایش لەلای خۆم مەنزڵەتی تایبەتی هەیە! جارێکی دیکە بەندە بابەتێکم نووسی و بەسەر حیزبەکان بڵاوکردەوە کە باس لە مەسەلەی تەلەفۆن وەرگرتن دەکەم لە زەمانی رژێم داوامکرد.. دەیانگووت برۆ ماڵی موخەربێك بدۆزەوە تا بددەینێ! لە زەمانی (بەرەی کوردستانی) گوتیان : برۆ ماڵێکی رەفیقان بدۆزەوە بددەینێ! کەچی عەسرانێك لە شەقامی چێشتخانەی کباب ئەربیل و تاجریان رەتلی کاك کۆسرەت کە منیان بینی راوەستان و بانگی کردم بە تەلاتوف گووتی دەمانکەیتە بەعسی؟! (ملازم کمال مەرزانی) سکرتێری بوو بانگی کردو گووتی بە (شاکر) بڵێن : لەسەر حیسابی (یەکێتی) هەر ئێستا تەلەفۆنێکی بۆ راکێشنە ماڵ ! جارێکی دیکە لەوکاتەی (ئەرسەلان بایز) بەرپرسی مەڵبەندی سێی هەولێر بوو لە ٢٩ – ١٩٩٤/١٢/٣٠ بە فەرمانی ئەو (٥٠) چەکدار بە بەرپرسی (ابو شهاب کرکوکی) بە (ئاربی جیبیەوە) ناردرانە سەرم و لە ماڵە جیرانان بەقۆڵبەست و چاوبەستان بەرەو بەندیخانەی سکرتاریەتی مام جلال بردم کە بەرپرسەکەی نێوی عەتا ئەحە سمێڵ برای هەلۆ کوردە بوو.. کاتێ دایکی نسکۆ تەلیفۆن بۆ تەلەفزیۆنی (گولان) دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە من رفێندرام.. کاك فازل میرانی گوێی لە هەواڵەکە دەبێت و بروسکە بۆ کاك مسعود بارزانی لێدەدا، ئەوکات ئەحمەد چەلەبی بەرپرسی لێژنەی (المصالحە) لای دەبێت جەنابیشی داوای لێدەکات بەهەر شێوەیەك بێت دەمەوێ دەربازی بکەیت، کاتێ هەواڵەکە گەیشتۆتە کاك کۆسرەت لە دوای نیوەشەو خەڵکی ناردە بەندیخانەو منیان گواستەوە (دار الضیافة‌ی مام جلال) لە گەرەکی (٧ نیسان) ئینجا مەسەلەی گۆرینەوەم دەگەڵ (علی چەلەبی) بەرپرسی پاسەوانانی دەنگی گەلی کوردستان کە لە شەرێك لە ←

دوابەدوای سەردانی کاك کۆسرەت.. چوومە سەردانی مامۆستا محمد مەلا قادر، شێخ الله، عبدالرحمن حاج علی، لە دوای ماوەیەکی دیکە بارەگای کاك عبدالمهیمن هاتە هەولێر شەوانە سەردانی ئەوێم دەکرد، هەروەها لە دواییدا لە گەڵ مامۆستا خالد سعیدو کاك مهدی عزیز یەکترمان ناسی ئینجا رۆژێکیان لە کۆڕێکی دکتۆر جەرجیس ئامادە بووم.. دیاربوو موناقەشەکەم سەرنجی دکتۆری راکێشا بوو .

لە دوای نیوەڕۆی ١٦/ئادار/١٩٩١ لەوکاتەی کاك خالد خۆشناو کە ئێستا خاوەنی هێمن گرووپە لە گەڵ چەند برادەرێك میوانم بوون.. بە هەڵەداوان کاك حسن نجار لێمان وەژوورکەوت و گووتی : هەڵسە!!!! جەنابی کاك مسعود بارزانی دەتیەوێ..؟؟!! منو کاك خالد خۆشناوو یوسفی هاوەڵزاوای بە ئۆتۆمبێلی کاك خالد لە گەڵ کاك حسن نجار رۆیشتین.. لە رێگای پیرمام لایداو ئێمەی بردە کۆمەڵگای (پیرزین) ماڵی (خار ئەحمەدی زارگەلی) کاتێ فرنسۆ حەریری منی بینی دەستی گرتم و بردمی بۆ ئەو ژوورە کە کاك مسعود لە گەڵ کوڕەکانی میرانی ئەنوەر

← هەلەبجە بە دیلی کەوتە دەست کاك محی الدین رەحیم.. بۆ ئێوارە براکانی علی چلبی لە گەڵ شێخ قادری کوێسەو نوێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی (مەلا قادری برایەتی) هاتن و منیش نامەیەکم بۆ کاك محی الدین رەحیم نووسی لە ئەنجامدا بە ئۆتۆمبێلی مەلا قادری برایەتی ١٩٩٥/١/٥ گەیاندمیانە (پیرمام) بۆ ئێوارە کاك سامی عبدالرحمن لەسەر شەرەفی بەردانم هەندێك برایانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کاك فەرهاد عەونی و کاك سعید خەتات بۆ خواردن بانگهێشتی کردین، دیسان کاك کۆسرەت لە کۆبوونەوەیەکیان گلەییەکی زۆری کردبوو کە چۆن ئێوە رۆژانە لە راگەیاندن بە ئەسعەد عەدۆ دەڵێن : چاوەش!! کەچی (٥٠) چەکداری دەنێرنە سەری؟!

بەگ و هەبباس ئاغاو تایەر ئاغای ئاکرەیی و خەڵکانێکی دیکەو خاڵی زێدە خۆشەویستم (عیزت سلیمان بەگ [1]) دانیشتبون.. کاک فرەنسۆ گووتی : ئەزبەنی ئەوە ئەسعەد عەدۆی ئامۆزامە! ئێمە لە دین دەبین بەلاّم لە خوێن نابین! بەم قسەیە کاک مسعود بۆی روون بوەوە کە بەندە (بندیانە)، هەر لەو مەجلیسەدابوو کاتێ کاک مسعود دوو نمونەی هێنایەوە بە کاک حسن نجارو کاک عبدالله مهندس برای فەتتاح ئاغا کە چۆن گوێڕاڵی ئامۆژگاریەکانی نەبوون بۆیە هەردووکیان زەرەرمەندبوون کاک عبدالله شەهید کراو کاک حەسەنیش بەندی هەتاهەتایە .

کاتێ کاک فللك الدین کاکەیی بەر لە رۆیشتنی بۆ (سووریا) نامەیەکی

1 - تا دونیا ماوە ئەو پێهەڵدانەی خاڵ عیزەت لەبەردەم کاك مسعود بارزانی و ئامادەبوان تەوقێکە لە ملم! لە دوای چاکوخۆشیم و چوونە دەستی کاك مسعود.. مام عیزەت کە لە رۆخی دانیشتبوو هاتە ناوەڕاستی ژوورەکەو گووتی : کاك مسعود جەنابت لە شاخەکانی کوردستان شۆڕشت هەڵگیرساند، ئەسعەد عەدۆش لە ژێر ئاڵای صدام حسین شۆڕشی فۆلکلۆری و هونەری هەڵگیرساند! بۆیە شوێنی خۆمی بۆ چۆڵ دەکەم!
لە دوای کەمێك جەنابی کاك مسعود فەرمووی : دەمەوێ هێندێك قسە بۆ خەڵك بکەم.. ئینجا منیش هەڵسام، بەرمیلێکی نەوتم هێناو نیمدەرێکم لەسەری ڕاخست و هەندێك دروشم و شیعری سیاسیم خوێندەوەو خەڵك تا دەهات کۆدەبونەوە.. ئینجا کاك مسعود هاتە سەر بەرمیلی نەوتەکەو قسەی کوردانەی بۆ خەڵك کردو دڵنیایی دایە خەڵك لە کۆتاییدا من دەچم بۆ (مەلا ئۆمەر) تۆو حەسەنیش بڕۆنە (دیانا) لەوێ بن بە بروسکە ئاگاداری یەکتر دەبین، کاتێ کرکوك لە رۆژی نەورۆز پاککرایەوە کاك مسعود بە بروسکە ئاگادری کردمەوە کە ئاهەنگێك ساز بکەم چونکە دوای نیوەڕۆ کاك شێروان محسن دزەیی کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی بیانی دێنێ.. لەوکاتەوەو تا ئێستایشی دەگەڵ دابێت من لە نێو راگەیاندی پارتیماندا کار دەکەم .

بۆ كاك نێچیرڤان بارزانی دەرهەق بە من نووسیبوو، بۆ ئەو مەبەستە بە دیداری كاك نێچیرڤان شاد بووم، بە بروسكە ئاگاداری راگەیاندن كە ئەوكات (حبیب محمد كریم [1]، مسعود ساڵەیی، رێبوار یەڵدا) لەوێ بوون، هەروەها لقی دوو كە ئەوكات كاك (ئازاد قەرەداغی) لەوێ بوو كردەوە كە بەندە لە ١٩٩٢/١/٢٧ بە بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەولێر دامەزرا، ئەگەر هەڵە نەبم یەكەم چالاكیم لە ٢١ شوباتی ساڵی ١٩٩٢ بوو.. كە كۆنگرەی (لیلی قاسم) ئافرەتانی كوردستان لە هۆڵی (میدیا) لە ژێر چاودێری كاك نێچیرڤان بارزانی بەسترا بەندەیش وەك پێشكێشكار بەشدار بووم هەواڵەكانی پارتیمان پەیتا پەیتا بە رێگای (گەراج) دەمناردن بۆ رادیۆ لە (شەقلاوە).

سەرەتا برایان هاشم رێكانی و عومەر سەید زادەم لە نووسینگە دامەزراندو لە دوای ئایاریش كاتێ تەلەفزیۆنی لۆكاڵی كوردستان دامەزرا برایان سامی فەقێ وەك پەیامنێرو عبداواحید بێركۆتی وەك وێنەگر دامەزراند لە پاش ماوەیەكی دیكە كاك (شێرزاد عبدالرحمن) لە

[1] - بۆ یەكەمجار بەندە لە مانگی ١٩٧٥/١٠ لە ناصریە سەردانی مامۆستا حبیب محمد كریمم كرد كە (مدیر البلدیات) بوو، هەرچەندە لوتفی زۆر نەبوو كە لە دواییدا بۆی گێڕامەوە گوایە لە دەوروبەری خۆی دەترسا! لە كاتی سەرنووسەریدا پرسیارێكم ئاراستەكرد كە بۆ گەڕایەوە ناو رژێم؟ گووتی من هاتم بۆ (قاهرە) لەوێ دكتۆر فؤاد معصوم هاتە لام بۆ ئەوەی لە حیزبە نوێكە لەگەڵیان بم ,, بەڵام لەكاتی گفتوگۆكردنماندا هەستمكرد زەمەنی جەلالی و مەلاییە دووبارە، بۆیە دوابڕیارم گەڕانەوە بۆ عیراق بوو (بە مەزندەی من مامۆستا هەر زوو بڕیاری گەڕانەوەی دابوو) .

نووسینگە وەك نووسەر دامەزراند، بۆ یەكەمجار بەشداری ساڵگەردی بارزانی نەمرو ئیدریسی جوانەمەرگ كردو لە هەولێرەوە بە ڕاستەوخۆ بۆ رادیۆ گواسترایەوە، هەروەها لە ١٢/نیسان/١٩٩٢ وتاری سەردانی كاك مسعود بارزانی لە هەولێرەوە ڕاستەوخۆ بۆ رادیۆ گواستەوە تێیدا

بەشدار بووم سەرەڕای بەشداریم لە ئاهەنگی پێشوازی (چیفری ئارچەر) نوێنەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە فرۆكەخانەی دیانا، تۆماركردنی هەموو چاوپێكەوتنەكانی هێزا بارزانی لە گەڵ چین و توێژی مامۆستایان، ئەندازیاران، پارێزەران.... هتد، لە دوای مۆنتاژ بە (گەراج) دەمنارد بۆ شەقلاوە.. (٢١) رۆژەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان لە ٢/ئایار/١٩٩٢ تا ٤/حزیران/١٩٩٢، چاوپێكەوتنم هەروەها بەشداریم بە وتار خوێندنەوە لە پێشوازی مەدام میتران لە پەرلەمان و یانەی ئەندازیارانی هەولێر، ئامادەو پێشكێشكردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆ (بەرئاگردان، خۆزگە، هەڵبژاردن، زبارەی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، لەكەلەپوورەوە)، مەسحكردنی كوردستان - دۆڵی بارزان، دۆڵی خۆشناوەتی، دەڤەری بادینان، دۆڵی خەلەكان، چەمەچەماڵ و شۆڕش)، سیمناری شۆڕشی گولان، كۆنفرانسی ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، سەرەڕای جموجۆڵی رۆژانەی رۆژنامەوانی.. بۆ ئەوەی بتوانم بە باشتر كارەكانی راگەیاندن راپەڕێنم كاك نێچیرڤان پارەی سیارەیەكی (بەڕازیلی مۆدێل ١٩٨٧) بە (٢٣) هەزار دینار بۆیان كریم و كۆنە دەمانچەی كاك ئیدریس بارزانی كە لەبەر پشدێنی كاك بارزان كوڕی لقمان بارزانیدا بوو بە دیاری پێشكێشمكرا .

لە دوای چەند دانیشتن و چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لە دوا کۆبونەوەدا لە ژووری مامۆستا علی عبدالله بڕیاردرا ڕۆژنامەی ڕۆژانە دەرچوێنین.. ئەوەبوو لە ١٩٩٣/١/١٧ بڕیاردرا : کارمەندانی تەلەفزیۆن لە نووسینگە بگەڕێنەوە بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆن لە پیرمام هەروەها ئەوانی تریش (بەندە، هاشم ڕێکانی، عومەر سەید زادە، شێرزاد عبدالرحمن) بۆ ڕۆژنامە.. بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەك پێکهات لە حبیب محمد کریم، زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەسعەد عەدۆ، زادوق ئادەم) بۆ دۆزینەوەی شوێن و کڕینی کەلوپەلی پێویست.. کاتێ ڕاگەیاندن بە یەکجاری هاتینە هەولێر تەنیا چەند کارتۆنێك بوو کە شوێنی لە صندوقی بەڕازیلی من دەبۆوە! لە ١/ئادار/١٩٩٣ یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە نێوی (التاخی) بە عەرەبی لەسەر هەمان ژمارەی پێشوتر دەرچوو بۆ ڕۆژی پاشتر ٢/ئادار/١٩٩٣ بوو بە ڕۆژنامەی (برایەتی) ڕۆژانە بە زمانی کوردی لەسەر هەمان ژمارەکانی پێشوو کە بەرێزان : حبیب محمد کریم سەرنووسەر، زاهیر ڕۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر، ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسین، محمد زادە بەڕێوەبەری هونەری (شایانی باسە یەکەم بارەگامان لە هەولێر لەسەر شەقامی شەست مەتری کۆنە چێشتخانەی الاسماك نزیك شوققەکانی ئیسکان روو لە ڕۆژئاوا بووین، لە دواییدا گواستراینەوە بینایەی نزیك سەرۆکایەتی زانکۆی صلاح الدین شەقامی کرکوك .

کاتێ یەکێتی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێی) دەرچواند کۆمەڵێك برادەر بۆ نموونە کاك نەژاد عزیز سورمێ و کاك ممتاز حیدری وابزانم بۆ ماوەی (٩) مانگ لەوێ کاریانکرد هەریەکە بەجۆرێك لەوێ نەمان.. من

لەلای خۆمەوە کارم بۆ هەردووکیان کرد کە لەو بارودۆخە ناسکەی ئابووری کارێکیان بۆ بدۆزرێتەوە بە تایبەتی نەژاد لە بارێکی یەکجار دژواردا دەژیا! لە ڕێگای کاك فرنسۆ حەریریەوە کاکە نەژاد وەك سکرتێری ڕۆژنامەگەری کاك مسعود بارزانی دامەزرا، هەرچۆنیەك بێت مامۆستا حبیب هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە لە نزیکەوە قسە لە گەڵ کاك ممتاز بکات (بە ئیلحاحی بەندە مامۆستا لاری نەبوو وەك بەرپرسی لاپەرە (٨) بە مووچەی (٨٠٠) دینار وەك هەموو بەرپرسی لاپەرە دابمەزرێ) کاتێ مامۆستا باسەکەی لەگەڵ کرد دیاربوو کاك ممتاز گوتبووی : من ناتوانم وەك بەرپرسی لاپەڕە لەژێر دەستی کاك ئەسعەد کار بکەم! مامۆستاش بەسەر سوڕمانەوە پێی گوتبوو : تۆ دەزانی ماوەیەکە کاکە ئەسعەد هەوڵدەدا کارێکت بۆ بدۆزێتەوە لێرە.. ئەگینا ئێمە خەڵکمان ناوێ؟! ئەویش گوتبوی بەڵێ دەزانم کاك ئەسعەد هەوڵیداوە!! ئینجا مامۆستا پێی دەڵێ : دەنا خوات لە گەڵ!!! (ماوە ماوە مامۆستا لە روانگەی گاڵتەکردن مەسەلەی کاك ممتازی بەچاو دادەدامەوە!!! ئێستایش برادەرانی هەردوو لامان جارجار ئەو باسە بۆ واقوڕمان وەبیرم دێننەوە.. وەك بڵێن : ئەی چۆن تا ئێستا هەر برادەرن؟!) .

لە روانگەی بڕیارەکانی گۆنگرەی (١١) لە ١٦/ئاب/١٩٩٣ سیستەمی مەکاتب دامەزرا.. مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کاك سامی عبدالرحمن دەست نیشانکرا کە لە کۆنگرە گەڕانەوە نێو پارتیمان، هەروەها چەند

هاوڕێی کۆنە شیوعی هاتنە نێو پارتی بەرێزان : سەرۆ قادر، ئاسۆ کریم [1]، شەماڵ حەوێزی بۆ لای ئێمەیان ناردن و هەر یەکەیان بە بەرپرسی لاپەڕە و ئەندامی دەستەی نووسەران دەست بەکاربوون لە دوای گەڕانەوەی کاك بەدران حبیب لە تورکیا و وازهێنانی لە (زەحمەتکێشان) ئەویش لەلای ئێمە بوو بە بەرپرسی لاپەڕە .

هەر زوو حبیب محمد کریم بە بیانویی نشتەرگەری خۆی دەرباز کردو لە دەزگا رۆیشت.. هێندەی نەبرد کاك فەرهاد عەونی وەك بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی هاتە لامان، بە هەموو لایەك کارەکان ئەنجام دەدران (پیاو بۆ خوا بڵێ کاك فەرهاد بەم بڕیارە ناڕازی بوو) هێندەی نەبرد لە مانگی ئۆکتۆبەر کاك فەرهاد بڕیاری سەرنووسەری [2] بۆ دەرچوو، لەسەر فەرمانی کاك سامی نێوی ئێمەیش لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامە هەڵگیرا [3] .

---

[1] - وادیاربوو ئەو برادەرانە دەمێك بوو هاوکاریان وەرنەگرتبوو.. لەبەر ئەوەی منو کاك ئاسۆ هاوگوند بووین بۆ هاوکاریکردن قسەی دەگەڵم کرد چونکە سەرەڕای کاری خۆم کاری بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایش لە ئەستۆی من بوو چونکە کاك (احمد قەرەنی) خۆی گواستبوەوە شوێنێکی دیکە، ئەوکات هەر یەکەو (٢٠٠٠) دینارم بە قەرز دانێ کە مانگانە مەبلەغی (٢٥٠) هەزار دینار بگەڕێننەوە .

[2] - بەر لە هەموو کەسێك کاك فەرهاد ئاگادارە لە روانگەی ڕێنمایی کاك جوهر نامیق شوێن پەنجەم لە دەرچوونی بڕیاری سەرنووسەریدا هەبوە .

[3] - راستە ئێستا کاك سامی شەهیدی پارتیمانەو رێزی خۆی هەیە بەڵام بەندە بۆ مێژوو ئەو بیرەوەریە دەنووسمەوە! لەبەر ئەوەی منو کاك سامی لەکاتی یەکگرتنی چەند حیزبێك کۆنگرەی رۆژنامەوانیان دەبەست بۆ ئەوەی بێنە نێو پارتی لەوێ ساردیەك کەوتە نێوانمان بەڵام لەبەر ئەوەی من بە بروسکە وەك←

هەروەكو گوتم : لە یەكەم كۆبوونەوەمان گێروگرفت (صیراع) دروست بوو، بۆیە لەكاتی دامەزراندنی ئەندامانی مەكتەب برایان سەرۆ، ئاسۆ، شەمال لە رۆژنامە بەرپرسی لاپەڕە بوون كەچی كاك سامی كردیانی بە ئەندام مەكتەب! (چونكە لە هیچ قوتووی عەتاراندا نیە بەڕێوبەر كە كاریزمای رۆژنامەیە نەبێتە ئەندام مەكتەب، كەچی بەرپرسی لاپەڕە بكرێتە ئەندام!!! بۆیە لە یەكەم كۆبونەوەیاندا بڕیاری لادانی بەندەیان لە بەڕێوەبەرایەتی نووسین دەرهێنابوو بەڵام خۆشبەختانە بۆیان نەچوە سەر لەوكاتەی كە من بۆ كڕینی كەلوپەلی [1] پێویست نێردرام بۆ سووریا!

←نوێنەری راگەیاندنی پارتی رەوانەی كۆنگرە كرام و لەوێش نادادپەروەریم دەرهەق بە پارتی بینی قەبوولم نەكرد بۆیە ئەو ساردیە كەوتە نێوانمان.. ئەوانەی لەوێ بوون بەرێزان : عدنان موفتی، قادر جەباری، مامۆستا سعد، شاكەلی و خەڵكانی دیكەیش .

لە یەكەم كۆبونەوەی دەستەی نووسەران كاك سامی لە وێ گومانی دەخستە سەر مانونەمانی ئەو (٣) ملیۆنەی بەندە بۆ راپەڕاندنی ئیشوكاری رۆژنامە لە كاك مسعود وەرمگرتبوو.. هەرچەندە مامۆستا حبیب پێی گووت : ئەو پارەیە لە زەمانی جەنابت نیەو كاك مسعود ئەسعەد عەدۆی بۆ ئەو مەبەستە دەست نیشان كردوە.. نەخێر زیاتر خۆی تووڕەكرد!!

لە دواییدا ئەو گێروگرفتە گەیشتە مەكتەبی سیاسی و لێژنەیەك بە سەرۆكایەتی كاك نێچیرڤان و ئەندامایەتی كاك جوهر نامیق و مامۆستا حبیب دامەزراو ئەنجامەكەی بۆ بەندە زۆر باشبوو.. تاكو دڵم نەڕەنجێ وەك پاداشت (١٠) هەزار دیناریان بۆ سەرف كردم، ئەو مەسەلەیە خاڵێكی سەرەكی بوو كە مامۆستا حبیب بە بیانویی نشتەرگەری لەوێ خۆی دەرباز بكات.. باشم وەبیرە بروسكەیەكی بۆ مامۆستا علی عبدالله لێدا تێیدا نووسرابوو (الحمد هو الحمد!!)!

[1] - خەڵكانێك ئەورۆ لەسەر كورسی بەرپرسیارەتی ڕاگەیاندنی پارتیمان دانیشتون، وەك نەزانن كە ئەو دەزگایە لەكاتی دامەزراندن و رۆژانی تەنگانەدا چەند←

←قۆنـاغی دژواری بـەخۆوە بینیـوە! وەك نموونـە ئـەو سـەربردەیە بـۆ مێـژوو دەگێڕمەوە : بارودۆخی ئابووریمان گەیشتە ئەو رادەیە كە مامۆستا حبیب محمد كـریم بـە بروسـكە بـە كـاك مـسعود بڵـێ : لـە دوای دوو ژمـارەی دیكـە رۆژنامـە دەرناچێ!!

هێژا بارزانی بۆ ئەو مەسەلەیە ناردی به دوای منو مامۆستا حبیب.. لە ئەنجامـدا رووی لـە بەنـدە كـردو فـەرمووی : خـۆت بـسووتێنە نـابێ جەریـدە راوەسـتێ، برادەرەكەت ئاگادار بكە (مەبەستی كاك خالد خۆشناو بـوو) گەڕاینـەوە هـەولێر پێكـەوە سـەردانی (ابـو جـوان) خـاوەنی مۆبلیـات جوانمـان كـرد بەرامبـەر (قصر الشمال) كە ناسیاوی مامۆستا بوو، تەنیا (٥٠) پەنجا هەزار دیناری بە قەرز دایـنێ، منـیش مەبلـەغی (٧٩٦,٠٠٠) حـەفت سـەدو نـەوتو شـەش هـەزار دینـارم لـە بـرای وەفادارم كاك خالد خۆشناو وەرگرت.. كاروباری رۆژنامە مەیـسەر بـوو، ماوەیـەكی بەسەرداچوو پارەمان بۆ نەهات تاكو قەرزی خەڵك بدەینەوە! عەسـرانێك لـەكاتی گەڕانـەوەی مامۆسـتا لـە ماڵـەوە وەك نـەریتی خـۆی بەزەردەخەنـەوە بـە دەسـت ئیشارەی بۆ كردم (وەرە) بە پەلـە چـوومە ژوورەكـەی گـوتی : (فورجـەت!) واتـە دەربازبووین!

- (بە عەرەبی) ئەی كوا پارەكە؟
- (بەزەردەخەنەوە) پارە نیە!
- ئوسـتاد نیگـەرانم مەكـە، شـتێك هەیـە ئەگـەرنا ئـەم پێكەنینـەی جـەنابت لەخوتووخۆڕایی نیە؟
- (تـەمام) لـە دوای نـسكۆهێنان كـە گەڕامـەوە عـیراق ماوەیـەكی دوورودرێـژ لـە حاڵـەتێكی دەروونـی یـەكجار دژواردا دەژیـام، زۆرجـار لـەو حاڵەتانـەدا مـەرحوم بارزانی دەهاتە خـەونم.. هـەرجارێك مـەرحوم بهاتایـە خـەونم لـە رووی مـاددەوە وەزعم باش دەبوو، نیوەڕۆ كە چوومەوە ماڵ بە نیگەرانیەوە سەرخەوێكم شكاند، مەرحوم هاتە خەونم لەبەر هێندێ من ئەوڕۆ زۆر موتەفائلم (یفرج ان شاءالله) .
- خوا شاهێدە دوو سەعات بەسەر گێڕانەوەی خەونی مامۆستا تێنەپەڕی بروسـكەی هێـژا مـسعود گەیـشت! هـەردووكمان پێكـەوە چـووینە (سـەری بڵنـد) لـەوێوە بـۆ (پیرمام) مەبلەغی (٣) ملیـۆن دینـارم وەرگـرت بوژاینـەوە.. بـە ڕاسـتی پـشتیوانی كـاك مـسعود لـە لایـەك.. حیكمـەتی مامۆستا حبیب لـە ئیـدارەكردنی راگەیانـدن پێویستە هەرگیزاو هەرگیز لەیاد نەكرێت .

هێندەی نەبرد کاك نێچیرڤان بارزانی دەزگای گوڵانی بۆ کاك سەرۆ قادر دامەزراندو لە لای ئێمە نەما، کۆنە برادەرەکانی لە هەردوولا کاریان دەکرد، کارەکان بە رۆتینی رۆیشت تا ١٩٩٤/١٢/٢٥ کاتێ چەکدارانی یەکێتی لە شەقامی شێخی چۆڵی رۆژنامەی برایەتیان سووتاندو سیارەکەیان دەست بەسەرداگرت، شەوی ٢٩ لەسەر ١٩٩٤/١٢/٣٠ بەندەیان لە ماڵە دراوسێیەکم ڕفاند.. مانشێتی رۆژنامە لەسەر ڕافاندنی بەندە[1] بوو بەڵام

[1] - سەربردەی بەندەو یەکێتی.. من لە ژیانمدا کاك کۆسرەتم نەدیبو کەچی لە یەکەم رۆژی راپەڕین کە سەردانیمکرد چۆن لوتفی بۆم هەبوو کە لەسەرەوە قسەی خۆم دەرهەق بە جوامێری ئەو کابرایە کردوە ئێستایش ممنونم، هەر لەدوای راپەڕین ئەڕسەلان بایز نشتەرگەریەکی دەرهێنانی کۆنە گوللەیەکی بۆکرا.. ئەگەر هەلە نەبم بە رێگای خێزانی کاك ممتاز حیدری کە لە ژووری نشتەرگەری کاری دەکرد یەکەم کەسی بینیبێ من بووم!

هەر زوو رۆشنبیران لە دەوروبەری یەکێتی کۆبوونەوە چونکە لە بارودۆخێکی دژواردا بۆ هەر یەکێك بێ جیاوازی مەبلەغێك لە سنووری (٥٠٠) دینار بۆ ئەدیب و رۆشنبیران و هونەرمەندان دەبردنە ماڵەوە کە من لە رێگای برادەری بەوەفا کاك خالد جوتیار بۆم هاتە ماڵ، وادیار بوو برایان علی حاجی و شێخ مەزهەر هیرانی لەلای حسن کوێستانی باسی منیان بە باشی کردبوو حەزی خۆیان نیشاندابوو کە هەوڵبدرێ بەندە لە راگەیاندنی یەکێتی کار بکەم بۆیە رۆژێکیان بە منیان گووت کوێستانی دەیەوێ بتبێنێ.. منیش بە پرسیارکردن گەیشتمە شوێنی مەبەست کە چوومە ژوورەوە ئەو بەرێزانە دانیشتبون : حسن کوێستانی، ئازاد جوندیانی، ئەبو خەلەف وابزانم خەڵکی گەلاڵە بوو کوڕە پووری نەژاد سورمێ یە، لە دوای سلاوکردنم کاك ئازاد زۆر بە گەرموگوڕ بەخێرهاتنی کردم نزیکەی بیست دەقیقە لەوێ دانیشتم بێ ئەوەی حیوارێك دروست بێت! لە ناکاو برادەرێکی نابینا هاتە ژوورەوە کە گوێی لە دەنگی من بوو گووتی : قوربانی ئەو دەنگەت بم! کوڕە کاك عەدۆ ئەوە چ دەکەی لێرە؟ لەکاتی تەوقەکردنماندا گوتیان : ئەوە کاك دڵزار کۆییە (خوا چاو روونی بکاتەوە) هێندەی نەبرد کاك ئازاد لە گێڕانەوەی سەربردەیەکدا گووتی : مەلاییەکان (ببورە کاك ئەسعەدیش←

←دانیشتوە!) منیش گووتم : برام تەواوی بکە ئەوە شانازیە بۆ من چونکە جەنابی باوکت مامۆستای مەلایەتی منە!! (وابزانم ئەو قسەیەی کاك ئازاد بۆ هەندێ بوو نەوەك کوێستانی نەمناسێ کە من چیم)

ئەم قسەیەم ژوورە بێ هەستوخوستەکەی تێیدا دانیشتبوینی هەژاند! راستەوخۆ هەڵسامەوە سەرپێو لە ناوەڕاستی ژوورەکە راوەستامو گووتم : کاك حسن برادەران علی حاجی و شێخ مەزهەر ئاگاداریان کردوومەتەوە کە جەنابت دەتەوێ بمبینی؟ ئەویش لەسەر کورسیە سوڕێنەرەکەیدا گووتی : ناوەڵلا تەنیا ئەوان پێشنیازیانکرد گوایە تۆ بەرنامەیەکت هەبوەو حەز دەکەیت لە تەلەفزیۆنی ئێمە پێشکێشی بکەیتەوە.. ئێمەیش لاریمان نیە! منیش قاچێکم بۆ ڕۆیشتن خوارکردەوە ئینجا گووتم : کورە برام بەرنامەی چی؟ حەزکردنی چی؟ خوا خێری پیاوچاکان بنووسی.. بەدوعا .

کاتێ منیان ڕفاند ئینجا لە ١٩٩٥/٤/٨ کاتێ مەفرەزەیەکی یەکێتی بە بڕیاری بەرپرسی مەڵبەندی سێ ئەرسەلان دەست بەسەر ماڵەکەمدا گرت مامۆستایەکی هاوکاری دایکی نسکۆ بەمکارەی یەکێتی حەپەسابوو بۆیە بە هەزار ناری علی لە گەڵ خێزانەکەم خۆی گەیاندبوە ئەرسەلان بایز :

- دایکی نسکۆ : ئەرێ خێرە ئەو ماڵەی ئێمەتان داگیر کردوە؟
- ئەرسەلان بایز : ئەوە بە فەرمانی منە!
- دایکی نسکۆ : ئێ خێرە؟
- ئەرسەلان بایز : لەبەر ئەوەی ئەسعەد عەدۆ لە زمان درێژی ناکەوێ!
- دایکی نسکۆ : چیی کردوە؟
- ئەرسەلان بایز : بۆ نازانی چیی کردوە، هەرکەسێك پاراستن بێت ئاوای لێدەکەین!!
- دایکی نسکۆ : وەاڵلا دەزانم پاراستن دەزگایەکی شۆڕشی ئەیلول بوە، بەڵام هیچ نەمزانیوە ئەسعەد لە راگەیاندن زیاتر ئیشی کردبێت؟!
- ئەرسەلان بایز : هەرکەسێك لە راگەیاندنی پارتی کار بکات پاراستنە!
- دایکی نسکۆ : دیارە ئەوەی لە راگەیاندنی یەکێتی کار بکات زانیاریە!!
- ئەرسەلان بایز : ئەوەی پێناوێ ئەگەر خانوەکەتان دەوێت و دەتانەوێ لە هەولێر بمێنن.. با ئەسعەد بێتەوە هیچی لێ ناکەین!!
- دایکی نسکۆ : هەتا ئەو بارە لەسەر ئەو کەرە بێت ئەسعەد نایەتەوە، ئەو خانوەش بۆ ئێوە بێت!

یەکێتی ئەو شەوە دەستیان بەسەر چاپخانەی پەروەردش داگرت کە برایەتی تێدا چاپ دەکرا، بۆیە برایەتی لە ١٩٩٤/١٢/٣٠ وە، لە هەولێر لە دەرچوون ڕاوەستا و لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٥ شاری هەولێر لەلایەن یەکێتی داگیر کرا!! ئیدی بەمشێوەیە قۆناغی شاپڕێنیمان بۆ پیرمام دەست پێدەکات!!

# نۆ مانگەی پیرمام

## ١٩٩٥/١/٥ تا ١٩٩٥/١٠/٥

لە گەڵ گەیشتنم بۆ (پیرمام) بۆ ماوەی سێ مانگ لە (دار الضیافةی) کاك فازیل میرانی ماوەمەوە چونکە لەو ماوەیەدا دەگەڵ کاك فازیل رۆژانە دەچوومە بارەگای میحوەر[١] لە مەلا ئۆمەر تا یەکێتی لە ٨/نیسان/١٩٩٥ ماڵەکەی داگیرکردم (تەها شەکرچی) ئاسا! منداڵەکانیان

[1] - دەمێکە لە نووسینەکانمدا نێوم لە ماڵەکەی کاك فازیل میرانی ناوە (کەشتی نوح) چونکە هەموو جۆرێکی تێدا دەژیا! شەوێکیان برادەرێك لە دواییدا ژنەفتم نێوی هاوڕێ (ئەحمەد بوداغ) ە، سەربردەیەکی خۆشی بۆ گێڕاینەوە و گووتی : لەکاتی خۆیدا نزیکەی چل کەسێك بووین لەنێو سەرکردایەتی کاتییدا خۆمان بەچەپڕەو دەزانی،ڕێگامان خۆشکردبوو بچینە ریزی حیزبی شیوعی ئەو باسوخواسەی ئێمە گەیشتبوە کاك مسعود بۆیە رۆژێکیان بانگیکردم.. قسەمان زۆرکرد، دیاربوو بەڕێزی زۆر هەوڵی ئەوەیدەدا کە ئێمە دەست لەنێو دەستی یەکتر بنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورییەی ئەوکات.. ئەو برادەرە گوتی : ئێمە بڕیارماندابوو کە هەر دەڕۆین بۆیە لەکاتی ڕۆیشتنمدا کاك مسعود پێەگوتم : حەزناکەم بڕۆن بەڵام دەمەوێ دڵنیات بکەم ئەو ئیشەی کە ئێستە لە ئەستۆی تۆدایە پەکی ناکەوێ! ئەوەتە عەریف سەلیم ئاکرەیی هەردەم ئامادەباشە بۆ ئەم ئیشە، برادەرەکە هێدی هێدی بەزەردەخەنەوە لە پێش خۆیدا دەیگوت : بەخوا کاك مسعود راستیکرد، نەئیشەکە ڕاوەستاو نەهیچ!! ئەوەتە لە دوای (١٠) ساڵی ڕەبەق جارێکی دیکە خۆم لە سێبەری پارتی و کاك مسعود دەدۆزمەوە!

هێشتا یەکترمان نەناسیبوو لەسەرەخۆ ڕووم تێکردو گووتم : ئەرێ برادەر(مەڕبەتی) ئەو سەربردەیە چی بوو؟ ئەویش گووتی : لەسەر ئەقڵمەندی و ڕاستگۆیی و دووربینی کاك مسعود بوو، منیش لەژێر لێوەوە گووتم : دوازدە هەزارجار بەخێر بێنەوە!!!

شاروەدەرنا بۆ (پیرمام) ئینجا حیزب خانوی کچی مام جوهر ئاژگەیی (بەکریێ) بۆمگرت، دوو هەفتە جاریێ رۆژنامەی برایەتیمان لە پیرمام ئامادە دەکردو بەندەو کاك فەرهاد بە سیارەی من دەچووینە دهۆك لەویێ بە کۆپیکردن دەردەچوو.. هەروەها گۆڤاری گولانیش کە کاك بەدران وەك بەرێوەبەری نووسینی بوو، لە ماوەی نۆ مانگی پیرمامم تەنیا چوار بابەتم لە گولان بلاوکردەوە (جارێکی دیکە تەنزیری من، دوو ئەلقەی دیداری پێشمەرگەی هەردوو شۆڕش محمد خالد بۆصەلی، لەنێوان تیۆری و پراکتیکدا کەرم تێمەوە) .

ئەو شەوەی (پەکەکە) ٢٥ لەسەر ٢٦/ئاب/١٩٩٥ لە دەڤەری زاخۆ هێرشیان بۆ سەر بارەگاکانی ئێمەیان هێنابوو.. لەسەر فەرمانی کاك مسعود دەستم بە نووسینەوەی ژیانامەی شەهید عەمەرئاغا دۆلەمەری کرد کە لە ١/١٠/١٩٩٥ وەك نامیلکە بە ناونیشانی (ئەوانەی تەنیاو تەنیا بۆ کوردو کوردستان ژیان [1]) لە دهۆك لەسەر ئەرکی کاك مسعود چاپکرا بەلام بەداخەوە لەسەر ئەو بەروارانە (٥٢ رۆژەی کۆڕەو بەرەو سۆڤیەت) کە لە دەستنووسی شەهید حسو میرخان ژاژوکی بە هەلە نوسرابوو نامیلکەکە دابەش نەکرا!

لەسەر فەرمانی کاك مسعود لە دهۆك سەردانی کاك نێچیرڤانم کرد بۆ ئەوەی بۆ چارەسەری گورچیلەم بمنێرێتە تورکیا.. ئەوەبوو لە دوای (نۆ مانگ) مانەوەم لە پیرمام لە ٥/١٠/١٩٩٥ بە ڤیزە چوومە تورکیا، بە

---

[1] - هەروەها کتێبی (کاتێ لوولەی تفەنگ دەبێتە قەلەم) بیروەریەکانی کاك محمد محسن ئامێدیم بلاوکردەوە .

**تەنسیق لە گەڵ شەهید شوکت شێخ یەزدین[1] گووتی : لەسەر بڕیاری من بڕۆ تا (٦) مانگ بگەڕێ.. لە دوای (١٢) ڕۆژ مانەوەم لە تورکیا قاچاخچی ناردمی بۆ (ئۆکرایینا) لەوێش (٣٧) شەو مامەوە ئینجا لە ١٩٩٥/١١/٢٥ گەیشتمە فڕۆکەخانەی (سخیپل لە ئەمستردام – هۆڵەندا [2])، لە ١٩٩٥/١١/٢٧ بۆ کامپی – OC - (هۆخەفین) لە باکووری هۆلەندا، لە ئایاری/١٩٩٦ بۆ کامپی – AZC - (بۆڕنا) لە ڕۆژهەڵات لە ٢٤/ئاب/١٩٩٦ بۆ ناو خانوو لە شاری (ئینشخێدێ) گەڕەکی (خلانە بڕوخ) تا نەورۆزی ١٩٩٩ ئینجا ماڵم گواستەوە بۆ شاری ( Oss) نزیك شاری (نایمێخن) لە ١١/ئاب/٢٠٠٥ بە یەکجاری دوای وەرگرتنی ڕەگەزنامەی هۆڵەندی واتە دوای دەربەدەری (١٠) ساڵ گەڕامەوە کوردستان .**

---

[1] - کاتێ وەك بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی برایەتی دەستبەکار بووم لە ڕێگای بروسکەی لاسلکی بۆ دابینکردنی کەلوپەلی ڕۆژنامە دۆستایەتیم دەگەڵ کاك شەوکەت پەیدا کرد، کاتێ بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان بانگی کردم و رووبەروو وەك دوو مورید دۆستایەتیمان نوێ کردەوە.. لە وەسفی ئەو جوامێرەدا دەڵێم : تا پارتی ماوە کەس نیە بتوانێ شوێنی پڕ بکاتەوە چونکە دەگمەنن ئەو کەسانە ببن بە پردی نێوان پارتی و جەماوەرەکەی، کاك شەوکەت هەردەم هەتوانی سەر برینان بوو دڵدەرەوەی تۆراوان بوو.. کاك فەرهاد عەونی چاکی دەگووت : لە عیسقێل ساسۆن یەکەم وەزیری دارایی عیراقەوە لە گەڵ هەموو ژمێریارێك بۆ پارە سەرف کردن هەردەم رووگرژن تەنیا کاك شەوکەت شێخ یەزدین نەبێت بە پێکەنینە جوانەکەیەوە هاوکاری حیزبی پێشکێش دەکرد، ئەفسوس بۆ تۆ برای بە حورمەتم ، پارتی بێی تۆی پێوە دیارە!

[2] - منو کاك حسن تالەبانی (خانقین) هەروەها خێزانی کاك کامەران کۆیی و دوو منداڵی پێکەوە گەیشتین، کاك حسن تەلەفۆنی لە گەڵ دکتۆر فۆاد حسین خانقینی کرد کە ئێستا سەرۆك دیوانی هەرێمە کرد.. بۆ ئەوەی ڕێنماییمان بداتێ، منیس قسەم لە گەڵ کاك مسرور بارزانی کرد لە واشنتون تاکو ئاگاداری مەکتەبی جەنابی سەرۆك لەوێوە ماڵەوەمان بکات تاکو بە گەیشتنم ئاگاداربن .

# پوختەی قۆناغی ئەوروپا

## ١٩٩٥ — ٢٠٠٥

لـە سـەرەتای بـەهاری ١٩٩٦ چـەند کـادیرێکی ناسـراوی یـەکێتی وەك (سفین مەلا قەرە، جوامێر سیامەنسووری، مامۆستا بکر، رابـەر کۆیی) بـە ڤیـزەی (شـینگڵ) گەیـشتنە ئـەلمانیا ئینجا هاتنـە هۆڵەنـدا بەرێکـەوت کـاك رابەر کۆیی هاتە ئەو کەمپەی کە مـن تێیـدا دەژیـام لـە شـاری (هۆخـەفین) ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی هـەردوولامان بـوو ئـەو ماوەیـەی کـە پێکـەوە لـە هـەردوو کەمپـدا دەژیـاین هـیچ گیروگرفتێکـی ئـەوتۆ نەکەوتـە نێوانمـان شیاوی باسکردن بێت  تا رۆژێکیـان سـفین مەلاقـەرە بەسـەردان هـاتبوە لای رابـەر.. بـە رێکـەوت لـەنێو بـازاڕدا یـەکترمان بینـی.. فـەرمووی دانیـشتنیان لێکــردم، مــاوەی نیــو ســەعاتێك لــە (کافتریایــەك) دانیــشتین لــە دوای چاکوخۆشـی نێـوان منـو سـفین ئینجـا باسوخواسـی دونیـای سیاسـەت بـە زەردەخەنەیەکەوە کاك سفین رووی لە من کردو گووتی :

- چۆنمان تالآنکردی؟!
- منیش گووتم : ئەوەی ئێوە لە گەڵ ئێمەتان کرد با بـە دەواری شـڕی نـەکردوە! ئـەوەی دوژمـن نـەیتوانی بەرامبـەر بـە کـورد بیکـات ئێـوە پــسپۆرانە ئەنجامتانــدا بــە هــەق رۆژانــی (چــەتۆی فــەرعۆ)تــان،

نوێکردەوە بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکرێت ئەوە (سونەتی ژیانە) لە دەرگای هەر ماڵێك بدەیت.. لە دەرگەت دەدرێتەوە .

- ئەم قسانە بۆ ناو کتێبانە!
- کاکە گیان ئەوەیە کارەسات کە ئێمەی کورد سوود لە مێژووی خۆمان وەرناگرین ئەوەتە سەدان سەربردەی لەمجۆرەی ئێوە بەرامبەر بە هەوادارانی پارتی کە تا دوێنێ هاوپەیمانی یەکێتی بوو کردتان لەنێو مێژوو نوسراوەتەوە .
- هاوپەیمانی چیی؟ براکوژی چیی؟ بەخوا سەت لەسەت بڕوام بەم شەڕە نەبوایە نەمدەکرد..
- ئاوا؟!!!!!
- بەڵێ، بەڵێ ئاوا.. ئەوە حەقیقەتە!
- برایان.. ئەم قسەیە دەکەم (من مردوو، ئێوە زیندوو) ئێوە کەرامەتی پارتیتان پێشێل کردوە، ناموسی کوردتان لەکەدار کرد، ڕۆژێك دادێت پەنجەی پەشیمانی دەگەزنەوە، هەزار نەعلەت لەو ڕۆژە دەکەن بە تایبەتی ئەو ڕۆژەی نەوشێروان گووتی : هەولێر چ پیرۆزی هەیە شەڕی تیا نەبێت؟! براڵە ئەو پارتە حەیاتەی ئێمە فریزە چەند بیبڕیەوە ئەوەندە زیاتر دەبێت، دوا قسەم ئەوەیە ئەو پشوە درێژەی لەلای پارتی هەیە لەلای ئێوەو هیچ گرووپ و ڕێکخراوو کەسانی دیکەدا نیە، دڵنیام لە من باشتر شارەزای پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیت ئەوانە ژیانێکی دوورودرێژ بە نانە ڕەقە، بەڕو، خورما، بەسەر دەبەن " ئاخیرە باخ " دوا ئەنجام

ببینە گیانەکەم.. پیاو بۆ خوا بڵێ " بەرد قەرەشت، رابەر نەقەرەشت " خراپ وچاك قسەی نەکرد .

دەمێك بوو منو کاك رابەر کۆیی بەدوای کوردێك دەگەڕاین تاکو یارمەتی ئەوەمان بدات لە کۆمپانیای خانوو دابەشکردنی شاری (ئێنشخدێ) ناونوسمان بکات بۆ ئەوەی لە ژیانی نێو کەمپدا دەربازبین لە رێگەی مامۆستا بەکر کابرایەکمان بە ناوی (رەشاد) لە نێو خەڵکدا بە دکتۆر ناسراوەو خەڵکی (دیبەگەیە) خۆی و براکانی هەواداری زەحمەتکێشانن دۆزیەوە .

رۆژێکیان کاك رابەرو رەشاد بۆ مەبەستی ناو تۆمارکردنمان ژووانێکیان بەست دوای تۆمارکردنی ناوی مامۆستا بەکر، جوامێرسیامەنسووری، کاك رابەر.. رەشاد هەڵدەستێتەوە سەرپێ، کاك رابەریش دەڵێ : کاکە هێشتا ناوی ئەسعەد ماوە.. ئەویش دەڵێ بەراستیتە؟ ناوی ئەو پیاوە بنووسین؟!

- بۆ کاکە ئەو پیاوە چیەتی؟ ئەگەر تۆ یەکێتی بوایت دەمگوت ناهەق نیت، ئەسعەد عەدۆ خاوەن بەرنامەیەکی میللی بوە ئەوەی من بزانم خەڵك زۆر خۆشیان دەوێت .
- برا ئەوەندەی بەسە کە پارتیە؟!
- بەخوا منیش ناوی خۆم تۆمار ناکەم ئەوە بۆ پێنج مانگ دەچێت پێکەوەین لە یەکتر نەڕەنجاوین.. دەتەوێ " کووچك لە ئاگر گەرمتر بێت ؟ " کاتێ کاك رابەر گەڕایەوە لەسەرەخۆ گووتی : حەزدەکەم یەکێکی تر بدۆزینەوە بۆ ناو تۆمارکردنمان و

پڕکردنـــەوەی فـــۆرمی هەفتانـــەی رۆژنامـــەی خـــانوو، خـــوایکرد برادەرێکـی بـارزانی بـە نێـوی (جغـسی شـێروانی) لـە نزیـك ئـەو کەمپەی ئێمەدا دەژیا بەمکارە هەڵساو خانوو وەرگرتنـی منـو رابـەر لە رێگەی ئەوەوە مەیسەر بوو شایانی باسە لە شـەوی ٣١/ئـاب لەسـەر ١/ئەیلول/١٩٩٦ کاك رابەر لە نەخۆشخانەی (هینگلۆ) نـشتەرگەری بـۆ دەکـرا.. کـاك جغـسی وەك کـوڕە کـوردێکی بـەوەفا لـە خزمـەت کـاك رابەر بوو لە گەڵ واگا هاتنـەوەی لـە (بـەنج) رابـەر پەیوەنـدی پێوە کردم کە دوا هەواڵی گرتنەوەی هەولێر چیی بەسەرهات؟ منـیش بـە هێمنـی دوا هـەواڵی هـەولێرو یـەکێتیم پـێ راگەیانـد بـە راسـتی لـە حاڵەتێکی دەروونی دژواردا دەژیا بـە تایبـەتی لەبـەر ماڵومنداڵەکەی لە دواییدا ژنەفتین کە ساغو سەلامەتن .

## شاری ئێنشخدێ لەنێوان
## سۆزو پەیمانی هەوادارانی پارتی و یەکێتیدا

بە تەواوی لە ٢٤/ئاب/١٩٩٦ خواحافیزیم لـە ژیـانی کـەمپ کـردو هاتمـە نێـو خـانووی سـەربەخۆ، لەوکاتـەدا تـەنیا شـانەیەکی سـەرەکیی پـارتی لەمشارەدا هەبوو بەڵام بزێو نەبوون تا مانگی ئایـاری ١٩٩٧ فاکسی ماڵەوەم لە خزمەت ئەو شانەیەدا بوو، هەرچەندە خـەڵکی یـەکێتی لـەم شـارەدا زۆر بوون بەڵام تا ئەوکات رێکخستنیان دانەمەزراند بوو .

لەبەر ئەوەی ئەم شارە لەسەر سنووری ئەڵمانیا بـوو هـەروەها شـارەوانی

ئەم شارە بۆ مەیسەرکردنی ئیشوکاری پەنابەران دەورێکی چالاکی هەبوو بۆیە لەو چەند مانگەی کۆتایی سالّی ١٩٩٦ نزیکەی (٣٠٠) خانەوادەی کوردی عیراقی لیّ نیشتەجیّ بوو کە ریّژەی یەکێتی لە ناویاندا لە ٩٠٪ تێپەڕاند .

هەر لە سالّی ١٩٩٥وە، تا ئەوکات تەنیا دووجار ئاشنایم دەگەلّ چیّژی خۆشیی هەبوە ، ڕۆژی گرتنەوەی هەولێری هەولێریان و ئەو ڕۆژەی مالّومندالّم گەیشتنە لام.. بەلاّم سەنگەر گرتن و پیلانی یەکێتی لەدوای هەولێر گرتنەوەدا بە دژواری بەرامبەر بە خودی منو مالّومندالّم دەستی پێکرد! زۆرجار بە ووردی سەیری بارودۆخی نێوان پەنابەرانی ئەم شارەم دەکرد.. شارەکەی صالح پێغەمبەر درووددی خوای لەسەربێت دەهاتە بەرچاوم کە خودای مەزن لە سوورەتی (النمل) ئایەتی (٤٧) دەفەرمویّ :

" و كان في المدينة تسعة رهط يفسدون في الارض و لا يصلحون[1] " .

لە ناوەڕاستی مانگی ١٠/١٩٩٦ کادیرە ناسراوەکانی یەکێتی لەم شارەدا وەك بەریّزان : مامۆستا نازم عومەر کۆیی، مامۆستا بەکر، جوامێر سیامەنسووری، ڕابەر کۆیی، حاجی حاجی برایم، کاروان صالح نانەکەلی، بە ئامادەبوونی عیماد خانەقینی ئەندامی کۆمیتەی (بەنەلۆکس) کەوتنە جموجۆلّی دامەزراندنی ڕێکخستنی یەکێتی و دامەزراندنی کۆمەلّەیەك هەرچەندە پێش ئەوکاتە منو کاك جوامێر بە شاهێدی نەهرۆی محمود

[1] - ئەم ئایەتە باسی ئەو نۆ نەفەرە دەکات کە پیلانیان بۆ لەنێوبردنی (ناقەی خوا) دادەنا، کە خودای مەزن بە موعجیزە بۆ قەومی حەزرەتی صالح هێنایەوە .

عــەدۆ[1] بــەتێرو تەســەڵ باســی چــۆنیەتی دامەزرانــدنی کۆمەڵەیــەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایـەتی بـە نـاوی (کۆمەڵەی کوردی) بـۆ ئـەوەی بتـوانین خزمــەتی ئــەو جالییــە کــوردەی ئــەم شــارە بکــەین، ســۆزوپەیمانی کوردایـەتیمان خـستە نێوانمـان کـە هەوڵبـدەین ئـەو ناکۆکییـەی کوردسـتان لەنێوماندا پەنگ نەخواتەوە، هەروەها منو کـاك کـاروانیش سـۆزوپەیمانمان بـە یـەکتردا کـە پێکـەوە هەوڵبـدەین کۆمەڵەکـە لـە جغـزی حیزبایـەتی دووربێت .

## چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی شاری ئینشخدیٚ

دوابـەدوای ئـەوەی یـەکێتی بـە هاریکـاری سـوپای ئێـران گەڕایـەوە نـاو شاری سلێمانی، کۆیە، بارودۆخەکە بـەجۆرێکی دیکـە لەنگـەری گـرت.. ئـەو دلۆپە شەرمە کوردەوارییەی لـەنێوان هـەوادارانی پـارتی و یـەکێتی مـابوو.. ئـەویش وەلانــرا! بــە نوێــژی نیــوەڕۆ بــە ئاشــکرا یــەکترمان دەبوغزانــد هەرچـەندە لـەلای هـەموو خـەڵکی کـورد روون وئاشـکرایە کـە هـەوادارانی پــارتی هــێمن تــرو لەســەرخۆن.. زیــاتر پابەنــدی نــەریتی ئیــسلام و کـوردەوارین لەبـەر هێنـدیٚ لـە زۆر حاڵەتـدا لـە خـشتە دەبـردرێن لەبـەر

[1] - زۆرجـار نـاوی هـەردوو خوالێخۆشـبوان محمـود عـەدۆ، حـسن عـەدۆ سـەرنجی خـەڵکانێك رادەکێـشیٚ.. راسـتە هـەردووکیان شـیوعی بـوون و سـەر بـە هـۆزی (بندیان)ن، بەڵام خاڵ محمود خەڵکی مخمورەو حەسەنیش خەڵکی قورشاغلوە .

ئەوەنیە هەروەکو یەکێتیەکان بە (سەزاجەتی) تێدەگەن.. نەخێر .

راستە زۆرجار لەبەر پابەندبوونمان بە داب ونەریت و سۆزوپەیمانی کوردایەتی تووشی ئەوجۆرە گیروگرفتانە دەبین بەڵام ئێستە بەر لەخۆمان یەکێتیەکان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە کە ئێمەیش لەو مەیدانەی ئەواندا پسپۆرین لەبەر هێندێ بارەکە بە جۆرێکی دیکە لەنگەری گرتۆتەوە، رۆژانە پڕوپاگەندەی یەکێتیەکان لەنێو بازاڕو کەمپەکاندا پەرەی دەساند کە لەم میحوەرانەدا خۆی دەدۆزیەوە :

- پارتی بە هاریکاری عیراق هاتۆتەوە هەولێر .
- زەعیم لەسەر لوولەی تانگی حکومەت هاتۆتەوە هەولێر .
- پێنج هەزار لاشەی یەکێتی لەنێو کۆڵانەکانی هەولێر کەوتوە .
- رۆژانە چەندین کادیری پارتی خۆیان لە ریزی پارتی دەکشێنەوە .
- ساڵی 66 بە جۆرێکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە .
- حەزدەکەین ژمارەی ئەو تانگ وزرێپۆشانە بزانین کە هەولێریان گرتەوە؟
- ئەگەر هێندە حەزیان بە هەولێر دەکرد ئێمە لاریمان نەبوو رێگەیان بدەین بۆ گەڕانەوە!

ئەگەرهاتوو لەنێو ئۆردیەکی یەکێتیدا بیت تەنیاو تەنیا یەك پارتی بەڵام کەمێك شارەزایی لە مێژووی خۆی و یەکێتی و کورد بە گشتی هەبێت دڵنیام لە هیچ گفتوگۆیەکدا ناتوانن بەری پارتیەکە بگرن بۆ ئەمەیان ئەم نموونە بەناو دەخەمە بەردەستتان :

کوڕێکی هێمن و رێزدار بە ناوی (احسان زێباری) لە گەڵماندا دەژیا

بەڵام لەسەر بنەماڵەی (لەتۆ زێباری) کەمێك دڵی لە من ڕەنجابوو.. ئەو گەنجە لە گەڵ (یاسین) ناوێك لە کۆمپانیایەك کاری دەکرد، جارێکیان لە دانیشتنێکدا یاسین ناوەکە زۆر بە بەژن وباڵای برا (بادینیەکاندا [1])هەڵگوتبوو!! کە کوڕی بێوەن، زۆربڵێ نین...... هتد، ئینجا هێدی هێدی خۆی خزاندبوە گێژاوی پارتیەکان تا لەنگەری لەسەر ناوی من گرتبوو گوایە خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانێ و ئاڵای زەردی لە هۆڵەندا هەڵکردوە بوەتە هۆی ئەو بارودۆخە دژوارەی نێو کوردەکانی ئەم شارە! کاکە زێباریش هەموو قینوکینەی خۆی بەرامبەر بە من وەلاناوەو پێی گوتوە : (کاکی خۆم قسە بکە خەڵك باوەڕ بە تۆ بکات، مەنتیق نیە ئێوە هەژمارتان لە (200) کەس زیاترە زۆربەتان مەسئولیەتتان لناڤ یکێتی هەیە ئەوە نەمەعقولە هوون گازاندە ل ئێك نەفەری پارتی دکەن ئەوە نەمەعقولە! خودێ برا ئەو ماموستا ئەسعەد گەلەکی زیخە! گەلەکی موسەقەفە! گەلەکی هێژایە چونکی دکارێ بەرسڤی هەوە بدات.. دزانی تو بو ئیرۆ مەتحی من دکەی؟ چونکی ئەم تەئریخی هەوە باش ناسناکەین، ئەو ماموستا گەلەکی دزانی من زور خوشم دەوێ) گوایە تا ئێستایش ئەو کابرایە چاکوخۆشی لە گەڵ زێباری ناکات!!!

ئەم سەربردەیەش دەکەمە هەوێنەترشەی باسەکەم : لە دانیشتنێکی

[1] - یەکێك لەکارە هەرە دزێوەکانی (ینك) ئەوەیە بە هەموو هەوڵوتەقەلایەك دەیانەوێ جیاوازی لەنێوان بادینی و سۆرانی دروست بکەن، زۆرجار لێرە باس لە ژمارەی کورد دەکەن دەڵێن : ئێمە ئەوەندەین و ئەوەندە بادینیش هەن! گەلێجار سەرزەنیشتم کردوون .

هێندێ لە برادەرانی سلێمانیدا لەدوای باس وخواسدا بازەکە لەسەرسەری من دەنیشێ و دەڵێن : ئەو پیاوە لە لای (VVN [1]) بەدبێژی لەسەر کوردەکان دەکات! یەکێك لە دانیشتوەکان بەهەققەت زۆر بەرێزە بەم قسەیە زۆر لە من پەست دەبێت بۆیە رۆژانی هەینی لە مزگەوت کە ئێمە تەنیا چوار کورد لەم شارە نوێژمان دەکرد بە هیچ شێوەیەك چاکوخۆشی لە گەڵ من نەدەکرد منیش لەلای خۆمەوە زۆر دڵتەنگ بووم کە چۆن ئێمە ئەو چوار نوێژکەرە کوردە لە خوتوخۆڕایی سڵاو لەیەکتر نەکەین و یەکتر ببوغزێنین؟ رۆژ هاتو رۆژ چوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ ئەو برادەرە بەرێزە لە دوای ئەوە لەدوو شوێندا بەرپەرچی ئەوانی دابوۆوە ئینجا سەربردەکەی بۆ گێڕامەوە گووتی : برا گیان ببورە ئەگەر لە هەوەڵەوە بمزانیبا تۆ پارتی مەعادەلەکەم بۆ مەیسەر دەبوو چونکە ئەوانەی قسە لەسەر تۆ دەکەن مەبەستەکەیان ئاشکرایە بەداخەوە بە درەنگەوە زانیم!

بۆ پەرچدانەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی یەکێتی زۆرجار رووبەروویان دەبوومەوە بە تەحەدا داوام لێدەکردن کە تەنیا یەك ناوی پارتیم بدەنێ لە ریزی پارتی کشابێتەوە؟ هەردەم پێمدەگوتن : ئێوە لە روانگەی خۆتانەوە سەیری ئێمە دەکەن [2]، هەر رۆژەو بیانوێك بۆ ئەو خەڵکانە

---

[1] - دەزگایەکی خێرخوازی هۆڵەندیە بۆ راپەراندن و مەیسەرکردنی ئیشوکاری پەناهەندان و یارمەتیدانیان .

[2] - لە دونیای فۆلکلۆردا سەربردەی سەیروسەمەر هەیە، دەگێڕنەوە : دوو خوشك هەبوون نێوانیان ناخۆش دەبێت ماوەیەك لێك زوویردەبن هەموو رۆژێك خوشکێکیان بە ئەوەی تر دەڵێ : لەسەر حوشتران واو واوالێکراو! خەڵکانێك دەکەونە نێوانیان ئاشت دەبنەوە بەڵام خوشکە بەحەیاکە لە گەڵ خوشکەکەی ←

دەدۆزنەوە كە لە یەكێتی دەكشێنەوە ئەوە دڵی ڕەنجاوە ئەوە دزیكردوە! ئەوە كاتی خۆی دەستی لە گەڵ ڕژێم هەبوە ئەوە لەبەرەی شەڕ دەوری خۆی نەبینیوە ئەوە پایەو پلەی نەدراوەتێ... هتد، گیروگرفتی ئێوە لەوەدایە كە تا دونیا ماوە پارتی و دەروێشانی ڕێبازی بارزانی نەمر ناناسن، براینە هەر كەسێك لە ئێمە (فاتمێ بێوەژنە [1]) تا دەمرین لەسەر ئەو ڕێبازە لانادەین چونكە قەدەری ئێمەیە، راستە ئێوە هەر ڕۆژە حیزبێك و ڕێكخراوێك دەكەن و بە (التطور الفكري) دەزانن كەچی ئێمە لەو بیرو بۆچوونانەی ئێوە نابەڵەدین بە راستی نابەڵەدین، هەركاتێك پارتیەك گەیشتە ئەو قەناعەتە كە پارتی و ڕێبازی بارزانی نەمر خوانەخواستە لە خەتی لاداوە! بۆ ئێمە ڕۆژی دونیا وێرانبوانە دەزانن ڕۆژی (مەعشەر) یانیی چیی؟ واتە دوارۆژی كورد .

---

←سارد بوە! خوشكەش پێی دەڵێ : چیمان لەنێواندا نەماوە بۆ هەر لە من لاملووزی؟ ئەویش دەڵێ : خوشكم چ خێرەكی خوابوو ئابڕووی منت برد كە قسەی حوشترەكەت كرد! ئەویش دەڵێ : خوشكم چیت لێ بشارمەوە منیان لەسەر حوشتران والێكردبوو! وامدەزانی تۆشیان والێكردوە!!

[1] - ئەو سەربردەیە نموونەی هەموو ئافرەتێكی حەیامەندی كۆمەڵگای كوردەواریە، فاتم دایكی چەند منداڵێ دەبێت كە پیاوەكەی دەمرێ، دوای ڕۆژانی تازیمانە كە دەوروبەری چۆڵ دەبێت فاتم لە گەڵ خۆیدا (لە دەروونیدا) دەبێتە دوو فاتم یەكیان دەڵێ : بۆ خۆم شوو دەكەمەوە ژیان بەبێ پیاو ناچێتە سەر.. فاتمی دیكە دەڵێ : نەخێر، چۆن دڵم دێت پیاوی غەریب بێنمەوە سەر جێگاو باڵینگانی باوئەو حیوارە لەنێوان هەردوو فلتم بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدا فاتمێ دایك كی منداڵەكانم! تا ڕۆژ دەبێتەوە بڕیار دەدات سەر بە هیچ سەرینێكی دیكە نەكات لەسەر جێگەو ڕێگەی خۆی دەمێنێتەوە تاكو منداڵەكان پەروەردە بكات .

سەردەمانێك شەوو رۆژ تەلەفۆن بۆ ماڵەكەم دەكرا :

- ئەوە ماڵی ئەسعەد عەدۆیە؟
- بەڵێ
- خۆت كاك ئەسعەدی؟
- بەڵێ
- ئەگەر بە ئەزیەتی نازانی پرسیارێكمان هەیە؟
- فەرموو برا گیان
- ژمارەی تانگ و زرێپۆشەكانی ناو هەولێر چەندن؟
- قوربان ٦٦
- كاكە مەبەستم ژمارەی سەر تابلۆكەیەتی
- ئەی بە فاكس بۆتان نەهاتوە؟
- ناوەللا
- برا گیان هەموویان بە ٦٦ دەست پێدەكات و بە ٦٦ كۆتایی دێت

ئەم مەسەلەیەم لە ماڵومنداڵی خۆیشم شاردەوە چونكە لە هەموو عورفێك بەدەرە كەچی رۆژێك (عەمماشی عزیز ئاغای سەرگەڕانم) بینی لە دوای چاكوچۆنی بە پێكەنین گووتی : راستە خەڵك لە كەمپەكاندا تەلەفۆنت بۆ دەكەن؟ منیش بەسەرسوڕمانەوە سەیرم كردو گووتم : دیارە لە نزیكەوە مەسەلەكە دەزانی؟!

مەسەلەی كوشتاری گرتنەوەی هەولێریش لە هەموو سەتەلایتی دونیا باسی لێوەكراوە، لەسەر زمانی (ئەحمەد چلبی) دوا سەرژمێری كوشتارەكان بە بەرهەلستكاری عیراقیشەوە خۆی لە (٩٤) كوژرو دەدا..

نـازانم ئـەو پێـنج هـەزارە لـە کـوێ هـات؟! وەك بڵێـی ئـەوان بـە گوڵبـاران هەولێریان داگیر کردبوو، سـەربردەی بـەرگریکردنی پێشمەرگەکانی پـارتی لـە شـاری هـەولێری هەولێریانـدا تـا دونیـا مـاوە زێـدی سـەرزاری نـەوەی دادێن..تاجەکەیشیان گرتنەوەکەیەتی .

پێویستە بەر لەوەی یەکێتیەکان مووی چاوی خـەڵك ببیـنن، کاریتـەی ناو چاوی خۆیان ببینن باشـترە! نـازانم بـۆ هێنـدە بـاس لـە رۆژی (٣١/ئـاب) پیرۆز دەکەن کە سەنگی هەق وناهەق بـوو، بـۆ باسـی سـوپا موجەعفەلەکە ناکەن کە بە درێژایی سنوور تا دەگاتە ناو شـاری هـەولێر بـۆ قـاتوقڕکردنی بـرا کـوردە ئێرانیـەکانیان هێنـابوو؟ بـۆ باسـی ئـەو راپۆرتـە دوورودرێـژە ناکـەن لـەژێر ناونیـشانی (چـالاکیەکانی دەزگـای زانیـاری بـۆ دەزگـای ئیتلاعـاتی هاوپـەیمان لەمـەڕ تیرۆرکـردن و فڕانـدنی شۆڕشـگێڕانی حیزبـە کوردستانیەکانی ئێران یان داخستنی دەنگی میللی کوردسـتانی ئێـران یـان کۆچـکردنی حیـزب ورێکخـراوە کوردییـە ئێرانیـەکان لـە ناوچـەی ژێـر دەسەڵاتی یەکێتیدا .

دەربـارەی پڕوپاگەنـدە کـردن لەسـەر پێـشمەرگەی هـەردوو شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلول و گـوڵان کـاك زەعـیم علـی، گێروگرفتێکـی کۆمەڵایـەتی لێوەپاش کەوتەوە! دڵنیام لە رێگەی مەسڵەتیەوە چاوپۆشی لێکرا؟

مەسـەلەی دووبـارە بونـەوەی (٦٦) لەوکاتـەی یـەکێتی لەسـەر سـنووری ئێرانـدا بـوون لەسـەر زەمـانی عبـدالکریم شـەدەڵە : گوایـە زەمـانی خـۆی جەلالییەکان لەناو شار بـوون و مەلاییـەکانیش لـە چیا، کەچـی ئێـستا بـە پێچەوانەیە .

ئـەمما مەسـەلەی لاریمـان نـەبوو بـۆ ڕێگـەدانیان بێینـەوە هـەولێر مـن تـەنیا باسـی ئـەو لاپەڕەیـە دەکـەم کـە لـە کتێبەکـەی (امــە فی شـقاق) نوسـراوەتەوە کـە دەڵێن : مەگـەر پارتیـەکان بـە دووربـین هـەولێر ببینـن! ئەوانــەی ســەرەوە هــەردەم وەلامدانــەوەی ئێمــە بــوە دەرهــەق بــە پڕوپاگەندەکانی هەوادارانی یەکێتی .

بـۆ فرێـدانی گورچـیلەی چـەپەم لـە ١٩٩٧/١/٢٧ لـە نەخۆشـخانەی (هینگلۆ)دا، نشتەرگەریم بۆ کرا، دوای هەشت ڕۆژ گەڕامەوە ماڵ لەوکاتـەی برادەرو ناسیاو سەردانیانکردم، بەسەرسوڕمانەوە ئـەم پرسـیارەیان ئاراسـتە دەکردم : راستە تۆ بە نامەو تەلەفۆن ئاگاداری خەڵك دەکەیتەوە کـە خـۆت بۆ کۆمەڵە هەڵدەبژێری؟!

- بۆ ئێوەم ناردوە؟
- نەخێر!
- ئێستەو دوێنێ ئەمە وەلامی من بـوە، تـا کـاتی ئـەم پرسـیار کردنـەتان من دوورونزیـك بـە هـیچ شـێوەیەك ئاگاداری ئـەوە نـەبوویم کۆمەڵە دادەمــەزرێ، ئەگــەر راســتیش دەکــەن بــۆ راســت و ناڕاســتی ئــەو مەسەلەیە با نامەیەکی من بە ئێوە نیشان بدەن.. ئەگـەرهاتو کـەمێك ووردبینەوە ئێمـەی هـەوادارانی پـارتی بـە ماڵومنداڵمانـەوە ژمارەمـان لـە (٢٠) کـەس تێپـەڕ ناکـات کەچـی ئـەوان ژمارەیـان لـە (٢٢٠) کـەس دەدات، لەلایەکی دیکـەوە دڵنیـام یـەکێتی بـە هـەموو سـەنگی خۆیـەوە پاڵپشتیان دەکـات کەچـی بـە هـیچ شـێوەیەك ناوچـەی هۆڵەنـدا ئاگـای لەو مەسەلانە نیە! باشە با بزانین پلان وپیلانەکەیان چۆن بوە؟

١- ماوەیەك بەر لە مەسەلەی كۆمەڵە، رۆژانە پڕوپاگەندەیان بەرامبەر بە پارتی دەكرد بۆ ئەوەی لە پێش خەڵك لەكەدارمان بكەن بۆ رێخۆشكردنی پالێوراوەكانیان .
٢- كابرای زانیاری پڕوپاگەندەی نامەو تەلەفۆن كردنی منی بە نێو پەنابەراندا بلاوەكردەوە تاكو بەم خەڵكە بڵێن : تەنیا هەوادارانی یەكێتی نین بەشداری ئەم كۆمەڵە دەكەن بەڵكو خەڵكی پارتیش دێنە مەیدان بەڵام ئێمەی یەكێتی بە هەڵبژاردن بردوومانەتەوە .
٣- هەر ئەوانیش دەوری ریش سپیاتیان دابوە كاك حاجی حاجی برایم بە تەلەفۆن بۆ هەموو ماڵێك بكات و بە ناوی خۆی داوای بەشداربونیان لێ بكات تەنانەت تەلەفۆنی لە گەڵ سێ ماڵە كوردی دەڤەری بادینان كردبوو بۆ ئەوەی بە خەڵكەكە بسەلمێنن كە ئەوان جیاوازی ناكەن ، لەنێوان ئەو سێ برادەرانە یەكێكیان پارتی بوو لە بەستەزمانی خۆیدا لە كۆبونەوەكەیاندا بەشدار بوو!

لە ئێوارەیەكدا مەسەلەی دامەزراندنی كۆمەڵە كۆتایی پێهاتبوو هەروەكو یەكێتیەكان خۆیان دەگێڕنەوە : گوایە كاك حاجی حاجی برایم گوتوویەتی : دەورن برایان (بمیدێنین [1]) سێ رۆژی نەبرد كۆمەڵە بە ناوی (كۆمەڵەی میدیا) لەنێو خەڵكدا جاڕدرا، خەڵكانێكی زۆر پەنجەی

[1] - یەكێتیەكان دەگێڕنەوە گوایە كاك حاجی حاجی برایم لە لندن سەردانی نەوشێروانی كردوە لەبەردەوامی قسەكانیاندا حاجی حاجی هەواڵی یەكێتی جوتیارانی كوردستانی لە نەوشێروان پرسیوە، ئەویش گوتوویەتی : وات تێك نەداوە بە كەس چاك بێتەوە!

پەشیمانیان دەگەزتەوە گوایە کڵاوی کوردایەتیان لەسەرنراوە!

وادیاربوو یەکێتیەکان لەنێو خۆیاندا باسوخواسی سۆزوپەیمانی منو کاك جوامێر لەلایەك و منو کاك کاروان صالح لەلایەکی دیکەوە باسکراوە هەروەها ووردەگلەیی ئەوەیان لەخۆ کردوە کە ئەوە کۆمەڵە نیە بەڵکو تەنیا رێکخستنی یەکێتیانە! پێویستە خەڵکی تریش بێتە ناو ئەم کۆمەڵەیە (لە مەسەلەی گلەییەکان دڵنیام کاك کاروان ئەو دەورەی بینیبوو چونکە لێرەو لەوێ گوێ بیست بووم کاك کاروان لەسەر ئەم مەسەلەیە لە یەکەم رۆژدا لە گەڵ کاك شێرکۆ شێخ نوری تێکگیرابوون!

لە هەمان رۆژی دامەزراندنی کۆمەڵە.. رێکخستنی یەکێتی لەشاری ئینشخدێ لە ماڵی کاك حاجی حاجی برایم دامەزرا، بۆ ئەوەی رووێکی (کوردانە) بدەنە کۆمەڵەکەیان نەك رووە (یەکێتیەکەی) بۆیە بڕیاریاندابوو :

١- کادیرە ناسراوەکانیان بە بۆنەی نەخۆشیم سەردانیم بکەن .

٢- کاك حاجی حاجی برایم وەك برا گەورە تەنبەتەن لە گەڵ من دانیشێ (دیاربوو ئەو پێشنیارانە بە هەوڵدانی کاك کاروان بوە چونکە کاروان بەرامبەر بەسۆزوپەیمانەکەمان هەستی بە شەرمەزارییەك دەکرد) من هێشتا ئاگاداری ئەو سەینوبەینە نەبووم.. لەلایەکی دیکەوە تا ئەوکات منو حاجی حاجی یەکترمان نەبینیبوو، دوابەدوای ئەوە کە برینەکەم چێتر بوو لە گەڵ برادەرێك (حاجی تحسین) سەردانی ماڵی کاك کاروانم کرد، کاتێ گەیشتمە ئەوێ ئەو بەرێزانە لەوێ بوون : حاجی حاجی برایم،

شوان وابزانم بە بهرۆز ناسراوە، مەلا عبدالرحمن مستەفا [1]، پێش ئەوەی هەڵسین بێینەوە ماڵ گووتم : کاك کاروان دەزانی بۆ هاتووم؟

- جا پێویست بەوە دەکات.. ماڵی برای خۆتە
- پێشەکی سوپاست دەکەم کە سەردانیت کردووم بەڵام گلەییم لێت هەیە
- گلەییت لەسەر چاوان، فەرموو
- ئایا منوتۆ سۆزوپەیمانی کوردایەتیمان لەنێواندا هەبوو بۆ مەسەلەی چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمەڵەیەك؟
- بەڵێ
- ئەی بۆ بەشداریتکرد؟
- بەو پیاوە بڵێ (دەستی بۆ حاجی حاجی برایم درێژ کرد)
- باشە، ئەگەر کاك حاجی حاجی گووتی لەسەر ئەم بڵندایەتیە خۆت باوێژە خوارێ بە گوێی دەکەیت؟
- کاك ئەسعەد قسەکانت لەسەرچاوان بەڵام حەزدەکەم شتێك بزانی (١٨) ساڵەی یەکێتیاتیم بە هەوەنتە لەکۆڵ نابێتەوە؟!
- ئۆباڵت بە ئەستۆم ناهەق نیت .

لەوکاتەدا کاك مەلا عبدالرحمن ویستی بەدواداچونێك لەسەر

---

[1] - کوڕێکی جحێلەی شەرمن لە ناوەڕاستی هەشتاکان لەوکاتەی قوتابی الشریعە بوو بۆ یەکتر ناسین هاتە ماڵەوەمان وەك موعجبێك لە دوای راپەرین ماوەیەك وەك رۆژنامەنوس لەلای تالەبانی کاری دەکرد، شایانی باسە خەڵکانێکی دیاری نێو حیزبەکان کەیسی پەنابەریان دژ بە حیزبەکان و سەرکردەکانیانن!!

قسەکانی مـن بکـات، منـیش پێمگـووت : کاکـە مـن لـە گـەڵ ئـەو یەکێتیانـە قسە دەکەم تـۆ پەیوەنـدیت بـە مانـە چیە؟ کـاك حـاجی حـاجی بـرایم بـە پێکەنینـەوە گـووتی : بـرا ئەگـەر (ئـەوە) یـەکێتی نـەبێت کـێ یەکێتیـە؟ منـیش گـووتم : ببـورە بـاوەڕ ناکـەم چـونکە یەکێتیـەکان ڕقیـان لـە کـاك عبـدالرحمن دەبێتـەوە گوایـە لـە کێـسی پەناهەنـدەیی گوتوویـەتی : بۆیـە وەك ڕۆژنامەنوس لەلای جلال تالـەبانی نـەماوم چـونکە تیرۆریـستە! ئیـدی ئـەم قـسەیە ئـاوێکی سـاردی بەسـەر دانیـشتنەکەدا ڕشـتو بـەرەو مـاڵ گەڕامەوە.

بـۆ بـەیانی منـو کـاك کـاروان لـە ڕێگـەی قوتابخانـە چـەند سـەعاتێك لەسەر ئەم مەسەلەیە دواین، بـۆ ئێـوارە بزایـان : مامۆسـتا بـەکر، جـوامێر، رابەر و خەڵکی تریش هاتنە ماڵەوە بـە پێکـەنین مامۆسـتا بـەکر گـووتی : بەخوا کاك ئەسعەد ئەگـەر سـەرکردایەتی یـەکێتی بزانـێ ئێمـە هاتوینەتـە سەردانیت هەمووومان دەردەکەن!!

بـە مەزنـدە دوو ڕۆژی نـەبرد کـاك حـاجی حـاجی بـرایم بـە تەلـەفۆن نزیکـەی بیـست دەقیقـە قـسەکانی خـۆمی پـێ فرۆشـتەوە! داوای ئـەوەیکرد دانیشتنێك بکەین هەرچەندە لەناو تەلەفۆنەکە بـە کـاك حـاجیم گـووت : (لا يلـدغ المـؤمن في الجحـر مـرتين) بـەڵام ئـەو دانیـشتنەتان دەگـەڵ دەکـەم نەوەك ڕۆژانێك دابێت لەنێو خەڵکدا لافی ئـەوە لێبـدەن و بڵـێن : دەرگـای کوردایەتی و برایەتیمان بۆ پارتیەکان والاکـردەوە کەچـی ئـەوان دایانخـست هەرچەند من هاوار دەکەم و دەڵێم : برام من نوێنـەری پـارتی نـیم کەچـی ئێوە هەردەڵێن : ئەگەر تۆ لەسەر شتێك رازی بیـت ئـەو برادەرانـەی دیکـە قسەت ناشکێنن .

## دانیشتنێکی سەرنەکەوتوو!

لــە عەســرە وەختێکــدا بــە مەبەســتی دانیــشتن لەســەر مەســەلەی چۆنیەتی بەشداربونمان لە کۆمەڵەی ئەمـشارە سـەردانی مـاڵی کـاك حـاجی حاجی برایمم کرد.. خوا بیانپارێزێ ژمـارەی ماڵـەوەیان زۆر بـوو سـەرەڕای ئەوەیش خێزانی کاك شێرکۆ لەوێ بوو :

- بەخێربێیت کاك ئەسعەد
- سوپاست دەکەم
- دەست بە قسان بکەین؟
- ئەگەر بە ئەزیەتی نازانی حەزدەکەم موسەجەلێك دابنێین!
- موسەجەلی بۆ چیە؟
- کاك حـاجی دڵنیـام لـەو دانیـشتنەماندا هـەردووکمان قـسەی لـەخۆمان زلتر دەکەین ئەو نەوارە دەبێتە بەلگەیەکی مێژوویی!
- نا.. نا.. برا، ئێمە براین شتەکە هێندە گەورە نیە تۆ وای لێمەکە؟!
- باشە برام، فەرموو
- بــرا گیــان زۆرجــار لــەخۆم پرســیار دەکــەم کــە بــۆ ئێمــەی کــورد نەگەیشتونەتە ئامانجی خۆمان (تکایـە لـە گـەڵم بیرکـەرەوە) تـۆ بڵێـی کـورد پیـاوی ئـەوتۆی لـێ هەڵنەکـەوتبێ سەرپەرشـتی ئـەم میللەتـە چەوسـاوە بکـات؟ تـۆ بڵێـی ئـەو مەسـەلەیە پەیوەنـدی بـە خـودی نەفسیەتی میللەتەکـەمان بێـت؟ نـازانم؟ تـۆ بۆچـونێکت هەیـە لەسـەر

ئەو مەسەلەیە؟

- فەرموو کاك حاجی بەردەوامبە، گوێم لە قسەکانت ڕاگرتوە
- کاکی خۆم لە ساڵی ١٩٦٨ – ١٩٦٩ جەنابی حاجی برایمی باوکم دەگەڵ پیاوێکی خۆمان بۆ خوێندن ناردمیە سلێمانی لە ڕێگەدا تووشی هەندێ تانگ وزرێپۆشی سوپای عیراق بووم بە چاوی خۆم بینیم جەلالیەکان لەسەر پشتی تانگەکان شانبەشانی سەربازەکان بەرەو کاولکردنی گوندەکانی کوردستان دەڕۆیشتن!
- ئێ قسەت بەشەکر بێت
- بە (زەردەخەنەوە) هەروەها جەنابت دەزانی ماڵی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٧٥ (کارم تەمام شودیان کرد) ئەوە پێشەوا، شێخ محمود، شێخ سعید
- کاك حاجی یەك پرسیار
- فەرموو، فەرموو
- جەنابت دەڵێی بەچاوی خۆم بینیم جەلال تالەبانی جاشبوە هەروەها دەڵێی ماڵی مەلا مستەفا کارم تەمام شودیانکرد
- بەڵێ، بەڵێ
- باشە بۆ ئێستا لە دوای جلال تالەبانی دەڕۆییت؟ (ویستی وەڵامم بداتەوە) تکایە ڕاوەستە.. ئەی بۆ لە ناوەڕاستی هەشتاکان چویتەوە لای ماڵی بارزانی، گوایە نوێنەری کاك مسعود بویت؟!
- برا.. تەنیا ئەوانە هەن
- نا کاك حاجی بۆ خودی خۆم هەردەمێك بگەمە ئەو قەناعەتە پارتی

و ماڵی بارزانی خزمەتی کورد ناکەن، ببنە ئاوی حەیات بە قورگم ناچنە خوارێ.. کاکە من دەڕۆم چونکە ناگەینە ئەنجام

- دە دانیشە برا دانیشە
- نا بەخوای دەڕۆم
- باشە با بێینە سەر مەسەلەی خۆمان
- پێویست ناکات، چونکە ناگەینە یەك
- ئێ بۆ؟!
- کارێکی زۆر ئەستەمە پیاو لە گەڵ خۆی راست نەبێت، چۆن لە گەڵ کەسانی دیکە راست دەبێت؟
- کورە کاکە دونیا هەروا چوەتە سەر
- کاك حاجی موشکلەکە لە تۆو ئەو خەڵکەدا نیە.. بڕوات هەبێت لە خۆمە چونکە نازانم لە گەڵ ئەو شتەی ناوتناوە مۆدێرن بڕۆم، بە دوعا...

## دانیشتنێکی تایبەت

دوابەدوای دانیشتنە سەرنەکەوتوەکەمان، هەردەهات توندوتیژی نێوان ئێمەو ئەوان دژوارتر دەبوو تا گەیشتە ئەو رادەیە هەروەکو هێندێکیان بۆیان گێڕامەوە هەوڵبدرێ خەڵکی خۆیان لە هەموو روویێکەوە پەیوەندیان لەگەڵ خۆی و ماڵومنداڵی من نەبێت!!! بە تایبەتی گەنجەکان برادەرایەتی لە گەڵ کوڕەکەیش نەکەن!! سەرەڕای ئەوە هێندێ لە کوڕو

برازاکانیان هاموشۆی ئێمەیان دەکرد بەڵام گەلێجار لەماڵەوە بە هۆی ئەو هاموشۆیەیان تووشی گێروگرفت دەبوون!

لەو ماوەیەدا بە تەواوی لە مانگی ٦و١٩٩٧/٧ دا، لە هەموو لایەکەوە هێرشی دڕندانە دەکرایە سەر هەوادارانی پارتی، دوورونزیک ئاگادار بووم کاك (برایمی حاجی مەلۆ) بۆ ئیشوکاری حیزبەکەی هاتوچۆی شارەکەی ئێمەی دەکرد ڕۆژانە لە گەڵ یەکێتیەکان یەکتریان دەبینی.. وادیاربوو کاك (مەلۆ) لەو دانیشتنانەدا زۆرجار گوێی لە ناوی من ببوو (دڵنیام لە دڵی خۆیدا گوتوویەتی دەبێ چ بۆرە پیاوێك بێت ئاوا شەوچەرەی پێکوورت دەکرێتەوە) بۆیە لە ڕێگەی سەیدا صالح پێداوی دانیشتنێکی چوار سەعات ونیوی لەنێوان منو کاك برایمی حاجی مەلۆ بە ئامادەبونی شێخ مسعود زاوای کاك برایم(مەلۆ)، صالح پێداوی، دلۆڤان برازای کاك مەلۆ سازبوو، سەرەتا کە دەستم لەناو دەستی کاك برایم دانا پێمگووت : ئومێدەوارم لەکاتی هەڵسانماندا بە هەمان شێوە بە پێکەنین لێکجیا بینەوە! دانیشتنێکی زێدە گەرم، قسەی ئەوتۆمان لەم دانیشتنەدا کرد بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە خۆم نادەم لەسەر کاغەز بینوسمەوە تەنیا هێندە دەڵێم : ئەگەر کاك برایم ئەم بیرەوەریەم بخوێنێتەوە دڵنیام ئەشهەدوم بۆ دەکێشێ لەسەر ئەو وەزعەی ئێستەی تێیدا دەژیت، لە دوادوای دانیشتنەکەماندا بە شاهێدی کاك صالح پێداوی گووتم : کاك برایم هەرکاتێك بیرت لەوەکردەوە بگەڕێیتەوە کوردستانی دەلال بە تەلەفۆنێك من یان سەیدا صالح لە خزمەتین.. جەنابت بە کوردستانەوە جوانی،

ئاغایەتی لەنێو هۆزو عەشیرەتدا[1] خۆشە سوپاس بۆ خودا کاك برایم و خەڵکێکی دیکەیش ئەورۆ لە سێبەری پەرلەمان و حکومەتی کوردان بە ئاسودەیی دەژین.. نۆشی گیانیان بێت .

## نەواتی بنکەیەکی کوردایەتی
## لە شاری ئینشخدیٚ

ماوەیەکی باش، ساردی کەوتە نێوان منو زۆربەی ئەو برادەرانە کە نێویان لە سەرەوە هاتوە، کۆمەڵەیش لە گەرمەگەرمیدا بوو ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٩٧یان سازکرد ئینجا گیروگرفت کەوتە نێوانیان تا دەهات خەڵك خۆی لێ دەکشاندەوە بە تایبەتی ئەوانەی دەوری سەرەکیان لە

[1] - زۆرجار خاڵ ئەنوەر بەگی بێتواتە سەربردەی سەیر سەیری بۆ دەگێڕاینەوە، پیاو بۆ خوا بڵێ ئەو مێرخاسە بە هیچ شێوەیەك بە خراپە باسی کەسی نەدەکرد لە زەمانی رژێمیش بەوپەڕی ڕێزەوە باسوخواسی بارزانی نەمری بۆم دەگێڕایەوە، جارێکیان گووتی : لە دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٠ ئێمە چەند کەسانێك لە بەغدا ماینەوە حکومەتیش زەوی وزاری لە دەوروبەری (الشماعیه) دابوینێ لە دڵتەنگی خۆمدا ئێواران پیاسەم دەکرد بینیم چادرێکی (٤٠٠) پاوەندی هەڵدراوە یەك نەفەری لەژێردا دانیشتوەو چەندان کەسی دیکەش لە دەرەوەی چادرەکە راوەستاون منیش لە خەڵکەکە نزیك بوومەوەو گووتم : ئەوە بۆ ئەو پیاوە بە تەنیا دانیشتوەو ئێوەش لە دەرەوەن؟ یەکێکیان گووتی : ما ئاغا لەوێ روونشتوە! منیش گووتم : جا چیی تێدایە؟ لە ئەنجامدا پێمگووتن : بە ئاغاتان بڵێن ئاغایەتی بەوە خۆشە کە کرمانجی لە دەوروبەری کۆبێتەوە ئەگەر درۆیەکیشی کرد ئەوانیش ئەشهەدوبیللای بۆ بکێشن!!

دامەزراندنیدا هەبوو! تا ئێستای لەگەڵدابێت ئەو کۆمەڵەیە جگە لە ئاهەنگی نەوروز هیچ کارێکی دیکەی بۆ خزمەتی جالییەی ئینشخدێ نەکردوە باسی لێوەبکرێت وەك بڵقی سەرئاو پووکایەوە!

هێدی هێدی کاك حاجی حاجی برایم و کاك کاروان صالح لە یەکێتی دوور دەکەوتنەوە یان باشتروایە بڵێم : هەریەکە بە بیانوویێك دڵی لە یەکێتی ڕەنجابوو، ئەو ساردییەی نێوان منو کاك حاجی حاجی بە بۆنەی دکتۆر حسن سوور کە برادەرو هاوناوچەی کاك حاجی بوو، برادەرێکی بەرێزی منیش وەك دۆخی جارانی لێهاتەوە لەو ماوەیەدا ئاشناییم دەگەڵ برادەرێکی کۆنە کۆمەڵە [1](کاك هەلۆ ئەحمەد عبداللە کوردە) لە سلێمانیدا بە (هەلۆی ئەحە سمێڵ) ناسراوە، کاك هەلۆ کوڕێکی مەندو ڕۆشنبیر.. لە دونیای سیاسەت شارەزایی هەیەو ئێستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گشتی و کوردستانی عیراق بە تایبەتی بیروبۆچونی جوانی هەیە! (بەر لەهاتنە نێو پارتی) لە هەشتاکانەوە لەنێو یەکێتیدا سەرتیپ بوە، لە ساڵی ١٩٦٦وە، ڕەحمەتی باوکی وەگەڵ تاقمەکەی جلال تالەبانی کەوتوە.. زۆرجار بۆ پێکەنین پێمدەگووت : منداڵە جەلالیی [2]ئەویش بە هەمان

[1] خەڵکانێکی زۆر بە تایبەتی ئەوانەی وازیان لە یەکێتی هێناوە شانازی بە کۆمەڵەی دێرین دەکەن بەوە پەست دەبن کە پێیان دەڵێی یەکێتی بوویت!

[2] - گوایە خاڵێکی هەرەسەرەکی ڕقبوونەوەی یەکێتیەکان لە من ئەوەیە کە لەکاتی دەمەتەقێماندا بە جەلالی ناویان دەبەم! هەردەم دەمگووت : برا ئێوە گۆشت ناخۆن گۆشتاو دەخۆنەوە ئەگەر شانازی بە شتێکەوە ناکەن بۆ بە دوایدا وێڵن بەخوا بۆ خودی خۆم کاتێ ئێوە بە من دەڵێن مەلایی یان پارتیە پیسەکە! دەڵێی دۆنم تێهەڵدەسوون!!

شێوە بە منداڵە مەلایی (بەنەکەی) هەولێریانە وەڵامی دەدامەوە، تا دەهات نێوانمان خۆشتر دەبوو چونکە لەزۆر لایەنەوە بیروبۆچونمان یەکی دەگرتەوە، دوای راپەڕین دەستی لە یەکێتی و جەلالییەت کێشاوەتەوە! ماوەیەکیش ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حسك) ی، ساڵی ۱۹۹۳ بوە، کە هەردەم حەز بەوە ناکات باسی ئەو ماوەیەی دەگەڵ بکەیت! زانیاری چاکیی لەسەر خەڵکی یەکێتیدا هەیە زۆربەی سەرکردایەتی یەکێتی کاك هەلۆ بەوە تاوانبار دەکەن کە گوایە (خۆی بە زل دەزانێ!) کەچی هەموو جارێك بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پەللارەی ئەوانی دەدایەوە (برام من زل نیم، بەڵام ئەوان هێند بچووکن! بۆیە من بە زلی ئەبینن!) .

کاك هەلۆو کاك حاجی پێکەوە حەزیان بەوە دەکرد کە ئەو ساردییەی نێوان منو کاك کاروان نەمێنێ بۆ ئەوەی بتوانین (نەواتی) گرووپێکی کوردایەتی لەم شارە دروست بکەین، بە هەولوتەقەڵای ئەوان ئەو ساردییە نەماو قسەی زۆرمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کرد کە بتوانین شتێ بە شتێ بکەین، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووین.. زۆرجار کاك هەلۆ تیروتوانجی دەهاوێشت دەیگووت : کاك حاجی لەنێوان یەکێتی و دەست کشانەوەی ئیستقامەی نیە! کاك کاروانیش جگە لەم مەسەلەیەی ئێمە وادیارە خەریکی شتی ترە! کاك ئەسعەدیش لە مەلایەتی خۆی نایەتە خوارێ، منیش بە تەنیا هیچم پێ ناکرێ!

پەیوەندی نێوان منوکاك هەلۆ خۆشتربوو لەوەی لەگەڵ ئەوانی تر، چونکە کاك هەلۆ خۆی گوتەنی : خۆم هێناوەتە سەر پلێت! خۆم یەکلا کردۆتەوە زۆرجار رەخنەمان لەیەکتر دەگرت بە دڵێکی فراوانەوە لێکمان

وەردەگـرت.. جارێکیـان گـووتم : نابوایـە بـچیتە بەرنامـەی (مێـد تیڤـی) گـووتی : وەڵلا راسـت دەکـەیت بـەڵام بـرادەران تووشـیان کـردم کەچـی لـە مانگی ۱۹۹۹/٦ گلەییم لێکرد کە نابوایە بچیتە کۆبوونەوەکەی (ئەمـستردام) دیـاربوو ئـەمجارەیان بۆچـوونی دیکـەی هـەبوو، دڵنیـام ئێـستە بۆچـونی باشتری هەیە!

## کۆمەڵەیەکی نەزۆک
## لە شاری ئینشخدێ

لەوکاتـەی کۆمەڵـەی میـدیا لـەم شـارەدا لەبـەر گیروگرفتـی نێوخۆیـدا نەیتوانی شوێن پەنجەی لـەنێو جالییـە دیاربێـت، خـەڵکانێك لـە برادەرانـی سلێمانی بیریان لەوەکردەوە کـە بتـوانن کۆمەڵەیـەکی دیکـە دروسـت بکـەن، لەنێو خۆیاندا بە ئاگاداری کاك حاجی حاجی و ئامادەبونی کاك هـەلۆ سـێ کۆبونەوەیان بەستبو، پێرەوپرۆگرامیشیان نوسیبو، پێـشنیاری ئـەوەیان لـە کاك هـەلۆ کردبـوو کـە لابـەلا قـسە لـە گـەڵ منـدا بکـەن بـۆ ئـەوەی دەنگـی پارتیەکانیان بۆ مسۆگەر بکرێ، رۆژێکیان کـاك حـاجی حـاجی، کـاك هـەلۆ، کـاك مـەلا عـوزێر سـەردانیان کـردم بەدوورودرێـژی قـسەمان لەسـەر ئـەو مەسەلەیە کرد .

- کـاك حــاجی : حەزدەکــەین کــاك ئەســعەد ڕای خــۆت لەســەر ئــەم مەسەلەیە دەربڕی
- ئەسعەد : وەڵلا من پێشنیارێکم هەیە

- هەموویان : فەرموو
- ئەسعەد : وای بە باش دەزانم ئەو برادەرانەی سلێمانی لێژنەیەك دروست بکەن بۆ سەردانی کۆمەڵەی میدیا.. پێیان بڵێن : ئێوە تا ئێستە هیچتان نەکردوە ئێمەیش حەز دەکەین شتێك بۆ ئەو جالییەی خۆمان بکەین چونکە ئێمە بڕیارمانداوە کۆمەڵەیەك دروست بکەین بەڵام بۆ هەموو لایەك باشترە کە پێکەوە کار بکەین، تەنیا یەك مەرجمان هەیە ئەویش لابردنی وشەی (میدیا) چونکە مۆرکی یەکێتیە ئەگەر نەهاتنە رایێ ئەوکات قسەی لەسەر دەکەینەوە.
- کاك حاجی : تۆ ئەم قسەیە دەکەیت؟
- ئەسعەد : بەڵێ
- کاك حاجی : گوتمان ئێستە لە خۆشیان باڵدەگرێ کەچی دەتەوێ ردێن سپیایەتی بکەیت؟!
- ئەسعەد : حاجی گیان من لەو رۆژە دەترسم ئەگەر ئەو کۆمەڵەیە بەو شێوەییەی ئێوە دەتانەوێ دروست بێت، گێروگرفت لەنێوان هەوادارانی پارتی و یەکێتی دروست دەبێت ئەوکات لەم شارە دەبێتە شەڕە چەقۆ! ئەوکات جەنابت لەماڵەوە دانیشتوویت دەڵێی : ئەم سەکباوکانە چیانە شەڕ دەکەن!!
- مەلا عوزێر : (بەسەرلەقاندن) راست دەکەیت!
- کاك هەلۆ : قسەیەکی حیسابیە
- کاك حاجی : باشە ئێوە چیتان دەوێ؟

- ئەسعەد : ئێمە هیچمان ناوێ، ئێوە هاتوون ڕاوپرسم پێدەکەن، جەنابت وا تەسەورت دەکرد بۆ نەیاری یەکێتی و کۆمەڵەی میدیا بێ سێو دوو لە گەڵ ئەم مەسەلەیەین.. نەخێر، کاک حاجی دەمێکە بە جەنابتم گوتوە بە هیچ شێوەیەك ئێمە وەك ئێوە دەست پێشخەری لە لەتکردنی کورد ناکەین! هەروەها گوتومە : نابێ لە شوێنێکدا دووجار پێوەبدرێین .
- کاك حاجی : کاکە تۆ بۆ وای لێدەکەیت؟ ئەوەی چوچو.. بەمەزندە ئێمە بۆ کوردایەتی ئەو کۆمەڵەیەمان دامەزراند کە یەکێتی دەستی بەسەرداگرت خۆمان کشاندەوە
- ئەسعەد : نەخێر، حاجی گیان یەکێتی کۆمەڵەیەکی لێرە بە تۆ دروستکرد ئەوە هەقیقەتە
- کاك حاجی : باشە، دەتەوێ وەکو کۆمەڵەی تر لە ئەنجامدا پارتی دەستی بەسەردا بگری، بەخوا جارێکی دیکە ڕێگە نادەین ئەو هەلەیە دووبارە بێتەوە .
- ئەسعەد : کاك حاجی لە پێش ئەو بەرێزانە قسەیەك دەکەم تۆ کۆمەڵەی میدیات بۆ یەکێتیەکان دروستکردوە، دەبێ ئەو هەلەیەت بە هەلەیەکی تر راست بکەیتەوە.. ئەگەر کۆمەڵەیێکیش بۆ پارتیان دروست نەکەیت قسەی خێرت بۆ ناکرێ؟

ئەو هەوڵە نەزۆکەش سەری نەگرت و ئەو برادەرانەی لە چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆی ئێمەدا بوون، پەرتەیان لێکرد!

## دواقۆناغ

دوابــەدوای هــەردوو دانیــشتنەکەمان لەمــەڕ نــەواتی بنکەیــەکی کوردایــەتی و کۆمەڵەیــەکی نــەزۆك، نێوانمــان مامناوەنــدی بــوو داوی پتەوکردنی پەیوەندیـەکانمان زیاتر لـە ڕێگەی کاك هـەلۆ بـوو چـونکە لـە گەڵ ئەوانی دیکە زۆر یەکترمان نەدەبینی.. هەر لـەم ماوەیـەدا یـەکێتی بـە خۆزگەی پتەوکردنی باری ڕێکخستنی خۆی لە ئەوروپادا کەوتە جموجوڵ، دکتـۆر فـواد معـصومیان کـردە سەرپەرشـتی ئـەوروپا، جارێکیـان سـەردانی شارەکەی ئێمەی کردبوو لە گـەڵ چـەند کەسـانێکی خۆیـان لـە کافتراییایـەك یەکتریان بینیبوو هـەروەها کـاك حـاجی حـاجی و هـەلۆ کوردەشـی بینیبـو لەوکاتەدا کۆمیتەی (بەنەلۆکس)یان، بە شێردڵ حەوێزی نـوێکردەوە.. لـەم نوێکردنەیانـدا لـە ڕووی ناوچـەییدا ڕەچـاوی بەشـدارکردنی یەکـسانەیی خەڵکی سلێمانی [1]، هەولێر، گەرمیانیان کردبوو،.

هێندەی پێ نەچوو جەلال تالەبانی لە دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنامـەی واشـنتۆن گەیـشتە لەنـدەن، ئـەوەی ئاگـاداربم بـەرێزان : شـێردڵ حـەوێزی، حـاجی حـاجی بـرایم، رابـەر کـۆیی، سـەفین مـەلا قـەرە لـە هۆڵنـداوە بـۆ دیـداری چـوونە ئـەوێ.. وادیـاربوو تالـەبانی بـە هەنـدێکی گوتبـو وەرنـەوە کوردستان بە کەسانی دیکەیشی گوتبو چاوەڕوانبن، بـۆ هێنـدێکیش نامـەی

[1] - یەکێك لەم برادەرانەی سلێمانی بە هـۆی وتـار خوێندنەوەیـەکی لـە ٢٠٠٠/٢/٢٧ لـە سالگەردی بارزانی نەمردا ماوەی شەش مانگ بە دانیشتن سزادراوە .

چاپكراوی ناردبوو..

هێندەی نەبرد كاك جوامێر سیامەنسووری، مامۆستا نازم، شێردڵ، رابەر، جكال حمە ناوێك گەڕانەوە ساڵۆنیوێك پێشتر مامۆستا بەكر گەڕابووەوە، كاك حاجی حاجی و ئەوانەی لە چاوەڕوانیدا بوون هیچ شتێكیان بۆ نەهات لەبەر هەندێ كاك حاجی بڕیاریدا سەردانی سلێمانی بكات هەرچەندە برایان دكتۆر حسن و كاك هەلۆ پێشنیاری ئەوەیان كردبوو كە لە رێگەی برایم خەلیلەوە بچێتەوە بەلاّ كاك حاجی تا ئەوكات خۆی یەكلا نەكردبووەوە.. بۆ ماوەی سێ مانگ لە رێگەی ئێرانەوە سەردانی سلێمانیكرد .

لەو سەفەرەیدا كاك حاجی گەیشتە ئەو قەناعەتە كە شوێنی لە ناو یەكێتیدا نەماوە، لە گەڵ گەڕانەوەیدا لە ١٩٩٩/١١/١ بە نامە دەست كشانەوەی خۆی لە رێزی یەكێتی كە ئاراستەی جەلال تالەبانی و مەكتەبی سیاسی كردبوو بلاّوكردەوە.. یەكێتیش نوسراوێكی ئاراستەی رێكخستنی خۆی لە ئەوروپا كرد كە تێیدا هاتبو كە حاجی حاجی لە رێزی یەكێتی نەماوە هەروەها مقۆمقۆی حیزب و رێكخراو دامەزراندن و سەردانی هەولێریان لەسەر بلاّودەكەنەوە .

دوای گەڕانەوەی زۆربەی كادیرە ناسراوەكانی یەكێتی لەم شارەدا لێكترازاندنی جارێكی دیكەی كۆمیتەی (بەنەلۆكس) لە لایەك، خۆكشانەوەی چەند كادیرێكی ناسراوی یەكێتی لەلایەكی ترەوە.. هەروەها حەزی لەمێژینەی جالییەی ئەم شارە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی كوردی بەسەرپەرشتی بەرێزان : حاجی حاجی، هەلۆ كوردە، كاروان صالح لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ بناغەی كۆمەڵەیە لە شاری ئینشخدێ دامەزرا،

بەسەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیە پاوانگەری یەکێتی لەم شارە نغرۆ بوو .

دوابەدوای ئەمە ئەو سێ برادەرانە (حاجی حاجی برایم، هەلۆ ئەحمەد کوردە، کاروان صالح نانەکەلی) بەهاوکاری بەندەو دکتۆر حسن سوور چەند سەفەرێکیان بۆ هەولێر کردو سەردانی ئەو حیزبە بچوك و نوێیانەیان کرد.. وادیاربوو نەگەیشتنە ئەنجامێك پارتیش پێشنیاری هاتنە نێو حیزبیان بۆ دەست نیشانکردبوون لە ئەنجامدا سەرەتا کاك حاجی حاجی برایم بەسەردانی مەزاری نەمران جارێکی دیکە سۆزوپەیمانی دەگەڵ پارتی نوێکردەوە ئینجا کاك هەلۆ ئەحمەد کوردە هاتە نێو پارتی.. هەردووکیان پلەوپایەی وەك (بەرپرسی لق) و پێویستی دونیەویان بۆ دابینکرا کە تا ئێستا لەو نیعمەتەدا بەردەوامن، ئەوەی شایانی باسە کاك کاروان گەڕایەوە نێو ڕێکخستنی یەکێتی و لە دوای جیابونەوەی (گۆڕان) ئەستێرەی گەشایەوە و ڕێگای پەرلەمانی بۆ بەردرێژ کرا! هێندەی نەبرد لە وێستگەیەکی شەمەندەفەری گۆڕانیش دابەزی!!

سوپاس بۆ خودا لەو ڕۆژەی وەك برایمی مەلا زێندینان بە چڵوانێ لە زێدی بابوباپیران تەنیا بە جەستە راونرام.. بەندە لە ڕێگای فاکس، تەلەفۆن، پۆست لە دونیای چاپەمەنی دانەبڕاوم، لاپەڕەکانی گولان، برایەتی، نامیلکەکانم کە لە پەناهەندەیمدا چاپ و بڵاومکردوونەتەوە شاهێدی ئەوەم بۆ دەدەن : ماوە ماوە بە گەیشتنی پۆستی چاپەمەنی کوردستان دونیای تاریکی ئەوروپامی ڕووناك دەکردەوە.. بەڵام پۆستی ئەمجارەیان کە لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٣١١٠) ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/١٢ نوسینێکی عبدالرزاق علی لە گۆشەی (پرۆفایل) کەوتە بەرچاوم، ئەم

نووسـينە لەسـەر نووسـينێكی دوا لاپـەڕەی برايـەتی ژمـارە (٣١٠٧) رۆژی ٢٠٠٠/٦/٧ دەربارەی ئەو هەواڵە لەسەر نووسينەوەی بيرەوەری مـن بـوە (وا دەردەكـەوێ كـاك حيـدر عبـدالرحمن كـە ماوەيـەكی بـاش پێكـەوە كارمـان كـردوە، جڵـەوی قەڵـەمی بـۆ خۆشەويـستی بەنـدە شـل دەكـات و دەڵـێ : هەولێر بێی تۆ.. تـۆيش بـێ هـەولێر هەڵناكـەن......)، منـيش لـە ٢٠٠٠/٧/٩ ئـەم نووسـينەی خـوارەوەم لـە رێگـەی فـاكس بـۆ نـەژاد عزيـز سـورمێ بەرپرسی دەزگای برايـەتی و خـەبات رەوانـەكردو بـە تەلـەفۆن پێمگـووت : كـە گەيـشت بـۆ مێـژوو دووبـارەی دەكەمـەوە نـەوەك دەسـتكاری كرابێـت هەرچەندە نووسيومە (تكايە بێ دەستكاری بلاوی بكەنەوە [1]) .

## ماڵ لە خانەخوێ حەرام كراوە
## مەسەلەی كوردە لە كورد روويداوە [2]

ئەگـەر پڕوفايلەكـەی كـاك فـەخرەدين تايـەرم نەخوێندبايـەوە [3] تـا ئێستەيش نەمدەزانی ئەم پەيڤە چ مانايەك دەدات! بـەلام دڵنيـام ئەمـەيش گۆشـەيەكە وەك چـەندان گۆشـەی ديكـە، بـە هـيچ شـێوەيەك بـە خەياڵمـدا

---

[1] - پارتايـەتی لای بەنـدە هێنـد پـيرۆز بـوو بـەكارێكی يـەكجار دزێـوم دەزانـی ئەگـەر پارتيەكان لەبەردەم خەڵكی غەيرە پارتی دەمـەقاڵی بكـەن، بـەلام كـاتێ گەڕامـەوە كوردستان گەيـشتمە ئـەو قەناعەتـە كـە خـەڵكێكی يـەكجار زۆر لـە رەسـەنايەتی و نەريتی رێباز زۆر نابەڵەدن .

[2] - شيعرێكی مام هەژارە .

[3] - رۆژنامەی برايەتی ژمارە (٣١٠٠) لە ٢٠٠٠/٥/٢٩ .

نەهاتوە رۆژێك دادێت ئێمەی هەوادارانی پارتی و رێبازی بارزانی نەمر لەسەر لاپەڕەكانی رۆژنامەدا بكەوینە گیان یەكتر، خەڵك بەخۆمان خۆشكەین! لەلایەكی ترەوە ئەم پرۆفایلەی عبدالرزاق علی دەرگایەكی بۆم والآكردەوە كە بەشێكی بیرەوەریەكانم وەك فلاشباكێك لەسەر ئەو ماوەیەی راگەیاندنی پارتیمان بنووسمەوە، هەر لێرەوە دەمەوێ عبدالرزاق دڵنیا بكەم كە یاداشتەكەم شەخسیە ئەگەر من لە كوردستان بوومایە [1] بێگومان بۆ نووسینەوەی یاداشتم زۆر زوو بوو.. لەبەر ئەوەی تەنیاو تەنیا كادیرێكی راگەیاندن بووم بەلام لەوەتەی لێرەم خۆم (حەمەد سەرپاڵەم) لە (كەڕوفەڕ)دا، خۆم قائیدی مەیدانم .

دەمەوێ بەر لە خوێنەران نووسەری پرۆفایل دڵنیا بكەم كە ئەم نووسینە زیاتر لەگلەیی دەچێت نەك خوانەخواستە بۆ كەمكردنەوەی خەڵكانێك بێت كە لە شوێنێكی پیرۆزی حیزبەكەم كار دەكەن كە لە رۆژانێكدا لەگەڵ خەڵكانێكی بەوەفا شەرەفی دامەزراندنی بەردی بناغەمان لە ئەستۆ بوە، هەرچەندە جێگەی بەراوردكردن نیە، تەنیا بۆ سوكنای دڵ سەیری قسەكانی مامۆستای بەرێز حبیب محمد كریم بەرپرسی ئەوكاتی راگەیان بكەین : (و قمنا مع عدد من الاخوة العاملين في المجال الاعلامي و منهم ظاهر رۆزبياني و سعيد خطاط و أسعد عدو و زادوق ادم و محمود زامدار و غيرهم بأعادة الحيوية الى مفاصل الاعلام في الحزب حيث قمنا و بعد جهد متواصل بأصدار برايتي بشكل يومي و

[1] - بڕوانە نامیلكەی (بیرەوەری تاڵ وسوێری نامۆیم) كە لە هاوینی ٢٠٠٠ لە هۆڵەندا چاپكراوە .

خبات بشكل اسبوعي ومنظم ب ١٦ صفحة كما ترونها اليوم [1] ).

دەربارەی برایەتی ئەوکات و ئێستاش.. جیاوازیەکان وەکو رۆژ دیارە، برا گیان دڵنیام لەوە ئەورۆ نەك برایەتی بەڵکو راگەیاندنی پارتی لە ئاستێکی زێدە بەرزدایە هەرچەندە ئەو هەڵسەنگاندنە بنبڕکردنەی تۆ لە عورفدا (مەکروهە!) چونکە لەدووارۆژدا مێرخاسی ئەو مەیدانە لێکۆلینەوەی خۆی لەسەر هەموو لایەنێك دەکات، لە رووی زەمەن و زەمان.. ئەوکات چۆن بوین و ئێستەیش چۆنین؟! خۆزگە لەم بڕیارەت هێورتر بوایت! بەڵام نابێ ئەوەیش لەیاد بکەیت سەرنووسەری بەرێزی برایەتی یەکێکە لەو سێکوچکەی برایەتی (حبیب محمد کریم، زاهیر رۆژبەیانی، ئەسعەد عەدۆ) تەنیا بۆ وەبیرهاتنەوەیە : کاتێ منو کاك زاهیرو کاك زادوق کەلوپەلی راگەیاندنمان گواستەوە هەولێر لەنێوان خۆماندا بۆ مێژوو گووتمان : کەلوپەلی راگەیاندن سەندوقی سیارەکەی ئەسعەد عەدۆی پڕ نەکرد!

دەربارەی گەڕانەوەی خەڵکیش بۆ کوردستان دڵنیام لە من باشتر ئاگاداری کە خاڵێکی ستراتیژی پارتیمانە بە چاکی نابینم بەم شێوە ئیستفزازیە باسی لێوەبکرێت، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١ – ١٩٩٥ خەڵکانێك دوورونزیك لەو شوێنەی ئێستای جەنابت سەروسۆراغی نەبوە کەچی ئەورۆ بارەکە بە جۆرێکی دیکە خۆی نیشان دەدات، ئەوە سوننەتی ژیانە بۆ خودی خۆم شانازیە ئەورۆ زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندو

---

[1] - رۆژنامەی خەبات ژمارە (٩٧٢) رۆژی ٢٠٠٠/٤/٢١

ڕۆژنامەنوسـانی كـورد لـە كۆنـە هـەواری خـۆم كۆبونەتـەوەو باسـكیان لێهەڵماڵیوە .

ئەمما دەربارەی موباڵەغە كردنەكە، پێشەكی سوپاسی هەسـتی ناسـكی ئەو برادەرانە دەكەم كـە جڵەوی سـۆزیان شـۆڕ كردۆتـەوە هەرچـەندە ئـەو برادەرانە باسی هەولێریان كردوە، كوردستانیان پێوە نەلكانـدوە.. دوورنیـە بـۆ تـۆ شـتێكی سـەیر بێـت بـەڵام بـۆ ئـەوان و خـەڵكی هـەولێرو بـۆ خـۆم سـەربردەیەكی دوورودرێـژە.. عیـشقێكی قەقنەسـی لـەنێوان منـو هـەولێرو خەڵكەكەیدا هەیـە بـە نووسـین شـیناكرێتەوە، ئیحـساسێكی زۆر سـەیرە بـۆ خۆشم نازانم چ ئیحساسێكە؟! ئەو خەڵكە دەزانن لەسەر هـەولێرو برایـەتی چجۆرە جنێوی عوترلی بە خۆم وماڵومنـداڵم گـوتراوە هـەر ئـەوان دەزانـن ڕۆژانــە لەســەر هــەولێرو قــەڵای هــەولێرو هــەولێریان لەســەر لاپــەڕەكانی ڕۆژنامــەو ئێزگــە چ دكــرێم پێكــراوە؟ نموونەیــەكی ســەیر لێــرە تــەوزیف دەكەم : هەرجارێك سەردانی (شار)م، بكردبوایـە لەبـەر ڕەشـەبایە نـەخۆش دەكـەوتم كەچـی بـرادەر خۆشەویـستەكانی سـلێمانیم لـەم قـسەیەم زوویـر دەبوون چونكە زۆر شانازیان بە ڕەشەبایەكە دەكـرد، بـە كوفریـان دەقەڵـەم دەدا ئەگەر بە خراپی باسی ڕەشەباكەم بكردایە!

دەربارەی ئەو خەڵكە دڵسۆزەیە كە نەك هەر ئامادە نـەبوون كوردسـتان جێ بهێڵن.. برای بەرێز ئەو هەوێرە ئاوكێشە عەرەب گوتەنی : (لكل مقـام مقال) تەنیا ئەوەندە دەڵێم : لـەكاتی خۆیـدا مەعـشەری ئـەدیبان هـەردەم گلەیی ئەوەیان لێدەكردم كە گوایە ناوی ئـەدیب و زانایـانی بێگانـە ئەزبـەر ناكـەم لەبــەر هێنــدێ بڕیارمــدا بــچمە هەنــدەران بــەڵكو بــە هیممــەتی

چاکوپیران بتوانم چەند ناوێك ئەزبەر بکەم! لەمەیش دڵنیایان دەکەم تا ئێستا لیڤی شتراوسی من پلکە (خەجەی قورشاغلوە) .

لە کۆتاییدا دەڵێم : دەگەڵ ئەوپەڕی رێزمدا بۆ رۆژانی دژوار کە توانیتان درێژە بە خەباتی خۆتان بدەن پێویستە ئەو رۆژانە لە لاپەڕەی گەشاوەی مێژووی میللەتەکەماندا بنوسرێتەوە بەڵام نابێ ئێوەیش ماندونەبونی خەڵکانێك لەیاد بکەن یان بە ئیستفزاز لەسەری بدوێن؟!

دەزانی من کێم؟

من ئەو کەسەم کە لە رۆژانی پڕوپاگەندەکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرۆزدا لە ئایاری ١٩٩٢ هێژا مسعود بارزانی لە رێگەی کاك هۆشیار زێباری ئەو ئامۆژگاریەی بۆ لێژنەی راگەیاندن کە بەرێزان : حبیب محمد کریم، مسعود ساڵەیی، رێبوار یلدا، ئەسعەد عەدۆ، اسماعیل گەیلانی، صباح بیت الله و نازانم کێی دیکە لەوێ بوون؟ کاك هۆشیار رووی لە مامۆستا حبیب کردو بە عەرەبی گووتی : لەسەر ئەمری کاك مسعود تا هەڵبژاردن تەواو دەبێت پێویستە راگەیاندن بە زمانی ئەسعەد عەدۆ لە گەڵ خەڵك بدوێن .

# گەڕانەوە بەرەو كوردستان

## ١١/ئاب/٢٠٠٥

دوابەدوای (١٠) ساڵ لە ژیانی چەرمەسەری و دژواردا لەنێوان چوار دیواری دەنگبڕدا لە ئەوروپای ساردوسری مردوودا دوور لە زێدی بابوباپیردا كە هەردەم گوتوومە : خودا سەبەبكاری دەربەدەریم بگرێ و لە رۆژی حەشردا لەبەردەم باری تەعالا رووبەرووم بێتەوە.. لەدوای وەرگرتنی رەگەزنامەی هۆڵەندی بە هەڵەداوان لە بەرواری سەرەوەدا بە رێگای فڕۆكەخانەی هەولێر بۆ دواجار گەڕامەوە كوردستان .

ئەگەر بە هەلە نەچووبم ئەوكات تا مانگی تشرینی یەكەم كاك مسعود لە بەغدا بوو، لە دوای گەڕانەوەی جەنابی لە ٢٠٠٥/١٠/١٣ بە دیداری شاد بووم بەلام لە سەرەتای دیدارەكە لە رووی دەروونیەوە بۆ ماوەیەك تووشی (اختناق) بووم بەلام بەرێزی زۆر موراعاتی كردم تا هاتمەوە سەرخۆ!! فەرمووی :

كاك ئەسعەد من دژی لەتلەتبوونی خانەوادەی كوردم، تۆ، كوڕیشت موڵكی ئەو كوردستانەن.. كێ دەڵێ : نەوەی سێیەم دەبێتە موڵكی كورد؟ بە تایبەتی تۆ كوڕی ئەو كۆمەڵگایەی دڵنیام ژیان لەوێ بۆ تۆ گەلێ ئەستەم بوە.. بەخێر بێیەوە، باشە زمانەكەیان فێر بووی؟

منیش گووتم : قوربان بۆ وەلامی ئەو پرسیارە سەربردەیەكم هەیە

بەڵام کاك شەعبان[1] ماوەی دیدارەکەمی زۆر کێم داناوە! بەرێزی بە پێکەنینەوە فەرمووی لەسەر کاتی من بیگێڕەوە؟؟ کاتێماڵی نوری باویل ئاغا، سمایل بەگی رواندوزیان کوشت.. سزای هەتا هەتایەی بۆ بڕایەوە، لە بەندیخانەش ئیشوکار دابەشدەکرا یەکێك چا ئامادە بکات، یەکێ چێشت، یەکێ گەسك لێدان.. وادەردەکەوێ قاپشۆرین وەبەر ئاغا دەکەوێ، ئەویش هەموو ئێوارەیەك تەکلیفی لە یەکێك دەکرد تاکو کارەکەی بۆ ئەنجام بدات و پێیانی دەگووت : بەربوونم لەسەر دەقەو سەعاتە، ئەوکات درێغیتان لە گەڵ ناکەم.. [2]بەمشێوەیە ئاغا سێ چوار ساڵی بەمشێوەیە بەسەربرد تا لە ١٩٤١ (عەفووی) بۆ دەرچوو!

جا قوربان منیش دەمگوت : ناچمە قوتابخانە تا نتیجەم دەردەچێ، ناچم تا منداڵم دەگەن، کاتێ گەیشتن تا کاروباریان مەیسەر دەکەم.. ئا، بەمشێوەیە تا ئەو (١٠) ساڵەم تەواو کرد، ئەوەتە بەندە جارێکی دیکە لە خزمەت جەنابت دایە... جەنابی زۆر پێکەنی و فەرمووی قسە خۆشەکانت هەرماوە [3].

---

[1] - شەعبان عەلی شەعبان ئەوکات سکرتێری هێژا بارزانی بوو .

[2] - نوری باویل ئاغا بە هۆی ئەو خزمایەتیەی نێوان خانەوادەی (العباوی موصل)و، علی حیدر سلێمان لەلایەك و ماڵە نوری ئاغە لە لایەك.. کە کوڕێکی ئەو عەباویانە (سەبعاوی) یاوەری سەروکوەزیرانی ئەوکات بوە کە هەوڵیداوە ئەو عەفواتەی بۆ دەربچوێنێ .

[3] - هەر جارێك بە دیداری هێژا شادبومایە لە کۆتاییدا حەزی دەکرد ئەمجۆرە قسانەی بۆ بکەم.. جەنابیش کەیفی دەهات، لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەبەر گەمارۆی نێو گەمارۆ لە قۆناغێکی یەکجار دژواردابوو بە تایبەتی دابینکردنی کەلوپەلی چاپەمەنی، لەسەر داوای جەنابی←

سوپاس بۆ خودا، مەکتەبی سەرۆك بە نوسراویان ژمارە (١٤٢) لە ٢٠٠٦/١/٨ داوای لە مەکتەبی سیاسی کردبوو بۆ سوود وەرگرتن لە هەڤاڵ ئەسعەد عەدۆ بە (ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن) دانرێت، مەکتەبی سیاسیش بە نوسراوی ژمارە (٢٣٧) لە ٢٠٠٦/٢/٢ نووسیویەتی : لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە توانای هەڤاڵ ئەسعەد عەدۆ کە لە هەندەرانەوە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە کوردستان بڕیارماندا بە دانانی بە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن .

هێندەی نەبرد کاك سەرۆ قادر بەرپرسی ئەوکاتی راگەیاندن بەندەی وەك بەڕێوەبەری ئەو چاپخانە کە بڕیار بوو بۆ مەکتەبی ناوەندی

---

←بەندە لە بری برای خۆشەویستم کاك خالد خۆشناو گرێبەستێکم لە گەڵ کاك شوکت شێخ یەزدین واژۆ کرد کە ئێمە بتوانین بە ماوەی (١٥) رۆژ (٧٥) تەن کاغەزی رۆڵ بۆ پارتی دابین بکەین (لەکاتوساتی واژۆکردندا ووتم : قوربان.. داوایەکم هەیە بەڵام بە گێڕانەوەی سەربردەیەکی کوورت بۆمی مەیسەر بکە! فەرمووی : بابزانین..؟ قوربان کاتێ ئەسعەد ئاغای شێتێ لە ناوەڕاستی چلەکان چوە نێو حکومەت، لەبری ئەوەدا دوو ئەستێرەیان پێداوە (ملازم اول) لە دوای ماوەیەك ئاغا سەردانی ئۆردی دەکات و گلەییان لێدەکات و دەڵێ : کوا هەموو سەربازێك سەلامم بۆ ناکات؟! بەرپرسەکەیش دەڵێ : ئاغا عەسکەری بە پلەو پایەیە! ئاغاش دەڵێ : وەڵلاّ من ئەستێرەیەکم دەوێ هەموو عەسکەر سەلامم بۆ بکات!! جەنابی زۆر پێکەنی و فەرمووی تۆ چیت دەوێ؟ منیش گووتم نوسراوێکم دەوێ تا کاغەزەکان دەگەن لە کاتی پێویستدا بادینان بۆم لەسەر قاچ راوەستن! دیسان پێکەنی و فەرمووی بۆی بکەن!! لە دوای (١٧) رۆژ برادەرەکەم توانی لە رێگای برایم خەلیل کاغەزەکان ئاودیو بکات نەك ئەوەو بەس؟ بەڵکو بە نرخێکی نیوە قیمەت (٤٣) دینار کە هەموو حیزبەکان بە (٨٣) دینار دەیانکڕی! ئەو کارەی من جێگەی رەزامەندی و دڵخۆشی کاك مسعود بوو کە لە کۆتاییدا پاداشتی باشیشی کردم .

راگەیانــدن دابنــرێ دەســت نیــشانکرد بــۆ چــوونە (لبنــان) تــاکو شــارەزایی لەســەر بــەڕێوەبردنی وەرگــرم.. بەنــدە، کــاك نجــات، برادەرێکــی دیکــە بــۆ مــاوەی (١٤) رۆژ لــەوێ ماینــەوە رۆژانــی ســەردانی چــاپخانەیەکی ســەر بــە بزووتنــەوەی (ئــەمل)مــان، دەکــرد بــەڵام بەداخــەوە لــەدوای گەڕانــەوەمان پیلان داڕێــژی کــرا [1] بــۆ لابردنــی بەنــدە! بــەڵام ئــاقڵی ســەرۆ لــەوەدابوو، بــۆ

---

[1] - بەندە ئەو بیرەوەریـە بـۆ مێـژوو دەنووسـێتەوە بۆیـە رێگـا بـەخۆم نـادەم دوور لـە ڕاسـتی شـت تۆمـار بکرێـت! نـەك بەنـدە بـەڵکو زۆربـەی پارتیـە رەسـەنەکان بـۆ مەسـەلەی (ئیـستیعاب) واتـە ئـەو وەرگرتنـە هەڕەمەکییـەی پارتیمـان بـۆ ئـەو خەڵکانـە کـە لـە هـەژاری خۆیـان و حیزبـەکانیان، سـلبوون، نـەدانی پلەوپایـە لـە حیزبـەکانی خۆیـان، پـشت ئەسـتوور کـردن بـۆ تۆڵەکردنـەوە، بـۆ گەیـشتن بـە تمـووحی دونیـەوی هـەربابابوو روویـان لـە پـارتی دەکـرد! ئـەو دەسـتی ئـەویتری رادەکێشا بە تایبەتی هاوڕێیانی شیوعی.. تا ئێرە هیچ گیروگرفت نیە.. پـارە زۆرە چـی تێدایـە بـا ئـەو کـوردە حەیاتـە پێکـەوە تێـربن! بـەڵام خۆیـان بـە مەبەسـت هاتبوون! خەڵکانێکیش هەبوون لەنێو حیزب کە گوایە لەسـەر چەپڕەوی هـەژمار دەکرێن رێگایان بۆ خـۆش دەکـردن لـە روانگـەی ئـەوە کـە ئەوانـە مارکسین و بـە چەکی رۆشنبیری ئامادەباشن! بۆیە بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێـژە هـەموو دەزگاکـانی رۆشنبیری و راگەیاندن وەك قۆچان لەسەریان تاپۆ کراون.. لەوەتەی ئەوان لـەوێن تەڵاقیان دەکەوێ باس لە ئیسلام، قورئان، پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا بکرێت مەگەر بـە خراپی! چـەندان و چـەندین جار خـودی خـۆم گـوێم لـێ بـوە کـە ئـەو هاوڕێیانـە دەڵێن و دەیانگوت : تـا پیرۆزیـەکانی نێـو کۆمـەڵگا نەشکێنین ئـەو میللەتـە پـێش ناکـەوێ!! ئێمـەیش دەمـانگوت : هاوڕێیـان پـیرۆزی کۆمـەڵگا (بریتیـە لـە ئـاینی ئیـسلام، داب ونـەریت، کەلـەپووری کـوردەواری بـە گـشتی و کەلـەپووری بـارزانی نەمر بە تایبەتی!) هەمووشمان دەزانین کۆمەڵگای کـوردەواری بـە گـشتی و پـارتی بەتایبــەت لــە ٩٨٪ ئیمانــدارن بۆیــە لــەو رۆژەوە تــا ئێستایــشی دەگەڵــدابێت (ترمۆمیتری) خۆشەویستی پارتی لەنێو کۆمەڵگادا لە نزمیدایە!! نـەك ئـەوەو ←

ئـەوەی شـتەکە گـەورەتر نـەبێت هـەر زوو بـە ڕاپرسـی بـە مـن دەزگـای (تەتـەر) بـۆ دابەشـکردنی بڵاوکراوەکانی دامەزرانـدو بەنـدەی لـەوێ کـردە بەرپرس!

هەرچەندە کاك ئاسۆ کریم هەولیدا چاپخانەکە ببێتـە مـوڵکی دەزگای تۆژینـەوەو چـاپکردنی موکریـان تـا گەیـشتە ئـەو رادەیـە چـاپخانەکە بـە نێوی(موکریان) بکرێـت.. لـە ئەنجامـدا ئاسـۆ گەیـشتە ئـەو قەناعەتـە کـە ئەو چاپخانە تایبەتە بە (ڕۆڵ) نـاتوانێ بـۆ چاپکردنی کتێبـان سـوودی لـێ وەرگرێت خۆی لێ کشاندەوە!

لـە بـەرواری ٢٠٠٧/٦/١ وەك بەڕێوەبـەری دەزگـای تەتـەر دەسـتبەکار بووم، وەك دەزگایەکی خزمەتگوزاری راگەیاندن تا ئێستایشی لـە گەڵدابێت نسکۆی بەخۆوە نەبینیوە، بەداخەوە تا ئێستا خەڵکانێك هەن لـەنێو پـارتی بـە چـەند بەرپرسـیاری نـەبێت دڵـی دانـامرکێ! ئـەوەیش وایکـردوە کـە هەڤاڵی خاوەن چەند دەزگـا بـە ئیشەکانی ڕانـەگات بۆیـە لێـرەو لـەوێ کار لەسەر پووختەیی راگەیاندن دەکات لەو روانگەیـە بـە بڕیـاری کـاك محمود محمد بەرپرسی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ چاککردن و پێشخستنی رادیۆی دەنگی کوردسـتان وەك بەڕێوەبـەری گـشتی رادیـۆ لـە ٢٠١٤/٧/١٧ وە

←بەس، بەڵکو خەڵك بە مەندەهۆشیەوە دەپرسن تا دوێنێ پارتی خـاوەنی ئـاینی کـوردان بـوو، پـەرژینی نامووسـی کـوردان بـوو، هـەتا پـارتی شانبەشـانی ڕێبـازی بارزانی نەمر بەرەو دووند هەڵدکشا.. هـەموو کوردێـك بـە مانـەوەو فیـداکاری بـۆ خاکی کـوردان پـێ لـە ڕکێـف بـوو، بـۆ وای لێهـات؟ ئـەو پرۆلیتاریانـەی لـە برسـان هاتنە نێومان لە ئێمە بوون بـە (حەمـەد سـەرپاڵە) ئـەورۆ بـۆ مەبەسـتێکی دیکـە کتێبەکانی (الراسمالیە، الامپریالیە، البرجوازیە، الطبقات) دەخوێننەوە!!

بە قەرزداری (٣٢) ملیۆن دینار دەستبەکاربووم.. هێندەی نەبرد داعشی دمۆر کوردستانیان (ئاوەگڵ کرد!) بەندەیش بە بەرنامەیەکی رۆژانە بەنێوی (هورێنەی کورەکەی خارە عەدۆ) خەڵکم دژ بە بە داعش واگاهێنا! کۆمەڵگای کوردەواریم بۆ ئامادەباشی هاندەدا! ریسوای داعش و ئەوانەی لە پشت داعشەوە بوون دەکردن، بە ئاگاداری هەمووان بە رێگای لێژنەوە بە (٢٧) ملیۆن دینار ستودیۆم پووختەکرد، قەرزی (٣٢) ملیۆنی درایەوە، باڵاخانەی رادیۆ لەناوەوەو دەرەوە ئالوگۆڕی بەسەردا هات، لە دوو بەرنامە کرا بە (١٢) بەرنامەی هەمەجۆر! ئارشێفی رادیۆ بۆ دەرمانیش لاوك، حەیران، سروودی ئاینی تێدا نەبوو (پەخش و تەنسیق، هونەرکاران لە جیاوازی نێوان لاوك و حەیران نابەڵەد بوون!!) رۆژانە لەبەر نەبوونی گازوایل ئەنتێنەکان لەکار رادەوەستان! پەخش بڕی نەدەکرد.. داوامکرد وەك رادیۆی (پەیامنێر، زێد، پێشکەوتن، هێلین) بچینە (نیل سات) نەکرا! لەبەر هەندێ لە ٢٠١٤/١٢/١ واتە لە دوای چوار مانگ و چواردە رۆژ دەستم لە بەڕێوەبەری رادیۆ بەرداو و گەڕامەوە شوێنی خۆم .. بەڵام لە رێگەی لێژنەوە (٤٣) ملیۆن دینارم لە قاصە بۆ جێهێلان!!!

کاتێ مەجلیس گەرموگوڕ دەبوو هێندێك لافی ئەوەیان لێدەدا کە گوایە لە زەمەنی (همزە عبداللە)وە، هەوڵدراوە پارتی بە چەپڕەوی موتربە بکرێت.. خەڵکانێك لەوە زیاتریان دەگووت : گوایە لە کاتی خۆیدا (فهد) حەزی نەکردوە کورد حیزبی شیوعی سەربەخۆی هەبێت! بۆیە هانی چەپڕەوە کوردەکانیداوە هەموویان لەنێو حیزبێکی کوردیدا — تام

ماركسی – كۆببنـەوە! كـە لـە ئەنجامـدا گوایـە ١٦/ئـاب/١٩٤٦ دروسـت بـوە، بۆیـە هـەركاتێك پـارتی لـە رێـڕەوی ماركـسیەت لایـدابێت بـە عەناصـری چـەپڕەو تـەتعیمكراوە بـۆ ئـەوەی لـە بازنەكـە دەرنەچـێت! تـا لـە ١٩٥٩ ئەوانەی بـە كلكـە شـیوعی دەناسـران لـە رەوێ وەدەرنـران! كەچـی لـەدوای ئـەوەیش جارجـار لـەكاتی پێویـست بـۆ پێرەوپرۆگرامـی حیـزب خاڵێـك بەمـشێوەیە زێـدە دەكـرا (سـوود لـە تیـۆری ماركـسیەت و ئیـشتراكیەت وەردەگـرین) تـاكو ئـەو تـام ماركـسیانەی نێـو حیـزب دڵیـان نـەڕەنجێ! هەروەكو دەگێڕنەوە گوایە لە كۆنگرەی (٩) یان (١٠) خـەڵك بـۆ ماركـسیەت گریاون!!!! تەنیا بـۆ وەبیرهێنانـەوە فـەرموو پـەراوێزی ( ٢٧) هـاوڕێ بـوداغ بخوێنەوە .

لـەدوای گەڕانـەوەم بـۆ كوردسـتان لـە ٢٠٠٥ كـاتێ سـەیری هەڵـسوكەوتی هـەڤاڵانی نـوێ دەكـرد.. دەمگـووت : لـە كوردسـتان و نێـو پارتیـدا هـەمان هەوارە بەڵام بەداخەوە هەمان بوار نیە! چونكە ئێمـە وا فێـر نـەكرابووین پابەندی ئەو پەندە بین " لە من مەدەن لەبرامـدەن وادەزانم لـە جـەواڵی كا دەدەن " نەخێر هەزارجار نـەخێر.. ئـەو كانیـاوەی ئێمـە تینوەتیمـان پێی دەشكا هەردەم فێری دەكردین " ئەوەی بۆ خۆتـت گەرەكە پێویـستە بـۆ براكەشـت گـەرەك بێـت " لەبـەر ئـەوەی جڵـەوی كـاركردن لـە دەسـت ئەوان بوو بۆیە خوێندنەوەیان بۆ ئێمە نەبوو! بە واتایەكی دیكە ئێمـەیان بـە (ڕەقـەم) هـەژمار نـەدەكرد! بۆیـە لـە كۆبونـەوەی ٢٠٠٧/٣/٢٧ لـە گـەڵ رێـزدار نێـچیرڤان بارزانیـدا لـە بارەگـای تایبـەتی جەنابیـدا بـە ئامـادەبونی (٥٥) راگەیاندكاری پارتی لە نۆرە قسەی خۆمدا گووتم :

- قوربـان ئەگـەر هـاتوو شـیعەیەك داوەمـوویکی لـێ بزربێـت.. دەچـێتە نجـف لـەوێ بـۆی دەدۆزنــە چـونکە مەرجـەع لەوێیـە، کەچـی ئێمـە حوشـترمان لـێ وونبـوە ئێـوەیش مەرجـەعی ئێمـەن بـەلام دەرگامـان لەسەر داخراوە!
- قوربـان مـن " مـردوو ئێـوە زینـدوو " کـاتێ شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلول نـسکۆی هێنـا سـەرەتا تـەنیاو تـەنیا (دکتـۆر محمـود عثمـان)ێـك، بـە نامیلکەیـەك نمـەك حـەرامی دەگـەڵ دوونـدو کاروانـە دوورودرێـژە دژوارو سـەختەکە کـرد.. خوانەخواسـتە ئـەمجارەیان پـارتی نـسکۆیەك بێنێ دوو هەزار دکتۆرمان بۆ دروست دەبێت!
- قوربان بەیادت بێنمـەوە کـاتێ ئێمـەی راگەیانـدکار بـە پەنجـەی دەسـت دەژمێردراین! کە سەردانی کۆلانی پـەنیر فرۆشـانی هـەولێرمان دەکـرد بە دەنگێکی بلندو زولال بە نەکهـەی هـەولێریان دەیـانگووت : کـووری مــەلامان دەوێ! ئێــستایش ســوپای راگەیانــدنی پارتیمــان لــە زۆری وبۆریـدا پێـی دەگـوترێ زەبـەللاح!! کەچـی عـارەب گووتـەنی وەزعمـان (یرثی لها!)
- قوربــان دەزانــی رادیــۆ، تەلــەفزیۆن، رۆژنامــەی ئێمــە لــە ئــەنجامی توێژینەوەی خۆماندا چوارەم یـان پێنجـەمین؟ (ئـەوە قـسەی مـن نیـە، بەڵکو قسەی کـاك ئاسـۆ کریمـە — بەرپرسـی دەزگـای توێژینـەوە - کـە لەبەردەم کاك مسعود رایگەیاند) .
- قوربــان دەزانــی خــەڵکانێکمان هــەن تــەنیا بــۆ گاڵتــە.. ناولــەپیان لەیەکدەدەن و دەڵێن : بەساقەو بـین حیزبـە دەوڵەمەنەکـە!!!!!! بۆیـە

منیش لەسەر وەزنی ئەو گاڵتەجاریە لە ناخمدا بە حەسرەتەوە دەمگووت: " گمت ئەزفر و سكراح فۆگ الراح، ئەخبرەك صاحبی تبەڕا.. عەدویی ئیرتاح " واتە بە هەڵكێشانی هەناسەوە نێولەپی خۆم لێكدەدەم و دەڵێم : برادەرم پشتی لێكردم بۆیە نەیارم حەسایەوە .

- جا قوربان دڵنیات دەكەم تا ئەو هاوڕێیانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانمان دەربچن حاڵمان لەوە خۆشتر نابێت!
- قوربان دەزانی لەوەتەی ئەو هاوڕێیانە بوونەتە بەرپرسی گشت دەزگا رۆشنبیری و راگەیاندنەكانمان خەڵكی وەك من (باسی خەڵكی دیكە ناكەم) كە یەكێكم لە دامەزرێنەری راگەیاندنی دوای راپەڕین، تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە نیە لە كوردستان بۆ نووسین بۆ چاوپێكەوتن پەیوەندیم پێوە نەكەن تەنیا پارتیمان نەبێت كە نێویان خستوونەتە لیستی ڕەش!! جا جەنابت بۆ ووردكردنەوەی سەرپشكبە!

گەلێ قسەی دیكە كە ئەوانەی نوسراوە كرۆكەیەتی، بەداخەوە لەدوای ئەم كۆبونەوە گرینگەیش هیچ گۆڕانێك یان گەڕانەوەی ئیعتبارێك بۆ پارتیە كۆنەكان رووی نەدا.. بۆیە لەدوای ئەو كۆبونەوە تا ئێستایش لە هەر دانیشتنێك بێت بەندە قسە ناكات و رەخنەش ناگرێ چونكە ئەوەی پێویست بوو لەبەردەم كاك نێچیرڤان بارزانیدا گوتراوە، ئەگەر جەنابی ئاڵوگۆڕ نەكات كێ دەتوانێ بیكات.. من هەردەم دەگەڵ ئەوەدام هەر قسەیەك بكەیت لە بەرامبەر ماڵی بارزانیدا بێت باشترە لەوەی لە پشت

ئەوانەوە بێت چونکە خەڵك فێربوە نان بە بەدبێژی بخوات هەرچەندە بەندە هەردەم بە نووسینیش گوتوومە : پیاو بەد بێت نەك بەدبێژ!

- بۆ؟
- چونکە (بەد) تەنیا خراپەی بۆ خۆی هەیە! بەڵام (بەدبێژ) کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبات بۆیە حالی ئێمە گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستاکێ .

بەداخەوە تا ئێستا حاڵووەزعیەت وەك خۆیەتی بەڵام بەجۆرێکی دیکەی دووزەردێنە بۆ نموونە : هەموو دەزگا گرینگەکانی ڕاگەیاندن دراونەتە خەڵکی سلێمانی چەپڕەو!! بۆ بەچێژکردنی دەمەتەقێیەکانی نێوانمان بۆ ئەمجۆرە بارودۆخانە دەمگووت : " گاڕان بە گردەوە ڕۆیشتوە پیرێژنیش لە گۆڵکە سۆری دەپرسێ " ئینجا دەمهێنایەوە سەر ئەوە کە مارکسیەت و ئیشتراکیەت لە سەروچاوەکەیدا چکی کردوە یان بوەتە " ئاردی ناو دڕکان، بڵقی سەر ئاو، تڕێ ناو ڕانکان " کەچی پارتیمان ڕێچکەو موریدانی لوتفباران دەکات![1]

---

[1] - ئەزبەنی ئاڤ شێلی بوو شاکارێکی دکتۆر بەدرخان سندی لەسەر هەمان بارودۆخ نووسراوە کە ناخی شاعیر وەك بوڕکان بەرامبەر ئەوانە تەقیوەتەوە، هەروەها رەحمەتی زاهیر رۆژبەیانی بەر لە مردنی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەسەر پرسیارێك کە پارتی هەروەکو جاران قوتابخانەی بیری کوردایەتیە، لە وەڵامدا دەڵێ : بە داخەوە نزیکەی شازدە دەزگای رۆشنبیری وراگەیاندنی پارتیمان لەلایەن کۆنە شیوعیەکەن بەڕێوەدەبردرێ! کە لە بنەڕەتدا بۆچونی ئەوانە دژ بە نەتەوایەتیە جا چۆن بتوانین پەرە بە بیری کوردایەتی بدەین؟!

هـەروەکو لـە سـەرەوە بـاسمکردوە کـە بـرادەری بـەوەفام کـاك (خالـد خۆشـناو) خـاوەنی (هـێمن گـرووپ) وەك مـرۆڤ هـەروەها وەك بازرگـان هەڵوێستی مەردانەو کوردانـەی بۆمـان هـەبووەوە ئێـستایش وەك بەڵێنـدەرو خێرخواز شوێن پەنجەی لە نێو کۆمـەڵگادا دیـارە.. ئەگـەر رۆژانێـك دابێـت میـدانی ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان بـە بڕیـار دەربـچێ هەقوایـە ئـەو جوامێرە لـە مەیـدانی بیناسـازی و بەنـدەش لـە مەیـدانی راگەیانـدا ژبـیر نەکرێین .

سەرەڕای ئەمەیش کاك خالد خۆشناو یەکێکە لەو کەسانە کە عیـشقی جیهانی وەرزشە بـە تایبـەتی هـەواداریێکی بـێ وێنـەی (ریـال مەدریـد)ە، لـە هـەموو مەیدانێکـدا (هونـەری، چـاپکردن، وەرزش، خێرخـوازی، ئـایینی) هەوڵـدەدا دەوڵەمەندیەکـەو عیـشقە وەرزشـیەکەی لەخزمـەت کوردایـەتی بـەکار بـێنێ، بۆیـە سـاڵانە خـۆی و چـەند کەسـێك لـە برادەرانـی بـۆ سـەیرکردنی یاریـەکان بـەرەو (بەرشـەلۆنە، مەدریـد) یـان هـەر شـوێنێکی دیکە دەبـات.. لـە ٢٠٠٨/١٢/١٠ بەنـدە، کـاك ئیجـرا سعید بـارزانی، سـەلیم گرافی کە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە (مەدریـد) دەگـەڵ خـۆی بـردین و بـە کۆشـشێکی زۆرەوە تـوانی (الأخـضر بـن ریـش) بەرپرسـی نووسـینگەی تەلەفزیۆنی (الجزیرە) لـە (مەدریـد) رازی بکات کـە بەنـدە بـە جلوبـەرگی کـوردەواری و سـەروجامانەو ئـاڵای کوردسـتان بەدەسـتەوە لـە (الجزیـرە سـپۆرت) بـە نێـوی کـورد قـسان بکـەم، لەولایـشەوە بـرادەران (جـەلال پەریـشان) و (سـالار جلال) ئاگادار کرانـەوە کـە بـە زینـدی لـە لۆکاڵـەکانی کوردستان دەربچین.. ئەو چەند دەقیقەی الجزیرە سپۆرت تـا ئێـستایش لـە

فەیسبوکدا بە نێوی (کرمانجێك لە بەرشەلۆنە) کۆمێنتی لەسەر دەنوسرێ و جێگای رەزامەندی کوردپەروەران و وەرزشوانانە، لە نیسانی ٢٠٠٩ یش لە یاریگای مەدریدەوە بە زیندوویی دەگەڵ رادیۆکانی خۆمان قسەمانکرد.

هەروەکو لە پێشتر باسمکردوە.. کاتێ پەیوەندیم بەشۆڕشی مەزنی ئەیلول کرد هەوڵمدا لە خولی چواری (اعداد الحزب) بەشداربم کە لە (ناوپردان) کرایەوەو برای خۆشەویستم (مهدی خۆشناو) یەکێك بوو لە قوتابیەکان، بەڵام گوتیان ئەو خولە لە ١٩٧٣/٩/٨ دەستی پێکردوە ماوەکەیشی تەنیا (٣) مانگە.. خوایاربێت بۆ خولی ئاینده، کاتێ لە هاوینی ساڵی (١٩٧٤) خولی پێنج لە (زینوێ) دەستی پێکرد بەندە لە (زینوێ) سەرقاڵی مەشق پێکردنی ئەو قوتابیانە بووین کە خولی تایبەت بە (کیمیاوی) بوو.. واتە ئەمجارەیش هیچ! زەمان هات، زەمان ڕۆیی ئەو عیشقەم لە ٢٠١٣/١٠/٢٠ هاتە دی! کە وەك قوتابی پشکداری ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانم کرد کە خولی (١٨) بوو، بۆ ماوەی (٧) مانگ مامۆستاکانی زانکۆ وانەیان پێ دەگوتین و لە ئایاری/٢٠١٤ لێی دەرچووین[1].

---

[1] - لە کاتی کردنەوەی خولی پێنج بەندە وەك شانەسەرەکی سەر بە رێکخراوی (خەبات) بووم کە بارەگای لە (دەربەندی رایات)بوو، بەرپرسم کاك عبدالرحمن رسولی بەرپرسی ئێستای لقی (٢٦) چۆمان بوو ، لە کاتی خولی (١٨) ئەندامی مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندن بووم.. حەزی بەشداربوونم لەلایەن مەکتەبی سیاسی مایەی سەرسوڕمان بوو! هەروەها لە ئاهەنگی دەرچوونمان.. کاتێ نێوم خوێندرایەوە کاك مسعود مەندەهۆش بوو کە بەندە " بە پیری چوەتەوە بەر هەویری " بەڵام بەداخەوە لەنێو پارتیدا مەسەلەی بەشداربوان لە هەر مەیدانێك کاریگەری لەسەر دانان و پلەوپایەدا نیە .

دڵنیـام ئەوانــەی بیرەوەریــەکانیان لــە دوای خۆیــان بڵاودەکرێتــەوە زۆرتــرن لــەو کەسـانە کــە لــەژیانی خۆیانــدا بڵاویدەکەنــەوە کــە ئەوەتــە بەنــدە (حــی یــرزق) بــە دەســتی خــۆم نوسـیومەتەوەو بــە بڕیــاری خــۆم بڵاویدەکەمەوە.. باشو خراپی تەنیا خۆم دەگرێتەوە .

*** دوعاخوازم تەنیا لەشساغ بم ***

شوباتی ٢٠١٦




**له حزووری کاك مسعود بارزانی دا له ٢٠٠٥/١٠/٣**



**کاك نێچیرڤان بارزانی له نێوان خالید خۆشناو ، ئەسعەد عەدۆ/ پیرمام ١٩٩٢/٥/١٠**



بەندە لەگەڵ كاك
دڵشاد بارزانی لە
كۆنفرانسی لقی (٦)
لە ئارنهێمی
هۆڵەندا ١٩٩٦/١١/٢



سەمیر – خالید خۆشناو – ئیجرا سەعید بارزانی – ئەسعەد عەدۆ
بەلجیكا – سەفەركردن بۆ سەیركردنی یاری بەرشەلۆنە ٢٠٠٨/١٢/١٠



دەورە بۆ چاپخانە - لبنان / هاوینی ٢٠٠٦



خوانی سالگەردی دەزگای تەتەر ٢٠١٥/٦/١ / چیشتخانەی ئەبو شەهاب



یەکەم وێنەم کە لەسەر
دەفتەر نفوسم دانرابوو
وابزانم ساڵی ١٩٦٢



ئەم وێنەیەم لە
١٩٧٤/١١/٣ لە نزیك
فرۆشگای چۆمان لە
شارۆچکەی چۆمان
لەکاتی
پێشمەرگایەتیم لە
شۆڕشی مەزنی ئەیلوول
گرتووە



لەگەڵ مسعود تەك سكرتێری ئێستای پارتی سۆسیالیستی كوردستانی توركیا،
محەمەد یادۆ گروپی كۆمكار ئەڵمانیا / ئۆتێل كارۆخ / پیرمام ١٩٩٢/٥/١٧




لەگەڵ جەنابی عەلی رەش كوڕی پێشەوا قازی
لەكاتی چاوپێكەوتن بۆ رۆژنامەی برایەتی ١٩٩٣/٥/٩



لەگەڵ لەتیف ئۆزدەمیر سەرنووسەری رۆژنامەی ئازادی نوێ لە ئەنقەرە ئەو کاتەی رۆژنامەی (ئازادی) قەدەغە کرا، بۆیە وشەی (نوێ)یان خستە پاڵ ، نیسانی ١٩٩٤



ئەسعەد عەدۆ ، رابەر کۆیی ، حەسەن خانەقینی ، کامەران کۆیی، فوئاد جاف، بەکر قەساب، کارزان سلێمانی، سیروان دزەیی، هێدی خۆشناو، دانا سلێمانی
لە کامپی هۆخەفین / هۆڵەندا / ئایاری ١٩٩٦



لەراستەوە: محەمەد زادە ، سەردار میران ، محەمەدئەمین پێنجوینی، سالم، حسێن عارف، محەمەد عارف، شێخ جەعفەر. دانیشتوەکان: عەلی خورشید، شێخ عەبدوڵلا ، ئەسعەد عەدۆ، عەزیز هەریری، گۆران حسێن
گەشتی گۆڤاری کاروان



( ١٧ )مین سالگەردی جوانەمەرگ حەسەن عەدۆ ١٩٨٩/٤/١٣ گۆڕستانی شێخ معروف ، منداڵەکە رزگار عوسمان، حسن محەمەد، ئەسعەد عەدۆ، مومتاز حەیدەری، محەمەدئەمین پێنجوینی،، محەمەد تەیمور و گشت برادەرە مارکسیەکانی جوانەمەرگ، ئافرەتەکە فەوزیە سدیق دایکی نسکۆی خێزانم



بورهان یعقوب، ئامانج غازی، دكتۆر مارف خەزنەدار، فكرەت شەفیق
دانیشتوەكان: ئەسعەد عەدۆ، خالد جوتیار، تارق جامباز، ئیسماعیل
بەرزنجی ساڵی ١٩٨٩



زاهیر رۆژبەیانی ، ئەسعەد عەدۆ، فرەنسۆ هەریری ١٩٩٤/٣/١ ،
بارەگای رۆژنامەی برایەتی




**کە لە ناصریە بووم لە بۆنە نەتەوەییەکان، ئەمجۆرە پۆستەرانەم دروست دەکردو بۆ دۆستانم دەنارد**



**لە بیرەوەرییەکەمدا نووسراوە کە پۆستەرو نامەم لەگەڵ دۆستان ئاڵوگۆڕ دەکرد بۆ سەردانی مامۆستا هاتمە بەغدا لە کۆتایی ١٩٧٨ لە تاج محل یەکترمان بینی**



**شەوکەت ویسی، حامد حسن دوگردکان، عومەر شێخەللاّ، سوداد هەولێری، تاریق حاجی سەعید مەلا خورشید، حەسەن محەمەد خدرجە، حەسەن عەدۆ قورشاغلو، حامد مەجید تەبەق رەش.. راوەستاوەکان : دکتۆر عەبدوڵلا حەداد/ ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٦٤، بەستۆرە (گە نجی کرمانج و هەولێری مارکسیەت کۆیانی کردۆتەوە )**



**چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلیکۆ حاجی ئۆمەرانی، بەرپرسی یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی گولاّن کە لەئایاری ١٩٩٣ ئەنجامدراوە لە رۆژنامەی برایەتی بلاّو کراوەتەوە**



عەدۆ رەسول عەلی کوتاڵفرۆشی
باوکم لە مانگی ١/١٩٧٣ کۆچی
دوایی کردووە



ئاسۆ کەریم، زادوق ئادەم ، سەرۆ قادر، فەرهاد عەونی، زاهیر رۆژبەیانی،
ئەسعەد عەدۆ/ دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی برایەتی ساڵی ١٩٩٤ ، بارەگای رۆژنامە



لەیلا زانا ، سلیم صادق، نیزامەدین، زبیر ئایدار، ئەحمەد تورك، ئەسعەد عەدۆ
ئوتێل خضر ، پیرمام ١٩٩٢/٥/١٨ ، وەك چاودێرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان



لەگەڵ فاروق مەعروف بەقال، برای رەمزی مەعروف بەرپرسی ئۆردۆگای رەبەت
لە ئێران ، نزیك سەردەشت حوزەیرانی ١٩٧٥



ئەسعەد عەدۆ/ بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندنی پارتی لە هەولێر، هاشم ڕێکانی پەیامنێر لە نووسینگە، عومەر سەید زادە نووسەر لە نووسینگە ١/ئادار/١٩٩٢ ساڵگەردی بارزانی



محەمەد ئەمین پێنجوینی، مومتاز حەیدەری ، حەمەدەمین حەلاق، ئەبو شاهین، سابیر ئەسعەد، خزمێکی لەتیف خەیات، عەلی قادر، محەمەد تەیمور، ئەسعەد عەدۆ (١٧)مین ساڵگەردی حەسەن عەدۆ لە ١٣/نیسان/١٩٨٩، گۆڕستانی شێخ مەعروف لە هەولێر



ئەسعەد عەدۆ لە ئۆردوگای رەبەت، سەردەشت / ئایاری ١٩٧٥



شەهید ئەحمەد فەتحوللاّ ئەحمەد، ئەسعەد عەدۆ مانگی ١٩٧٥/١١ ،
ناسریە، ناحیەی گەرمە بەنی سەعید



( ٥١ )مین ساڵگەردی رادیۆی دەنگی کوردستان، بەندە وەك بەڕێوەبەری گشتی دەگەڵ
( ٤٦ ) کارمەند لە خوانی ساڵگەرد لە چێشتخانەی ئەبو شەهاب لە ٢٠١٤/٩/٢٨



ئیبراهیم ئاکسۆی/ کۆنە ئەندام پەرلەمانی تورکیا لە نێوان ١٩٨٧- ١٩٩١ ، ئەسعەد عەدۆ، پیرمام ١٧/ئایار/١٩٩٢ وەك چاودێری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان



سەلاح بەدرەدین، ئەسعەد عەدۆ، پیرمام ١٧/ئایار/١٩٩٢ وەك چاودێری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان



بەندە لەگەڵ کۆمەڵێك پەناهەندەی ئۆردوگای رەبەت لە ئێران / هاوینی ١٩٧٥





خالد خۆشناو، ئەسعەد عەدۆ، ئەلئەخزەر بن ریش/ بەرپرسی نووسینگەی الجزیرە لەئیسپانیا، جمال الجمال پەیامنێری جزیرە سپۆرت، سلیم گراڤی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئیسپانیا، ئیجرا سەعید بارزانی کاتێ کاك خالد خۆشناو خاوەنی هێمن گروپ ئێمەی بانگهێشت کرد بۆ یاری بەرشلۆنە لە ٢٠٠٨/١٢/١٠ ئەو خوانەی بۆ برادەرانی الجزیرە ڕێکخست



ئەسعەد عەدۆ ، سەباح نەجمەدین مەولود کوڕی خاڵم لەسەفەری (عومرە) ئاداری ٢٠١٠